ده‌زگای رۆشنبیری وبڵاوکردنه‌وه‌ی کوردی
به‌ڕێوه‌به‌ری گشتی
سه‌رنووسه‌ر
اسماعیل رسول

شه‌قامی الجمهوریه
مه‌یدانی الخلانی
ت ٥/٨٨٧٥٧٩٥ خه‌ت
ساڵی ١٩٧٠ دامه‌زراوه

هاوکاری

ڕۆژنامه‌یه‌کی هه‌فتانه‌یه
٨ لاپه‌ره
٢٥ فلسه

ئێمه له‌عیراق ، کاتێك شانازی به‌خه‌باتو ده‌ستکه‌وته‌کانمانه‌وه ده‌که‌ین ، که له‌سه‌ر ڕێگای ڕزگارکردنی فه‌له‌ستین بن .
سه‌ڕۆکی فه‌رمانده
صدام حسین

● دووشه‌مه‌ ٢٤ی کانونی یه‌که‌م ١٩٧٩ ژماره ٥٠٥ ● التضامن ● الاثنین ٢٤ کانون الاول ١٩٧٩ العدد ٥٠٥ ●

سه‌رۆك صدام حسین سه‌رۆکی ته‌نزانیا به‌ڕێ ده‌کا

گه‌لی کوردله کوردستانی ئێران به‌بێ ئۆتۆنۆمی قایل نابێ

سه‌رۆکی فه‌رمانده صدام حسین سه‌رۆکی ته‌نزانیا نایریری به‌ڕێ ده‌کا

له‌سه‌رداخوازی هاوڕێ صدام حسین ئه‌میندداری نهێنی سه‌رکردایه‌تی قوتریی حزبی به‌عسی سۆشیالیستی عه‌ره‌ب سه‌عات چواری پاشنیوه‌ڕۆی ڕۆژی سێشه‌مه‌ی ڕابوردوو به‌ڕێز جولیوس کامباکی نیریری سه‌رۆکی پارتی شۆڕشی سه‌ره‌ك کۆماری تانزانیای یه‌کگرتوو له‌ته‌ك وه‌فدێکی بۆ سه‌ردانێکی سێ ڕۆژی گه‌یشته به‌غدا .

بۆ میوانی ته‌نزانی به‌ڕێز پێشوازیه‌کی گه‌وره کراوه به‌ڕێز سه‌رۆك صدام حسین له سه‌روو پێشوازیکه‌رانه‌وه بووه .

سه‌رۆکی میوان هه‌ر که له فڕۆکه‌که دابه‌زی سه‌رۆك صدام حسین به‌خێر هاتنێکی گه‌رمی لێکردووه‌و خۆشحالی خۆی نیشان‌داوه به سه‌لامه‌تی گه‌یشتنی . دوای ئه‌وه سه‌رۆکی ته‌نزانی ته‌وقه‌ی له‌گه‌ڵ پێشوازیکه‌رانیدا کردووه . دوای ئه‌وه هه‌ردوو سه‌رۆك چونه‌ته سه‌ر ته‌ختی سلاو هه‌ردوو مۆسیقای نیشتمانی هه‌ردوو وڵات لێدراوه .

پاش ئه‌وه له مه‌وکبێکی ڕه‌سمیدا هاوڕێ صدام حسین میوانه‌که‌ی ، سه‌رۆك جولیوس کامباکی نیریری بۆ ماوه‌ی ڕۆژێك له کۆشکی به‌غدا بردووه بۆ ئه‌وه‌ی له‌گه‌ڵ میوانداریی حکومه‌تو گه‌ڵی عیراقدا بێت .

دوای سه‌ردانێکی سێ ڕۆژی پاشنیوه‌ڕۆی ڕۆژی پێنج شه‌مه‌ی دابوردوو به‌ڕێز جولیوس کامباکی نیریری سه‌رۆکی پارتی شۆڕش سه‌ره‌ك کۆماری تانزانیای یه‌کگرتوو عیراقی به‌جێهێشتووه‌و به‌ره‌و تانزانیا که‌وته‌ڕێ .

سه‌رۆکی تانزانیا به‌شێوه‌یه‌کی ڕه‌سمی به‌ڕێکراوه‌و هاوڕێ صدام حسین له به‌ڕێکه‌ردنه‌وه‌یدا به‌شداربووه .

دوای پشودانێکی که‌م له هۆڵی شه‌ره‌ف له فڕۆکه‌خانه‌ی ده‌ولی میوانی ته‌نزانی دوعاخوازی له میوانه‌کانی کردووه که ئه‌وانیش بڕێتی بوون له به‌ڕێزان نعیم حدادو طارق عزیز جێگرانی سه‌ره‌ك وه‌زیرانو به‌ڕێزان ئه‌ندامانی ئه‌نجومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شۆڕشو وه‌زیره‌کانو کاربه‌ده‌ستانی گه‌وره له مه‌ده‌نیو سه‌ربازیکانو بالوێزه‌کانی بانوێزخانه ئه‌فه‌ریقایه‌کان له‌به‌غدا . دوای ئه‌وه هاوڕێ صدام حسینو میوانه‌که‌ی سه‌رۆك نیریری چونه‌ته سه‌ر ته‌ختی سلاوو تیپی مۆسیقای پاسه‌وانی کۆماری سلاوی نیشتمانی تانزانیو عیراقیان لێداو ، له کاتێکدا تۆپه‌کان ٢١ گوله تۆپیان ئاگر ده‌دا بۆ سلاو له سه‌رۆکی تانزانیا ، دوای ئه‌وه پاسه‌وانی شه‌ره‌فیان پشکنیو له به‌رده‌م په‌یژه‌ی فڕۆکه‌که‌دا سه‌رۆك جولیوس نیریری ته‌وقه‌ی کردوه له‌گه‌ل به‌ڕێز طه محیی‌الدین معروف جێگری سه‌ره‌ك کۆمارو عه‌قید روکن طارق حمد العبدالله ئه‌میندداری کمیتی نهێنی ئه‌نجومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شۆڕش به‌وه کاته سه‌رۆکی دیوانی سه‌رۆکایه‌تی کۆمارو دکتۆر سعدون حمادی وه‌زیری ده‌ره‌وه‌و به‌ڕێز عبدالوهاب محمود وه‌زیری ئاودێری سه‌رۆکی نیراوی شه‌ره‌ف که له‌گه‌ل سه‌رۆکی میوانه‌دا بووه‌و بالوێزی عیراق له دار

بڕوانه ل : ٧

ده‌ست پێکردنی گفتوگۆی نێوان حزبی به‌عسی وشیوعی لبنان

سه‌رله‌به‌یانی ڕۆژی شه‌مه‌ی ڕابوردوو له باره‌گای سه‌رکردایه‌تی نه‌ته‌وه‌یی گفتوگۆی حزبایه‌تی له نێوان حزبی به‌عسی سۆشیالیستی عه‌ره‌بو وحزبی شیوعی لبنان‌دا ده‌ستی پێکردووه .

لایه‌نی حزبی به‌عسی سۆشیالیستی عه‌ره‌ب هاوڕێ نعیم حداد ئه‌ندامی سه‌رکردایه‌تی نه‌ته‌وه‌یی حزبو به‌ڕێوه‌به‌ری به‌رپرسیاری مه‌کته‌بی فه‌له‌ستینیو تێکۆشانی چه‌کدار له‌سه‌رکردایه‌تی نه‌ته‌وه‌یی سه‌رکردایه‌تی کردووه وه‌لایه‌نی حزبی شیوعی لبنان به‌ڕێز جورج حاوی ئه‌میندداری گشتی‌ی حزبه‌که سه‌رۆکایه‌تی کردووه .

له کۆبوونه‌وه‌ی ڕۆژی شه‌مه‌دا باسی دۆخی ئێستای ناوچه‌ی عه‌ره‌بی کراوه به‌گشتی‌یو له مه‌یدانی فه‌له‌ستینیو لبنانیدا به شێوه‌یه‌کی تایبه‌تی ، له‌گه‌ل ئه‌و هۆیانه‌ی ده‌بنه مایه‌ی به هێزکردنی تێکۆشانی گه‌لی فه‌له‌ستینی دژی زایونی له پێناوی‌وه ده‌ست هێنانه‌وه‌ی مافه ره‌واکانی خۆی‌و پشتگیری‌کردنی تێکۆشانی گه‌لی لبنان دژی نه‌خشه‌کانی ئه‌مپریالیزمو کۆنه‌په‌رستان .

هه‌روه‌ك له‌وکۆبوونه‌وه‌یدا که سێ سه‌عاتی خایاندووه باسی په‌یوه‌ندی دووقۆڵی نێوان حزبی به‌عسی سۆشیالیستی عه‌ره‌بو حزبی شیوعی لبنانی کراوه له‌گه‌ل باسی ڕێگای به‌هێزکردنی به‌ره‌وروو ڕاوه‌ستانی عه‌ره‌ب به‌رامبه‌ر ڕێکه‌وتنه‌خیانه‌ت کارێکانی کامب دیفد .

ئه‌وه‌ی شایانی باسه ڕۆژی هه‌ینی ڕابوردوو وه‌فدی حزبی شیوعی لبنان گه‌یشته به‌غدا ئه‌ویش له‌سه‌ر داخوازیی سه‌رکردایه‌تی نه‌ته‌وه‌یی حزب.

کاسترۆ سه‌ر له هندستان ده‌دات

واچاوه‌ڕوان ده‌کرێت که سه‌رۆکی کوبا (فیدل کاسترۆ) له کۆتایی مانگی داهاتوودا سه‌ردانێکی چه‌ند ڕۆژیی هندستان بکات .

ئه‌مه سه‌چاوه‌یه‌کی ئاگادار ڕایگه‌یاندووه‌و وتوویه‌تی .. که سه‌رۆك کاسترو له کۆنگره‌ی جیهانی ڕێکخراوی په‌ره‌پێدانی پیشه‌سازیی سه‌ر به‌نه‌ته‌وه یه‌کگرتۆکاندا به‌شداری ده‌کات به‌وپێیه‌ی سه‌رۆکی کۆمه‌ڵه‌ی ده‌وڵه‌تانی بێ لایه‌نه .

بڵندبوونه‌وه‌ی کلپه‌ی ناره‌زایی له سوداندا

بیروت – ١٩ – ئا. د. ع

ئه‌و هه‌واڵانه‌ی له خرتومی پایته‌ختی سودانه‌وه گه‌یشتوون ئه‌وه ده‌گه‌یه‌نن ئه‌ندازیارانی ڕووپێوی ڕۆژی پێنج شه‌مه‌ی ڕێکه‌وتی ٢٠ی مانگیان بۆ ڕۆژی مانگرتن له کارداناوه .

داوای زیادبوونی موچه‌و چاك‌کردنی دۆخی کارکردنیان ده‌که‌ن له ئه‌نجامی ئه‌و دوخه ئابووریه په‌ڕپووته‌وه که له سوداندا هه‌یه ئه‌ویش به‌هۆی نه‌خشه‌کێشانی نادروستی ڕژێمی سودانه‌وه وه‌له‌ایه‌کی تره‌وه په‌رده له ڕووی ئه‌و یاداشته هه‌ڵماڵراوه که پارێزه‌رانی سودان له مانگی تشرینی یه‌که‌مدا دابوویان به حکومه‌ت یاداشته‌که بڕێتی‌یه له په‌رده هه‌ماڵین له ڕووی ئه‌و کرداره دێکتاتۆریانه‌ی پارێزگاری خرتوم کردوونی له مه‌سه‌له‌ی گیراوه سیاسیکانی دوای ئه‌و خۆنیشاندانانه‌ی مانگی ئابی ڕابوردوو شاری خه‌رتوومی کرتبۆوه .

لبنان

الرافعی: چاره سه‌رکردنی مه‌سه‌له‌ی لبنانی له سه‌ر بنچینه‌ی ده‌سه‌ڵات وعه‌ره‌بایه‌تی

هاوڕی دکتۆر عبدالمجید الرافعی ئه‌میندداری نهێنی سه‌رکردایه‌تی قوتری حزبی به‌عسی سۆشیالیستی عه‌ره‌ب له لبنان داوای ئه‌وه‌ی کردووه که پێویسته هه‌ر چاره‌سه‌رێك بۆ گیروگرفتی لبنان بکرێت له‌سه‌ر بنچینه‌ی باوه‌ڕهێنان به‌سه‌ربه‌خۆیی لبنان‌و یه‌کێتی‌و عه‌ره‌بایه‌تی لبنان بێت .

ئه‌مه‌ش له‌و ڕاگه‌یاندنه‌ی هاوڕی الرافعیدا بووه که ئاژانسی ده‌نگوباسی ڕۆژنامه‌گه‌ری ڕۆژی شه‌مه‌ی ڕابوردوو بڵاوی کرده‌وه ، هاوڕی ئه‌میندداری نهێنی قوتری له لبنان ئه‌وه‌ی ڕوون کرده‌وه (به‌ته‌نگه‌وه هاتنی فه‌له‌ستینی به‌رامبه‌ر هه‌موو ئه‌و شتانه‌ی که له‌وانه‌یه ببنه مایه‌ی کۆتایی هێنانی چه‌له‌مه‌ی لبنان ئه‌وه دووپات کرده‌وه‌ی په‌یوه‌ندی لبنانیه به فه‌له‌ستینه‌وه هه‌روه‌ك کۆتاهێنانی چه‌له‌مه‌که زه‌بڕێکه له نه‌خشه‌کانی زایونستی داگیرکه‌ری ده‌درێت‌وه هه‌نگاوێکه له چاکه‌ی مه‌سه‌له‌ی نه‌ته‌وایه‌تی عه‌ره‌ب که فه‌له‌ستینه .

هه‌روه‌ها ئه‌وه‌ی ده‌ست‌نیشان کردووه که په‌یره‌وی کردنی بڕیاره‌کانی کۆنگره‌ی به‌رزی تونس له‌لایه‌ن عه‌ره‌به‌وه ئه‌وه زامنی‌یه‌کی سه‌ره‌کی‌یه بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌م بڕیارانه بکرێت به واقیعێکی ڕاسته‌قینه که ده‌نگی خۆی له‌سه‌ر هه‌ڵوێستی خه‌وارووو وه‌سه‌رجه‌می چه‌له‌مه‌ی لبنان ده‌داته‌وه .

هاوڕی دکتۆر عبدالمجید الرافعی له وته‌کانیدا هه‌روه‌ها توویه‌تی .. (ئه‌م به‌دوادا چوونه بایه‌خێکی تایبه‌تی هه‌یه بۆ به‌رنگار بوونه‌وه‌ی ئه‌و به‌رنگار بوونه‌وه‌ی که ده‌کرێت‌و هه‌وڵ ده‌دات بۆ نه‌هێشتنی ده‌وری عه‌ره‌بی له به‌رنگاربوونه‌وه‌ی چه‌له‌مه‌ی لبنان‌دا بۆ خستنه‌ڕووی بڕۆژه گومان لێکراوه‌کانی لبنان .

مانگرتن له زانکۆکانی زایونیدا

ڕۆژی چوارشه‌مه‌ی ڕابوردوو هه‌موو ده‌زگاکانی زانکۆی زایونی داخراون به‌هۆی ئه‌و مانه‌وه که مامۆستایانی ئه‌و زانکۆیانه گرتوویانه .

مانگرتۆکان داوای زیادکردنی موچه‌کانیان وچاك کردنی گوزرانیان ده‌که‌ن .

گفتوگۆی نێوان ئوردن‌و ئه‌له‌مانیای ڕۆژئاوا

له کۆتایی هه‌فته‌ی ڕابوردوودا له عه‌مان پایته‌ختی ئوردن گفتو گۆی ڕه‌سمی نێوان وه‌فدی ئوردن‌و ئه‌له‌مانیای ڕۆژئاوا ده‌ستی پێکردووه ده‌رباره‌ی هاوکاریی مه‌یدانی ڕۆشنبیریی‌و په‌روه‌رده .

قسه‌که‌رێکی ئوردنی وتوویه‌تی .. که گۆڕایه هه‌ردو وه‌فده‌که (ئوردنی – ئه‌له‌مانی) له‌م باره‌یه‌وه ڕێکه‌وتنێکیان مۆرکردووه بۆ هاوکاری له‌و مه‌یدانه‌دا .

فه‌ره‌نسا یارمه‌تی خۆی له سیشیل بڕیوه

حکومه‌تی دورگه‌کانی سیشیل ئه‌وه‌ی ڕاگه‌یاندووه که حکومه‌تی فه‌ره‌نسا بڕیاری داوه که یارمه‌تی لێبڕێت‌و هه‌ندێك له‌و فه‌ره‌نسایانه‌ی له‌وێن بیان‌گێڕێته‌وه بۆ فه‌ره‌نسا . حکومه‌ته‌که هۆی ئه‌وه‌ی ده‌رنه‌خستوه که فه‌ره‌نسا بۆ ئه‌م کاره‌ی له‌گه‌ڵدا کردووه .

نموونه‌یه‌کی تری خۆڕاگه‌رتن دژی کاسایاندن

هاووڵاتیانی عه‌ره‌ب له به‌ری ڕۆژئاواو هه‌رێمی غه‌زه‌دا پێشنیاره‌کانی پتروس غالی‌ی وه‌زیری ده‌وڵه‌تی کاروباری ده‌ره‌وه‌ی ڕژێمی ساداتیان ڕه‌فز کردووه ده‌رباره‌ی کردنه‌وه‌ی چه‌ندمه کاتێکی میسر له‌و دوو جێگایه‌دا .

محمد ملحم دمراستی شاری حلحول له به‌ری ڕۆژئاوا ئه‌وی دووپات کرده‌وه که‌وا هاووڵاتیانی عه‌ره‌ب له خاکی زه‌وت کراودا‌ڕێگای کردنه‌وه‌ی ئه‌و جۆره مه‌کته‌بانه نادەن‌و په‌یوه‌ندی‌به هیچ کار به‌ده‌ستێکی ڕژێمی ساداته‌وه ناکه‌ن .

ئه‌لیاس فریح ده‌مراستی شاری « بیت لحم » ئه‌وه‌ی ده‌ست‌نیشان کردووه که‌ڕژێمی سادات له ڕێگای ئه‌و مه‌کته‌بانه‌وه ده‌یه‌وێت به‌رپرسیارانی فه‌له‌ستینی به‌ده‌ڕێته‌وه بۆ ئه‌وه‌ی هاوبه‌شیان کات له گفتوگۆی پیلانی حوکمی ناوخودا به‌ڵام گومان له‌وه‌دانی‌یه که سه‌رناکه‌وێت ، ئه‌وه بووه‌ڕۆژی سێشه‌مه‌ی ڕابوردوو پتروس غالی له کاتی گفتوگۆکردنی له‌گه‌ڵ وه‌فدی زایونیکاندا پێشنیاری ئه‌وه‌ی کردبوو که مه‌کته‌بی ڕژێمی سادات له‌و دووهه‌رێمه‌دابکرێته‌وه سه‌ره‌ڕای کردنه‌وه‌ی باڵوێزخانه‌ی له‌ته‌ل ئه‌بیب .

ئێران

گه‌لی کورد له کوردستانی ئێران بڕۆگرامی حکومه‌تی ڕه‌فزکرده‌وه به ئۆتۆنۆمی نه‌بێ ڕازی نابێ

- **ڕاگه‌یاندنی جیهان بایه‌خی به‌وه هه‌رشه‌یه‌ی عیراق داوه که له ئیرانی کردبوو .**
- **ده‌سه‌ڵاتی ئیران مامۆستا عیراقی‌یه دیله‌کانی به‌رداوه .**

ئه‌و وه‌فده کورده‌ی گفتوگۆ له پڕۆگرامی حکومه‌تی ئیران ده‌کات ده‌رباره‌ی دوارۆژی کوردستان ، ئه‌وه‌ی دووپات کرده‌وه که هاووڵاتیانی کورد له ئیراندا به ئۆتۆنومی که‌متر قایل نابن ئه‌و وه‌فده له به‌یاننامه‌یه‌کدا که ڕۆژی ڕابوردوو بڵاوی کرده‌وه وبوویه‌تی .. ئه‌و پێشنیارانه‌ی حکومه‌ت کردوونی زۆر له داخوازیکانی کورد که‌م ده‌که‌نه‌وه تا ئه‌و ڕاده‌یه‌ی له هه‌ندی کاروباری به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی تێپه‌ڕ ناکات وه‌به چاوێکی ڕاسته‌قینه‌و بایه‌خه‌وه ته‌ماشای ئه‌و دۆخه‌ی نه‌کردووه که ناوچه‌ی کوردستان تێایدا ژیاوه‌و ئه‌و ئازارو ته‌نگو چه‌له‌مه‌یه‌ی هاووڵاتیانی ناوچه‌که دیوپانه .

وه‌فده‌که هیرشی بردۆته سه‌ر ئه‌و قسانه‌ی ئه‌ندامانی وه‌فدی حکومه‌تی ئیران کردوونی که گۆڕایه پچڕانی گفتوگۆکه ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ ناکۆکی نێوان وه‌فدی کورد ، ونه‌وه‌ش دووپات کراوه‌ته‌وه که ڕاگرتنی گفتوگۆکه له‌سه‌ر داواکاری فڕۆهر بووه که ئه‌ندامی حکومه‌ته‌و داواکارێکه‌ی له‌سه‌ر شریت تۆمارکراوه‌و وه‌فدی کوردستانی ئیران ئه‌و قسانه به‌ته‌واوی به‌درۆ ده‌خاته‌وه‌و وای داده‌نێت که کۆسپێن ده‌خرێته سه‌ر ڕێگای گفتوگۆکردنه‌که‌و ئه‌و وه‌فده‌ی حکومه‌ت که ده‌ڵێن به‌نیازێکی چاکه‌وه هاتوون نیازیان چاك نی‌یه .. شێخ عزالدین حسین سه‌رۆکی وه‌فدی کورده‌کان وتوویه‌تی .. جیاوازیه‌کی گه‌وره هه‌یه له نێوان چاك‌کردنی ئیداری‌و ئۆتۆنومیدا که کورده‌کان به‌په‌روشه‌وه داوای ده‌که‌ن .

وه‌ده‌رباره‌ی شه‌ڕ له کوردستانی ئیراندا ڕۆژی چوار شه‌مه‌ی ڕابوردوو له مه‌هاباد دوو که‌س کوژراون به‌کێکیان ئه‌فسه‌ر ئه‌ویش به‌هۆی ئه‌وه‌وه که له جێگای بشکنین که ده‌نگی وه‌ستانیان لێ‌کراوه قایل نه‌بوون ڕاوه‌ستێن .

وه‌له‌ایه‌کی تره‌وه لیوای ٢٨ی ئیران که له کوردستانی

بڕوانه ل : ٧

خوێن ڕێژی عه‌ره‌بستان خۆی ده‌پاڵێوێت بۆ سه‌رۆکایه‌تی کۆماری ئیسلامی

ئه‌دمیرال (احمد مدنی) فه‌رمانده‌ی هێزی ده‌ریایی ئیران‌و فه‌رمانده‌ی هه‌رێمی عه‌ره‌بستان ئه‌وه‌ی ڕاگه‌یاندووه که خۆی ده‌پاڵێوێت بۆ سه‌رۆکایه‌تی کۆماری ئیران . به‌م شێوه‌یه‌ده‌ده‌نی یه‌کم که‌سه که خۆی بۆ ئه‌و جێگایه ده‌پاڵێوێت ، ئه‌وه‌ی شایانی باسه خۆ بالاوتن له ڕۆژی پێنج‌شه‌مه‌ی‌ڕابوردۆوه ده‌ستی‌پێ‌کردووه‌و ماوه‌ی ده ڕۆژ ده‌خایه‌نێت .

Institut Kurde de Paris

چەند بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

هەفتەی ڕابوردوو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئەم بڕیارانەی خوارەوەی دەرکرد :

ژمارەی بڕیار ١٧٥٤ .
ڕۆژی بڕیار ١٨-١٢-١٩٧٩ .

بڕیار

بەپێی ناوەڕۆکی بڕگە (أ) لە بەندی چل‌ودووی دەستوری وەختەکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبونەوەی ڕۆژی ١٨-١٢-١٩٧٩ بڕیاری‌دا :

١ - سەرۆکی ئەنجومەنی بەرزی هەڵمەتی سەرتاپاگیری نیشتیمانی نەهێشتنی نەخوێندەواری دەسەڵاتی دەدرێتێ کە مخصصاتی مانگانە بەرادەی ١٠٠٪ ی موچەی ئیسمی بدات بە مامۆستا وفەرمانبەران لە ڕابەران بەو مەرجەی کە لە ٦٠ دینار کەمتر نەبێ‌و لە ناوەڕۆکی یاسای مخصصاتی فەرمانبەرانی دەوڵەت بەدەر بێ .

٢ - ئەم بڕیارە لە ڕۆژی بڵاوبونەوەیەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا کاری پێدەکرێ .

صدام حسین
سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

ژمارەی بڕیار ١٧٥٥ .
ڕۆژی بڕیار ١٨-١٢-١٩٧٩

بەپێی ناوەڕۆکی بڕگە (أ) لە بەندی چل‌ودوو لە دەستوری وەختی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبونەوەی ڕۆژی ١٨-١٢-١٩٧٩ ئەم بڕیارەی‌دا :

١ - ئەمانەی خوارەوە بە ئیجباری دەبێ لە قوتابخانە میللی‌یەکاندا دەوام بکەن :

أ - دەرچوانی قۆناخی (تکمیل) لە مەڵبەندەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان ١٥-٣٥ ساڵدایە .

ب - دەرچوانی قۆناخی (تکمیل) لە مەڵبەندەکانی نەهێشتنی‌نە خوێندەواری یاخود ئەوانەی وەك ئەوانی لە ئەندامانی هێزی چەکدار (سوپاو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ) ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان ١٥ - ٤٥ ساڵدایە .

ج - دەرچوانی قۆناخی (تکمیل) یاخود ئەوانەی وەك ئەوانی لە کارگەرانی کەرتی بەرهەمی هێنانی سوشیالیستی کە تەمەنیان لە ١٥ - ٤٥ ساڵە .

٢ - لە حاڵەتێکدا کە قوتابخانەی میللی ژن‌و مێردبگرێتەوە ئەوا یەکێکیان دوا دەخرێ کە ئەگەر ئارەزوی ئەمە بکات‌و لە دوابیدا هەردەبی بچێتەوە بۆ ئەوەی بارێکی تر نەبێتەوە بە نەخوێندەوارو بەرنامەی ئەوانەی پی بوترێ کە لە تەمەنی ٢٦ - ٤٥ ساڵیدان .

٣ - ئەوانەی لە خوێندنی سەرەتایەوە هاتون‌و قوتابخانەمیللی‌یەکان دەبانگر - نەوە ولە تەمەنی ١٥ - ٣٥ ساڵدان دوا دەخرێن‌و بەپێی ناوبراوو هەشت ساڵ بەسەر ئارەزوی خۆیان و بەپێ ئەو توانایانەی لە ئاراداان دەرفەتیان بۆ دابین دەکرێ تەنیا ئەو حاڵەتە تاکە کەسی‌یانە نەبێ بەتایبەتی هی ناوچە لادێیی‌یەکان‌و دەبێ لەقوتابخانە میللی‌یەکاندا بخوێنن .

٤ - ئەو شوفیرانەی لەسەر ڕێگاکانی دەرەوەی شار کاردەکەن‌و ئەوانەن وەك ئەوانی لە دەوامی قوتابخانە میللی‌یەکان بەدەر دەبن بەو مەرجەی کە بەرنامەی تایبەتی‌یان پێ بوترێ .

٥ - ئەنجومەنی بەرزی هەڵمەتی سەرتاپاگیری نیشتیمانی نەهێشتنی نەخوێندەواری بەپێ‌ی بەرنامەی تایبەتی دادەنێ بۆ پێخوێندنی ئەوانەی تەمەنیان ٢٦ - ٤٥ ساڵەو ئەمەش بەپێی چەند ڕاسپاردەیەك دەبێ کە ئەنجومەنی بەرز یاخود دەزگای ڕاپەڕاندنی هەڵمەتەکە دایدەنێ بەو پێ‌یەی ڕێگای لەبەر چونەوەی خوێندن‌و نوسینیان لێ‌بگیرێ .

٦ - هەر دەڤەرێك بە پێچەوانەی ئەمەوە بێت پەکی دەخرێ .

٧ - وەزیرە خاوەن پەیوەندی‌یەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن .

صدام حسین
سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

ژمارەی بڕیار ١٧٦٠ .
ڕۆژی بڕیار ١٨-٢-١٩٧٩

بڕیار

بەپێی ناوەڕۆکی بڕگە (أ) لەبەندی چل‌ودووی دەستوری وەختەکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لەکۆبونەوەی ڕۆژی ١٨-١٢-١٩٧٩ ئەم بڕیارەی‌دا :

١ - قازی‌و جێگرانی داواکاری گشتی ئەوانەی کە موچەی ئیسمیان مانگی (٧٢) یاخود (٧٠) دینار وبتر بووە لەکاتی جێبەجێ‌کردنی بڕیاری ژمارە (١٠٤٠) ی ڕۆژی ٩-٨-١٩٧٩ ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ، چوار ساڵ قیدەمیان بۆ عەلاوەو تەرفیع دەدرێتێ .

٢ - قازی‌و جێگرانی داواکای گشتی ئەوانەی موچەی مانگانەیان لە (٧٠) دینار کەمتر بووە لەکاتی جێبەجێ‌کردنی بڕیاری دەرچونیاندا تێپەڕیوە (بەو مانەیەوە کە لە پەیمانگای دادوەریدا خوێندویانە) بۆ عەلاوەو تەرفیع قیدەمی لە ٨ ساڵ پتریان دەدەرێتێ .

٣ - ئەم قیدەمە کە بەپێی ئەم بڕیارە دراویانەتی کار ناکاتە سەر پلەی قازی‌یەو جێگری داداکاری گشتی (کە سوودیان) لەم بڕیارە وەرگرتووە .

٤ - ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاودەکرێتەوەو وەزیری دادبەڕوەریی جێبەجێی دەکات .

صدام حسین
سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

ژمارەی بڕیار ١٧٦٥ .
ڕۆژی بڕیار ١٨ - ١٢ - ١٩٧٩ .

بەپێی ناوەڕۆکی بڕگە (أ) لەبەندی چل‌و دووی دەستوری وەختەکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبونەوەی ڕۆژی ١٨-١٢-١٩٧٩ بڕیاری دەرکردنی‌ئەم یاسایەی خوارەوەی‌دا :

ژمارە (١٦٥)ی ساڵی ١٩٧٩ .

یاسا

دووەم دەستکاری کردنی یاسای هەڵمەتی .
سەرتاپاگیری نیشتیمانی نەهێشتنی .
نەخوێندەواری ژمارە (٩٢) ساڵی ١٩٧٨ .

بەندی (أ) ئەم ڕستەیە لادەبرێ « بە وەزیری بەروەردەوە بەند دەبێ » کە لە بڕگە (یەکەم)ی بەندی (٢) ی یاساکەدا هاتووەو ئەم ڕستەیەی خوارەوە لە جێگای دادەنرێ (بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەند دەبێ .

بەندی (٢) جێگری وەزارەتی حوکمی محەلی لەجێگای جێگری کاروباری نەهێشتنی نەخوێندەواری وەزارەتی پەروەردە دادەنرێ و ڕستەی (ڕوشنبیری‌و ڕاگەیاندن) لە جێگای ڕستەی ڕاگەیاندن‌و ڕۆشنبیری‌و هونەر)و ڕستەی (بەرێوەبەری گشتی دەستەی گشتی ڕوشنبیرکردن‌و ئاراستەکردنی جوتیاران) لە جێگای ڕستەی (سەرۆکی دامەزراوی ڕۆشنبیر کردن‌و ئاراستەکردنی جوتیاران) دادەنرێ کە لە بڕگە سێی بەندی (٢)ی ئەم یاسایەدا هاتوون .

بەندی (٢) بڕگەی (یەکەم) لەبەندی (٦) لادەبرێ‌و ئەمەی خوارەوەی لە جێگا دادەنرێ :

یەکەم : سەرۆکی دەزگا ڕاپەڕاندنی هەڵمەتی سەرتاپاگیری نیشتیمانی نەهێشتنی نەخوێندەواری بەرێوەبەری گشتی دەبێ وئەو دەسەڵات‌و بسێوڕێتی‌یەی دەبێ کە بەپێی ڕاسپاردە تایبەتی‌یەکان لەبڕیارەکانی ئەنجومەنی بەرزدا هەبوون‌و لە ئەنجومەنی پەروەردەدا ئەندام دەبێ .

بەندی (٤) بڕگەی (دووەم) لەبەندی (٦) لادەبرێ ئەمەی لە جێگا دادەنرێ :

« دەزگای ڕاپەڕاندن لە بەرێوەبەرایەتی گشتی پێك دێت کە کاروباری بەرێوەبردن‌و دارایی‌و هونەری ئەرکی دەبێ) .

بەندی (٥) پێشەکی بەندی حەوتەم لادەبرێ‌و ئەمەی خوارەوەی لە جێگا دادەنرێ :

(سەرۆکی دەزگای ڕاپەڕاندنی هەڵمەتی سەرتاپاگیری نیشتیمانی نەهێشتنی نەخوێندەواری ئەم ئەرکانەی خوارەوەی دەبێ) .

بەندی (٦) ئەم یاسایە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاو دەکرێتەوەو وەزیرە خاوەن پەیوەندی‌یەکان ناوەڕۆکەکە جێبەجێ دەکەن .

صدام حسین
سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

هەفتەی ڕابوردوو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئەم بڕیارەی خوارەوەی دەرکرد :-

ژمارەی بڕیار ١٧٣٦ .
ڕۆژی بڕیار : ١٣-١٢-١٩٧٩ .

بڕیار

بەپێی ناوەڕۆکی بڕگە (أ) لە بەندی چل‌ودووی دەستوری وەختەکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبونەوەی ڕۆژی ١٣-١٢-١٩٧٩ بڕیاری‌دا :

١ - ئەم ڕستەی خوارەوە دەخرێتە سەرکۆتایی بڕگە (٧) لە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە (١٥٣٤)ی ١٣-١١-١٩٧٩ . « وەزارەتی پەروەردە بەپێی زانیاریی تایبەتی بەخشینی ئیجازەی دایکایەتی بۆ مامۆستاش لە معلمە کان ڕێك‌ئەخات‌و تیایدا ئەوە لە لە بەرچاو دەگیرێ کە کارنەکاتە سەرنەخشەی خوێندن‌و جێبەجێ‌کردنی یاسای بەزۆر پێ‌خوێندن » .

٢ - ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاو دەکرێتەوەو وەزیرە خاوەن پەیوەندی‌یەکان ناوەڕۆکەکە جێبەجێ دەکەن .

صدام حسین
سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

بڕیار

بەپێی ناوەڕۆکی بڕگە (أ) لە بەندی چل‌ودووی دەستوری وەختەکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبونەوەی ڕۆژی ١٣-١٢-١٩٧٩ بڕیاری‌دا :

١ - ئەم ڕستەی خوارەوە دەخرێتە سەرکۆتایی بڕگە (٧) لە بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە (١٥٣٤)ی ١٣-١١-١٩٧٩ . « وەزارەتی پەروەردە بەپێی زانیاریی تایبەتی بەخشینی ئیجازەی دایکایەتی بۆ مامۆستاش لە معلمە کان ڕێك‌ئەخات‌و تیایدا ئەوە لە لە بەرچاو دەگیرێ کە کارنەکاتە سەرنەخشەی خوێندن‌و جێبەجێ‌کردنی یاسای بەزۆر پێ‌خوێندن » .

٢ - ئەم بڕیارە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاو دەکرێتەوەو وەزیرە خاوەن پەیوەندی‌یەکان ناوەڕۆکەکە جێبەجێ دەکەن .

صدام حسین
سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

له چوار چێوەی ڕێزلێنانی یادی « گۆران » :

بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری وڕاگەیاندن ٥٠٠ دیناری بە لقی سلێمانی یەکێتی نووسەرانی کورد بەخشی

بۆڕێزلێنان‌و قەدرگرتنی یادی شاعیری بەناوبانگ« گۆران » کە ئەمسال بەبۆنەی لەدایك بوونیە ئاهەنگێکی گەورەی‌بۆ‌ئەنجام ، سەر پێشنیاری بەڕێز مامۆستا اسماعیل ڕسول سەرنووسەری هاوکاری‌و بەڕێوەبەری گشتی دەزگای‌ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی ، بەڕێز وەزیری‌ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندن (٥٠٠) دیناری بەیەکێتی نووسەرانی کورد - لقی سلێمانی‌دا وەك ڕێزلێنان‌و بەشداربوون لە قەدرگرتنی یادی لە دایك‌بوونی‌و هەڵبەستنی گۆرەکەی بە جۆرێك کە لایەق بە بلەو پایەی گۆرانی بێت .

دیاری یەکانی سەرکۆماری بۆ جوتیارەکان

ڕۆژی چوارشەممە‌ی‌ڕابوردوو ٦٣٠ ماڵە جوتیاری هەردوو گوندی هاوچەرخی زمقی‌و عنب لە قەزای هەڵەبجە لە پارێزگای سلێمانی دیاری‌یەکانی سەرۆکی بەڕێز (صدام حسین)یان‌وەرگرت کە بریتی بووە لە تەلەفزیونێك بۆ هەر ماڵە جوتیارێك دیاری‌یەکانی سەرۆکی بەڕێز لە لایەن بەڕێز عطوف حسن قایمقامی قەزای هەڵەبجەوە دابەش کراوەو ئاهەنگێك بەم بۆنەیەوە ڕێکخراوە بەڕێز هاوڕێ‌لێ‌پرسراوو ئەندامانی ڕێکخراوی حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست‌و ئەندامانی لقی یەکێتی ناوخۆیی کۆمەڵەی جوتیاران‌و هاوولاتی‌یانی هەردوو گوندەکە تیایدا ئامادە بوون بەم پێیە تا ئێستا جوتیارانی پارێزگاکە ١٧ هەزارو ٤٠٨ تەلەفزیونیان وەرگرتووە .

ئا: د. ع

ئەوانەی ساڵی ١٩٥٤ لە دایك بوون پێویستە سەرلە نێ جێبەجێ بدەن

بەڕێوەبەرایەتی سەر ڕۆمێری‌و (تعبئە) لە وەزارەتی بەرگری هەفتەی ڕابوردوو ئەم بەیاننامەیەی خوارەوەی بڵاوکردەوە :

بەپێی بەندی - ج - لە بڕگە - ١ - و بڕگە - ٣ - ی مادە پانزەی یاسای‌دەسکاری کراوی خزمەتی سەربازی ژمارە - ٦٥ - ی‌ساڵی ١٩٦٩ بڕیار لەسەر ئەمەی خوارەوە درا :-

١ - بانگردنی هەموو ئەوانەی ساڵی ١٩٥٤ لەدایك‌بوون وەك جێگری ئەفسەرو دەرەجەدارو سەربازی ئیختیاری‌و ئیجباری‌و مفرەوەزو دەرەجەدارو ئەندامانی پۆلیس‌و ڕێگاوبان‌و ئاسایش‌و جینسەو سنورو مخابەراتی گشتی کە لە سوپاو پولیس‌دا نەسریح کراون لە ماوەی حەوت ڕۆژدا لە ڕۆژی ٢٥-١٢-١٩٧٩ تا وەکو ٣١-١٩٧٩ سەبارەت بەوانەی لەناوو لاتدان سەر لە تەجنیدەکانیان بدەن بە مەبەستی خزمەتی ئیحتیات‌و بەپێچەوانەوە ئەوی دوابکەوێ هەنگاوی یاسایی لەدژ ئەهاوێژرێ .

٢ - ئەوانەی ئەم بەیاننامەیە دەیانگرێتەوە ولە دەرەوەی وڵاتن لە ماوەی سی ڕۆژدا لە ٢٥-١٢-١٩٧٩وە سەر لە بالیۆزخانەو کارگیرەکانی کاروباری سوپایی عیراق بدەن بۆ نواندنی هەڵویستی خۆیان بەرامبەر بەمەو بەومەرجەی کە پسولەی ڕەسمیان بدرێتی ئەم سەرلەبالیوزخانە دانانە ساخ بکاتەوە .

٣ - ئەم بەیاننامەیە دەرچوانی خوێندنی بەرزو کۆلیج‌و پەیمانگا بەرزەکانیش دەگرێتەوە .

ئا: د. ع

سایەح دانایە و
عبدالأحمد ئەلعامری
دەمعکرد اکاردەکەن

بەڕێز طاهر توفیق ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش، وەزیری پیشەسازی‌و کانەکان‌داوا ی کرد کە پتر بایەخ بەو مێرمندالانە بدرێ کە لە مەڵبەندەکانی فەرشی دەستکردا کاردەکەن‌و چاودێری بکرێن ..

ئەم قسەیەش لە کاتی ئەو گەشتەدا کردوە کە بە مەڵبەندی فەرش‌و مافوری دەستکردا لە داودی‌کردی ، ئەم مەڵبەندە سەربەدامەزراوی کشتی چنین‌وڕستنی خوری‌یە لە بەغدا .

بەڕێز وەزیری پیشەسازی‌و کانەکان فرمانی داوە کە خەڵات‌و پاداشتی بەرهەمێنەری‌یان پتر بکرێ ئەمە جگە لەو ڕۆژانەیەی کە وەری‌دەگرن‌و خواردنیان بدرێتێ‌و لە مەیدانی تەندروستی‌و کۆمەڵایەتیدا چاودێری ، بکرێن‌و ئوتومبیلێکی تایبەتی بۆ ئەم مەڵبەندە دابنرێ .

هەروەها ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە پێویستە لەگەڵ وەزارەتی ئیش‌وکاروباری کۆمەڵایەتی هەنگاو یەکبخرێ بۆ ئەوەی سەقەت‌و پەك‌کەوتەکان لەم مەڵبەندانەدا دابمەزرێن‌و ئیشیان بەرێتێ .

کۆڕێکی هونەری لە سلێمانی

نەقابەی هونەرمەندان لقی سلێمانی کۆڕێکیان لە هۆڵی‌یانەی وەرزشی کرێکارانی سلێمانی بۆ هونەرمەندی ناسراو محمد عارف سازکرد . ئەم کۆڕە لە لایەن هونەرمەند نوری اسماعیلەوە بەڕێوە دەبراو سەرەتا بایەخێکی گەرمی‌دا بە پیرهاتنی هونەرمەندەوە سەبارەت بە بانگ‌کێشانی نەقابەکەیان ... پاشان لە چەند ووشەیەکی کورت‌دا ژیانی هونەرمەند (محمد عارف)ی لەگەڵ ئیش‌و کارو بەرهەمەکانی بە جەماوەران ناساند .

ئینجا هونەرمەند محمد عارف دەستی کرد بە بنش‌کەش کردنی کۆڕەکەیی‌و وتی بریتی‌یە لە پیشان‌دانی کۆمەڵێك سلایدی ڕەنگاورەنگ کە ناتوانین بڵێین تام‌وچێژی تابلۆکان بە هیچ جۆرێك دەدات چونکە پیشان‌دانی تابلۆکان‌و گۆیزانەوەیان لە بەغداوە بۆسلێمانی لە توانای خۆم دانی‌یە ، بەڵام هەر چۆنێ بێ ئەم سلایدانە وێنەیەك‌و بەر کولێکی ئەو تابلۆیانەن کە ئێمە مەبەستمانن کە هەمویان بریتین لە بەرهەمی «١٥» پانزە ساڵی ڕابوردو کە دەکرێن بە جوار بەشەوە : یەکەم: چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئاکادیمی‌و ریالیزمی دەرەوەی وڵاتن .

دووەم :زنجیرە تابلۆیەکن لە مەیدانی سروشتی بێدەنگ‌دا سێیەم : هەوڵدانی دەربڕینی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك‌و دۆزینەوەی‌خەمەکانیان‌و جۆری سایکۆلۆژیانە .

چوارەم : دەربڕینی چەند ڕوداوێکی مێژوویی‌و سوارچاکی میللەتەکەمانە کە بە گۆڕەی تێگەیشتنی خۆم تۆمارم کردون .

سەبارەت بە ڕەنگەکانیشیان هەوڵی ئەوەم داوە کە ڕەنگی ئەو تۆیان بۆ هەڵبژێرم کە باشترین دەربڕینی ناوەڕۆك‌و وزەمینەی تیادا بێ‌و بەپێوەندی‌یەکی پتەویان لەگەڵ هەموو کاتەکان‌دا هەبێ .

پاشان لە لایەن خێزانی هونەرمەندەوە دەستکرا بەپیشان‌دانی سلایدەکان‌و هونەرمەند خۆیشی ناوەڕۆك‌و مەبەستی تابلۆکانی ئاشنا دەکرد . شایانی باسە زۆربەی هەرە زۆری تابلۆکان لە یەك‌بابەت‌دا بریتی بون لە چەند تابلۆیەکی زنجیرەیی کە بەشەکانی دووەم‌و سێهەمیان دەبون بە بەشێك لە تابلۆی یەکەم .. ئەمەش ئەگەر بەهەڵەدا نەچوبم یەکەم جارە هونەرمەندێك لە سلێمانی‌دا بەرهەمەکانی بەم شێوەیە پیشان‌ئەدات کە

بروانە ل : ٧

فریا عبدالله
پ.هاوکاری لە سلێمانی

کۆڕێکی فراوانی بۆ ئەدەبی منداڵان

بەبۆنەی کۆتایی هاتنی ساڵی منداڵانی جیهانەوە لیژنەی ئاهەنگەکانی جەژنی منداڵانی جیهان‌و بەکێتی نوسەرانی کورد لقی سلێمانی ئەدەبی منداڵان لە هۆڵی یانەی وەرزشی کرێکارانی پارێزگای سلێمانی سازکرد ئەمەش بە وتاری یەکێتی نوسەرانی کورد لە لایەن مامۆستا حمەی حمە ئاقی‌یەوە دەستپێ‌کراو تیایدا ئەوەی ئاشکرا کرد کە ئەدەبی منداڵان تا ئێستا زیاتر سیمای هۆشیاری کردنەوەی بێوەدیارە بەچاو لایەنەکانی تری ژیانەوە ، بۆیە بۆ بەختەوەرکردنی مرۆڤی کورد ئەدیبانمان هەمیشە چرای پیرۆزیان لە گیانی منداڵانی کورددا هەڵکردوە . . .

هەروەها ناوبراو چەند خاڵێکیشی دەستنیشان‌کرد وەك نەبونی گۆڤارێکی تای‌بەتی بۆ منداڵان‌و زیادکردنی گۆشەی منداڵان لە ئێستگەو تەلەفزیۆن‌داو شانۆش پێویستە لەم بوارەدا جێگایەکی خۆی هەبێت .

پاش ئەم وتارە دەستکرا بەپێشکەش‌کردنی پرۆگرامی کۆڕەکە ستەرەتا لەلایەن ع. ع. شەونم دوو هۆنراوە بە نێوی هەورەرەشەو سەربەستی‌یەوە پێشکەش‌کرا .

ئینجا مامۆستا عمر عبدالرحیم هۆنراوەیەکی خۆی بەناونیشانی بەروەردەی گوڵەوە خوێندەوە .

هەروەها کاك ئازاد عبدالواحد لێکۆڵینەوەیەکی لە کۆمەڵە چیرۆکی منداڵانی کاروان‌و ئەستێرە پێشکەش‌کرد تیایدا پەنجەی بۆ چۆنیەتی ئەدەبی منداڵکێشاو ئەرکی نوسەرەکەی دەستنیشان کرد کە دەبێ بیروهۆشی منال پڕبکاتەوەو تافی‌کردنەوە گەورەکاتی بۆ بچوك بکاتەوەو بتوانێ خەڵاتی خۆشەویستی منال بۆ خۆی بەرێتەوە .. هەروەها ئەوەشی سەلماند کە منال وەك ڕەخنەگرێك خۆی خاوەنی بەرهەمەکانیەتی ... ئەمەو بەسەرگردنەوەی تێگەیشتنی لە جیهانی ئەرکێکی سەرەکی‌یە لە ئەدەبی منال‌دا ..

ئینجا ناوبراو دەستی کرد بە خستنە ڕووی باری سەرنجی خۆی لەسەر سیانزە چیرۆکەکەی کاروان‌و ئەستێرەو چەند خاڵێکی تیان‌دا دەربڕی وەك نزیك بونەوەیان لە منال لە ڕێگایەکی هونەری‌یەوەو ئامۆژگاری کردنیان .. ئەمانەش وەك بابەت کاك ئازاد وتی زۆر وتراوەو ستواوە بۆ وێنە مامۆستا عمر عبد الرحیم لە بیش ساڵانی ١٩٥٨دا لە بەرهەمی پاڵەوانی دوارۆژدا بە شیعر پیشانی داوە . . . بەڵام لەم چیرۆکانەدا (اخەیال) تواتیویەتی مەبەستی ناوەڕۆك‌و کاکڵەی خۆی بپێکێت ، هەروەها توانیویەشێتی بە کەم‌ترین وشە بگات لوتکەو کۆتای‌یەکی والای بۆ بهێنێتەوە کە ئەمەش منال بۆ خۆی ڕادەکێشی لە هەموو قۆناغەکانی تەمەنی‌دا . . . دواجار کاك ئازاد لەسەر ئەو ڕۆشتایانەی سەرەوە دەستی‌کرد بەشنی کردنەوەی چیرۆکەکان .

دوابەدوای ئەمەش دوو شیعری‌دایکی سۆلاف بەناونیشانی ئامۆژگاری‌و چرای دواڕۆژەوە لەلایەن خوشکە سۆزە عزیزەوە پێشکەش‌کرا .

ئینجا (٣)ستێ کورتە چیرۆکی منالان لەلایەن بەڕێزان جزاء علی امین ورزگار طاهر صالح سعیدو هەڵاڵە ستەلام مەنمی‌یەوە

بروانە ل : ٧

ئاهەنگێکی گەورە لە سلێمانی بەبۆنەی ساڵی جیهانی‌ی منداڵانەوە

● بە تەلەفون لە پ . هاوکاری‌یەوە :

لە چوارچێوەی ئەو مبهرەجانە گەورەیەدا نزیکەی ١٥٠٠ کەس لە بۆنەی ساڵی منداڵانی جیهانەوە دەستی‌پێ‌کردوە ، لەم دواییەدا ، لە هۆڵی مەڵبەندی ڕۆشنبیری‌و کۆمەڵایەتی زانکوی سلیمانی بەسەر پەرشتی بەڕێز ارشد احمد محمد پارێزگاری سلیمانی ئاهەنگێکی گەورە سازکرا

لەم ئاهەنگەدا هاوڕێ نوێنەری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست لقی سلیمانی‌و سەرۆکانی دام‌ودەزگاکانی پارێزگاکەو کەس‌وکاری منالەکان کە لە ئاهەنگەکەدا بەشدار بوون ئامادەبوون .

لە سەرەتادا بەڕێز محمد امین پێنجوینی سەرۆکی لیژنەی بەرزی ئاهەنگەکانی ساڵی منالانی جیهان وتاریکی خوێندەوە دەستی بۆ ئەو بایەصدانە کێشا کە سەرکردایەتی داوەو ئەوەی دووپات کردەوە کە منداڵ پیاوی دوا ڕۆژەو پێ‌گەیاندنیان لەسەر ڕی‌ڕەوی ڕاست بە ستراوەبە گۆش‌کردنیان‌و فێرکردنیان لەسەر ڕێگای خۆشەویستی‌و مرۆڤایەتی . دوایی منداڵێك کە ناوی دالیاسەرداڕە بە ناوی منداڵانی باخچەکانی منداڵانی سلیمانیەوە بەخێرهاتنی میوانەکانی کردو ئەوسا تیپی منداڵانی پیرەمێرد چوار بەرهەمیان پێشکەش کرد ئاهەنگی شوان، گۆرانی فەرمان سرودی لاوان ، هەڵبەرکێی شوان ، هەروەها باخچەی منداڵانی دلسۆزی گۆرانیەك‌و شانۆگەری هیلاتەیان پێشکەش‌کرد ، دیسان تیپی موسیقای نەورۆزی منداڵان موسیقای نەورۆزو سرودی ئەی دلیران‌و موسیقای سەمایەکی هەندەرانیان پێشکەش‌کرد ، هەروەها تیپی موسیقای توتابخانەی بیخود لەم ئاهەنگەدا بەشداربوون لە پال چەندان چالاکی‌تری باخچەکانی منداڵانی سلیمانیدا

Institut kurde de Paris

گۆرانی

ڕەئووف بێگەرد

گردەکە لەدا مێنی شـــارە بچکۆلانەکەدایە ، چیاکانـــی دەوری لەئامێزیان گرتـــوو ، بەسەرگردەکەوە دووڕیـــزە خانوو دروستکراون ، کۆنەکە بەن کۆنکرێتە ، بـــــەردە سپیەکانی دیواری‌دەرەوەی ، لەبەرتیشکی خۆرو ، تریفـەی مانگەشەودا دەبریسکێنـەوە ، ئاوی نراوە (کۆشـــك). ڕیزەکەی تر کەکەوتۆتـــــە لای‌ڕاستی‌یەوە ، قوڕو خشت، لەدوورەوە ، لەتارماییەکـــی لێلی دوای خۆرئاوابـــوون دەچێت ، ناوی ئەمیـــان (خانووی بۆرە پیاوان) ٥ . ئەگەر بتەوێت بەرەو خـــوار بۆناوشار بێیت ، بەبـــەردەم کۆشکەکەدا تێدەپەڕیـــت . ڕێگایەکیان دوورە ،بەشێوەیەکی بیرە بازنەیی بەلای چەیـــدا وەردەچەرخێتەوە ، بەچەنـــد پێچێکاو ، بەناو هەندێـــك خانووی کەل‌و کۆمدا دەچێتە خوارێ ، کۆنە قیرتاوێکـــی شلەقاوە . بەڵام جەمـــەری ڕێگا نزیکەکەیان لەتەنیشتـــی چەپی کۆشکەکەوە دەســـت‌پێدەکات . لەوشوێنـــــەدا کەتوان تەلبەندەکە فـــراوان کراوە ، خۆت دەچەمێنیتـــەوە لەبۆشاییەکەوە دەچێتـــــە ئەودیو ، تووڵەڕێگایەکـــی چاڵو چۆڵو گەلێك لێـــژە، ئەبێ جێ‌پێت لەچاڵەکانـــدا بکەیتەوە ، هەنگاوی کـــورت بنێیت ، زۆرجار خـــۆت بۆڕاگیرناکرێت ، لێژی‌یەکـــە وەك جوانوو یەکـــی تـــۆڕ هەڵتدەگرێت ، ئەوسایـــان ئەبێت خۆت بەپشتا بخەیـــتەو بۆباو جۆگەلەکە خل‌بێتـــەوە یان خۆت دەدەیتە دەســـت ڕاکردنێکی تیژ ، خـــۆت هەڵدەدەیتە کەناری ئـــەوبەری جۆگەلەکەو ، ئەنگەری لەشت دەگریت . لەوجێگایـــــەدا کەبەرزێنی دڕکەزی یەکـــــە شکاوە ، بێ‌دادەنێیـــــت ئەکەویتە سەرزەوی‌یـــــە تەختەکە ، لەلای‌ڕاســـتەوەو ، لەبەردەم خانوویەکی گلیندا ، چەند ئوتومبیلێکـــــی بەئۆرسواخ دراو دەبینیت ، تۆزی خۆڵەمیشی یـــــان بەسەر دادراوە ،هەموو جارێك لەوێدا هەناسەیەکـــــی ڕەلەناسۆر هەڵدەکێشیـــت ، ئەگەر هاوڕێیەکت لەگەڵدابێت . بەسەر ســـووڕمانـــــەوە سەیری یەکتردەکـــــەن ، لەدوورەوە لاتراسکەیـــــان لێ‌دەبەستن ،تۆڕەکان پوختەو بتەون ، جێگای دەیـــــان ماسی‌گەورەیان تیادەبێتـــەوە ، کەچی هەمیشـــە ئێوە بیرلەوەـ دەکەنەوە کەخۆتان دەبنەماسی وتێ‌یاندەکەون خاوەن تۆڕەکان وەك بووکەشووشەی منـــدال یاریتان پێ‌دەکەن . لەجۆگەلە بچووکەکەی تر پەڕیتـــــەوە ، جەمســـەری شەقامەگشتی‌یەکە دەست پێ‌دەکات ، لەوێـــــدا ڕێبوارەکان تێکەڵ دەبـــن ، تێکڕا بەرەوژوور دەبنـــــەوە ، تۆ دەکەویتە کـــــەنار ، لای چەپت ساختمانێکی گەورەیە، هەمووکەس کەبەوێـــــدا تێدەپەڕیت ، سەرنجی‌دەدات، چەند بلیکانەیەکی کۆنکریتـــی درێژکۆلە ، زەویە تەختەکـــە بەدەرگا گەورەکەیـــــــەوە بەستۆتەوە ، وەك دیستۆفیسکی دەڵێت : «خانووی مردوان»٥ . تاکە گەرماوەکە دەکەویتـــــە دەستی ڕاستەوە ، بەســـــەر بەرژێنەکەی بەردەمیـــــەوە خاوڵی هەڵخراون ، لەتاپـــۆو بوومەلێکی بەیاندا سیخناخـــی جەلکە ، کەچی کەگزنگـــی‌دا ئەبێتە کەلاوە ، تاکەوتـــــەرا دەکات هێمنیت ، هەناســـەت لە خۆ بڕیو ، بیرت تەنیـــــا لای پەنجەکانی ئەو دەستەیە، یەك دوانێکی تری لـــــــە گەڵدایە ، ئەوانیش سەرگەرمی کاری خۆیانن ، لە وەدایـــــە دەست پێ‌بکەن . لە پـــــرا هاواریان لێ هەڵدەستێـــت‌و دەرگاکان پێکدادەدەن ، بـــۆ دەرەوە هەڵدێن . تـــۆشـــ دەترسیت ، بە پەلە دەرگـــا بچووکەکە دەکەیتەوەو ، وەك ئەوان دێیتە دەرێ ، خـــۆت دەخەیتە چاڵەکەوە ، هەمـــوو مست دەبن ، خۆتان بـــــە زەویەکەوە دەنووسێنن . زۆر نابات ورتە ورت دەست پـــێ دەکاتەوە ، وەك ژیان بە بـــەر شارێکی مردوودا کرابێتـــەوە هەڵدەستەوە ، خۆتـــــان دەتەگێنن ، دەگەڕێنـــــەوە ناو ژوورەکان ، دەچیتـــــەوە جێگای پێشووت ، لـــــــە شووشە خڕەکەوە چـــــاو دەبڕیتە هاوڕێکـــــەت ، وەك بەکارەکانی پێشووڕیـــــدا بچێتەوە . بەنجە لە هەندێـــك دوگمە دەداتەوە ، پێـــــت دەڵێت : ئامادە بە تۆ زیاتـــر خۆت ڕاست دەکەیتـــــەوەو، هەناسەت ڕێك دەخەیـــت ، وا ووردوورد دەستی بـــۆ سەرەوەچوو ، هەناسەیەکـــی ماوە ،هەر کەڕووی بەنجەکانی بەرەو خوارەوەنەوە ، تـــۆ دەست پێ‌دەکەیت ، لـــــە ڕیا دەبێتە تارماییـــــەکەو ون دەبێت ، دنیا کەکـــــە دەشڵەقێتـــــەوە ، وەك ڕەود ئەسپێکی تەرە حزمەی پێکانـــت دێنەوە بەر گوێ ، تۆشـــــ دەردەیەڕێتەوە ، لە نـــــاو چاڵەکەدا پێك دەگەنـــــەوە ، هەیە پێدەکەنێت ، هەیشـــــە لە گیانی خۆی بێـــــزارە ، هەندێك لەدەمەوچاوەکان‌بوونەتە گوڵە نێرگزی زەرد ، دەڵـــێ‌ی لەشیان شەپێلە لـــێداوە ، هەیشە وەك‌ڕخۆی ماوەتەوە ، ئەم ڕاکە ڕاکە یشیان لاسەیرە، کەچی کە ئەوان دەســـــت پێ‌دەکەن ، غەریزە ئەمانیشـــ ئەگەیەنێتە لایان . زۆربەیـــان ڕوو لە حەوا دەکەن ، بـــــە بنمەبڵمێك تاسووقی دڵـــی خۆیان دەشکێنن . ئـــێوە دەگەڕێنەوە جێگاکانتان ، بـــۆ ناو ژوورەکان ، بەڵامزوربەیانی هەر لەوێ‌و ، لە کەنـــــار چاڵەکەدا پێ‌ی لێ دریـــــژ دەکەن هەر کە گوێ‌یـــــان بزرنگێتەوە ، وەك ماســـی دەخزێنەوە ناو چاڵەکە ، کات درەنگە ، بۆ بەئەنجـــــام هێنانی کارەکە پەلە دەکـــەن، دەستەکە بەرزدەبێتـــەوەو ، دێتەوە خوارێ ، تـــۆ زۆر درەنگ دەکەویت ، هەنگـــاوی گورج دەنێیت‌و دێتەوە سەر جۆگەلەکە ، شڵپێك ئـــــاو بەدەم‌و چاوتا دەدەیت ، بـــە زریی دەپەڕیەوە . خـــــۆزر تازە ئاوابوو ، هێشتـــــــا قەراخی ئاسمان پشکۆیەکـــی سوور دەنوێنێت ، زەردایی‌یەکی تەنگیش سورە تۆخەکـــــەی کردۆتەوە ، دێمەنەکە لـــــــە کاروانێکی ماندوو دەچێت ، کە پەلەیەتی نزیکترین هـــــەواردا لا بدات ، بە لاپاڵەکـــــەوە تاك‌و تەڕا دەنگی کەودێـــت ، ڕێگا کە بەناو قەدی گردەکـــە دائاڵاو ، . کە دەکەویتـــــــە وە ڕووکاری ئەو دیـــــو ، هەنگاوەکانت خۆش دێنـــــە دەست ، لە دوورەوە «کۆشك» لە پەلە هەورێکی سپـــــی ڕوو لە خۆر دەچێـــــت ، تاریکایی بۆتە سێبـــــەری دارستانی چڕو بەســـــەر شاردا کشاوە ، خـــــوڕەی چومەکە دنیای کپ‌و ساماناکی شار دەشکێنێت ، بـــــەدەم هەنگاوە فراوانە کانتـــــەوە کوێ‌ی لێ‌دەگریت ، بە پەلـــە تێ‌دەپەڕیت ، ڕاستە بازاڕەکە دەبڕیت‌و ، دەگەیتەوە بـــەردەم جۆگەلەو پەرژینە دڕکەزی‌یەکە ، بەبەلای گردەکـــــــەدا هەڵدەرتێیتەوە ، تاریکـــــی جێ‌پێت پێ هەڵە دەکـــات ، دەکەویت ، هەڵدەستیتـــەوە ، بۆ ئەوەی لێژیەکە بـــــەرەو خـــــوار کرمۆڵـــــەت نەکـــات ، دەچەمیتـــــەـ وەو ، دەست لە ڕەوی‌یەکـــە گیر دەکەیت ، دەکەویتە چنگە کڕێ ، بە شەڵاڵێ دەگەیتـــەوە سەر جەمسەری ڕێگاکـــە ، پاڵ تەڵبەندە فراوان کراوەکە. هەناسەبڕکێتە ، یـــــاری ڕاکردنەکەی ئەو ســـــــەر دەکەیتەو ە، بەخۆت دەڵێیت (ژیان هەروایە ، دمێـــك هەورازو ساتێك لێژی‌یـــە) بەباوەڕاستی دووتەلە لێـــد دابڕاوەکەدا دێنیتەوە ئەمدیو ، لەسەر لێوارەکەدا دەنیشیت ، بەرۆکت دەکەیتەوە ، شنەیەکی فێنك گەرمای لەشـــــت دەڕەوێنێت ، لەبەرخۆتـــــەوە گۆرانی دەڵێیت ، ئێســـــتا دەزانیت تامی سەرکەوتـــی چەند خۆشە بۆبـــــــەردەم کردەکە دەڕوانیت ، دۆڵێکی تووڵ‌و تاریکە ، تـــــــا چاوبڕدەکات درێژ بۆتـــــەوە، زیاتر دەنگ هەڵدەبڕیـــــت ، هەست دەکەیت گۆرانی‌یـــــە کە دەبێتە ئەسپێکی ســـپی ، کلکی کلاڤە کردووەو ســـەری کردۆتە ڕم ، لەگردەکـــــەوە بەرەو دۆڵەکەدا دەپەڕێـــت ، دەحیلێنێ‌و سەربـــادەدات ، تێر دەکەوێتە غار ، کەدەگاتـــە ڕەوەزو ڕکەی چیای ئەوبـــەر، حیلەیەکی تردەکات ، لـــووت بەزەوی‌و درە ختەکالینـــــدا دەسوێت ، بـــــــۆزدوواه دەگەڕێتەوە ، کەتۆ لەگۆرانی وتن دەکەویت ، ئەویشـــــ لەباڵتا بێدەنگ دەوەستێـــت . هەڵدەستیتە سەربـــــێ ، خوێنێکی تازە لەدەمـــــــارە کانتا پك‌دەدات ، بـــــــەدەم هاژەی درەختەکانی دامێنـــــەوە دەشنێیتەوە ، دەکەویتـــــــەوە گۆرانی وتن ، گەروت سافە، بەخۆت دەڵێیت .(گۆرانـــی سەرکەوتنیش تامێکی خۆش‌و تایبەتی هەیە).

دەگەیتە بەر ڕیـــــــزە خانووەکەتان ، گردوتـــــاك هاوڕێکانت لـــــــەم لاو لای دیوارەکانەوە دانیشـــــتوون ، سەرگەرمی قسەو ، چاوەڕێ‌ی بەسەر هاتن تازە مانگـــــت لەئاسۆوە سەری کێشاوەتـــــە کەناری ئاسمان . لووتکەکـــان سەرگوڵی تیشکە زیونیەکەیان لەسەرناوە ، وەك هەمـــــوو ساڵانی تەمەنیان ملیان‌بەرزە لەژوورەکانەوە چرایەکـــــی کردەسوتێن . دەگەیتـــــــە سەرجێگاکەت ، پشتێنەکـــەت دەکەیتەوەو ، دەیخەیتـــــــە ژێر سەرت ، هەر بەجلـــــــە ئارەقاویەکانەوە خۆت بەژێـــر بەتانیەکەتدا دەکەیـــــت . سەرت گێژی لێکدانـــــــەوە نییە ، لەشیشت گەڵیـــــك ئارامە ، چاولێك دەنێیـــت ، لەخەودا تەنیا ئەوە دەبینیتەوە «چۆن‌بەڕاکردن تۆپی گردەکەوە خل‌دەبێتەوە ، چۆنیش سەر دەکەویتەوەو گۆرانی‌یـــــە خۆشەکان دەڵێیت ».

ئابی ١٩٧٩

سەرخواردکردنەوەیەك لە

"سەبارەتی باوکێتی دێیەکەوە"

کەمال غەمبار

● **بەشی دووەم**

بیوورە مالی جەنابتـــان نیە !!!»

سەرەنجامی پەیوەندیی ژن‌و مێردێك نیشان دەدا کە چۆن پیاوە کە بێ‌دڵی خۆی ناکـا . گەشت‌و گوزارو دوورکەوتنەـ وەی لە خێزانەکەی بـــــۆ مەبەستی تایبەتی‌و ڕابواردنی خۆی ، خێزانەکە پاڵپـــوەدە نی بۆ زەنکاوی داوێن پیسی . بووسەر بە شێوەیێکی قووڵ‌و هێمن ووردە ووردە پـــەردە لەسەر واقیعە تاڵەکە لادەدا ، چۆلەکە گەر بەلای شاعیرانەوە ڕەمزی هێمنی‌و سەربەســـتی‌و ڕووناکی بی ئەوە لەلای چیرۆك نووس ڕوونکی تر بە خۆیـــەوە دەبینێ ، دەچێتە قاوغـــی دێستی ژنەکەو ڕەمـــــزی پەیوەندی ناڕەواو ناپاکی ژن‌و مێردایەتی‌یە ، تا لە کۆتایی‌دا بۆمبایەکە بەڕووی پیاوەکـــە دەتەقێتەوە :

«ـ نازدار .. ئەوە شـــێت بووی ... هەلۆو ...هەلۆو ...هەلۆو .» لەم چیرۆکـــەدا نووسەر گیروگرفتێکـــی کۆمەلایەتی دەخاتە بەرچـــاو، بەنجەی تاوان بۆ پیاو درێـــژ دەکا ، هەرچەندە لـــــــە کۆمەلگایێکی وەك ئێمـــــە هێشتا هـــــەر دەوردەوری پیاوە ڕێ‌ی پێ‌دراوە بـــــە ئارەزووی خۆی بجوولێتەوەو بەدڵی‌خۆی بکا . بـــــەڵام ئافرەتی بەستەزمان ئەگەر لـــە ئەنجامی کردەوەی ناڵەبـــاری پیاو تووشی کاردانـــــــەوە (ڕد فعل)بوو ئـــــــەوە بەبێ‌ی نەریت‌و سیستەمـــی کۆمەڵ تاوانبارەو دەبێ سزای خۆی وەرگرێت ، بۆیە ئـــــەو واقیعەی کە ژنەکە تـــــێ‌ی کەوتووە ، ئەنجامێکـــــــی سروشتی‌یەو هەر لە سەرتـــاوە پیاوەکە ڕێگەی بۆ خۆشـــــ کردووە دیسانەوە نووســـەر لە ڕێگەی چیروکەکەیـــــــدا مومارەسەی پیاوەکـــــەی ڕەسوا کردووە .

خاسیەتی ئەم چیرۆکە ئەوەیە کە گرێ‌یەکە درەنگـــــك سەرهەڵدەدا ، خوێنەر لـــــە سەرەتاوە دیالۆژێکی ڕۆمانـــی لە نێوان ژن‌ومێردەکـــــــەدا بەدی دەکا ، کەچی بـــەرەبەرە ڕەمزەکە ئاشکرا دەبـــــــێ‌و پەردەی شانۆیەکـــــــە والا دەکرێت‌و ڕاستی‌یەکـــــە دەردەکەوێت بەلای منـــــەوە هێزو پێزی چیرۆکەکە لـــــە وێنەکێشانی پیاوەکـــــەو بەردەهەڵدانەوەیە لـــــــەو کردەوەو ڕەفتارە نهێنی‌یانـــەی کەوا دەزانی ژنەکەی پێ‌یـــان نازانی . بەڵکو لە تەکنیکـــی گفتوگۆیەکەو چۆنیەتی بەکـــار هێنانی ڕەمزەکەدا ، واتـــــە چۆلەکە ـ کەدایە ، کـــــــە هەردووکیان ـ ژن‌و پیاوەکـــە چۆن بۆ مەسەلەکە چـــوون ، لە دواییدا چۆن ڕەمزەکـــــە ئاشکرا نەبێ ... بـــــــەشێوەیێك دوور لە مۆرکـــی ڕاستەوخۆو ڕووکەشانـــــەو شێوازی ڕاپۆرتی .

چیرۆکنووس بۆ ماوەیێك خوێنەر دەخاتە ســـەر ئـــەو باوڕە کە پەیوەندی یەکـــی بەهێز لە نێوان ژن‌و پیاوەکەدا هەیە ، بەڵام لە ئەنجامـــــا مەسەلەکە ڕووێکی بەخۆیـــەوە دەبینی ، کاکلی پەیوەندی‌یەکە لە توێکلی مەســـەلەکـــــەدا دەردەکەوێ . ژنـــــەکەش زۆر بەووردی‌و لەسەرەخۆ بەڕووی مێردە خۆپەرستەکـــــــەی دەتەقێتەوە وشووشـــــەی بەیوەنی‌یە پیرۆزەکـــــــــە وردوخاش دەکات :

« ـ مێردە خۆشەویستەکەم، ئا ، بێ تاقەتی شەووشەوانی ڕابوردووشم ، هەر من لێم ، بێ‌گومانم تۆشـــــ لە مـــن نەخۆشترو بێ‌تاقەت تری.. ناساغێکەی هەردووکمـــان ، بەتایێك بو لە یەکـــەم ڕۆژی بە یێك گەیشتنمانـــــــەوە تەشەنەی کردو هەردووکمانی بەتەواوی تەنیوە ، هەرێنکە شمان دەبی چارەسەری خۆی لە لایەکی تر بکات .. »

● « ناشتن » لە شێوەی مۆنۆلۆگێکی هێمنانە تایبەتی‌یەکی شاعیرانە بۆ ژیان‌و مـــەرگ دەکێشی ، جۆرە پەیوەندی‌یەك لە نێوان مرۆڤ‌و سروشتدا ساز دەکا ، گەڵا ڕێزانـــــی درەختەکان کە لەخۆیـــــان بەلقەکانەوە ڕاگیر ناکـــەن ، مەرگی مرۆڤ ، هەڵوەرینـــی گوڵی ژیانی‌یەتی . مـــــردن‌و ژیان زۆرانبازی‌یەکـــــی نەبچراوی بەردەوامـــــە . بەنجەی خۆی دەبـــڕی وەك ڕەمزێك کە جارێکی تر ئەلقەی تیا نەکاتەوەو نیشانەی وەفاو یادگاری هەمیشەیی لەبیـــر نەچوونەوەی هاو ســـەرە کـــۆچ کردوە خۆشەویستەکـــەی بێت . هەستێکی شاعیرانەی بە بەر چیرۆکەکەدا کردووە . بووسەر ژیان دەخاتە بـــــەر تیشکی تێڕوانینی خـــۆی ، پاڵەوانی چیرۆکەکە بەڕەڵـــلا دەکات بە ئارەزووی خـــۆی بدوێ‌و بجوولێتەوە . هیـــچ شتێك ئارام ناگرێ . پاڵەوانی چیرۆکەکە بە تـــەواوەتـــــی کەوتۆتە ژێر باری خەمـــــی مەرگ ، کردەو ڕەفتـــــاری ڕەنگدانەوەی‌و یژدان‌و بـــاری سایکۆلۆژی‌یەتی ، تارمایـــی مەرگ تووڕی داوەتە نـــاو دەریای خەمێکی قوـــــوڵ دەبەوێت بەدەم ئازارێکـــــی بەردەوام بتلێتەوە هـــــــەر بۆیەش بەڕاستی ئازارەکـــــە تاقی دەکاتەوە ، ئۆقـــــــرەو ئارامی لێ هەڵگیراوە :

« ـ لە دوو توێ‌ی خـــــاكدا مەگەر تەنیا مەرگ ئـــارام بگرێ ! » نەخشەکێشانـــــی مەرگ بەم شێوە ڕۆمانسی‌یە ساماناکە کارێکی هونـــــەری داهێنەرانەی چیرۆکنووســـە ، لە شێوەی تاقرکردنەوەیێکـــی نوێ‌دا ».

● **« سێ دالان »**

هەستێکی دەروونـــــی کێژۆلەیێکە کە چۆن ئارەزووی ژیانی هاوبەشی خۆ شنوودی دەکا ، دەیەوێت لەو قاوغـــە تەنگەبەرە دەرچێت کە کۆمەڵی دواکەوتوو نەزان بـــۆی سازکردووە ، کارەساتەکـــەی نموونەیێکە لە ژیانی کچـــی ســـــەردەم کە چـــــــژن بیروڕای‌کۆن‌و نەریتی پووچەڵ بەجێ ماوی هەزاران ســـاڵ تەنگەی پێ‌هەڵچنیووە .

هەر سێ دالان تێکـــــەڵ بە یەك دەبن ، پەردە لەســـەر کارەساتەکەدا دەرێتـــــــەوە چیرۆکەکە دەبێتە پیەسـتێك ، دیمەن‌و پاڵەوان‌و کەســـانـــی چیـــــرۆك‌و ئێکســـــوارو ڕووناکـــــی‌و موســـــیقاو سەیرکەران دیمەنێکی سامناك پێك دێنن « لەوە دەچـــــوو یێکێك بکەن بە پەتا ... یـــان ساتە کەمەکانی پێش گوللـــــە بارانی تاوانبارێك بێت» سەیر ئەوەیە کارەساتەکە تەنیـــــا هەرهی «ئامە »ی بەستەزمانی کاول نیە ، هی هەموو کچـــی گەرەکە ، بەڵکو هی هەمـــوو کچێکە . کارەساتی هەمـــوو کچێك لە ئامەدا کۆ دەبێتەوە، کە خۆی لە ناو ئاوێنەکـــەدا دەبینی تەنیا وێنە کەیـــــەو بوونی نیە ، بۆیە لە ژیان یاخی دەبی‌و بەتەنیا ئامەی نـــاو ئاوێنەکەوتی « زیندە بە چال بکرایە لەم ژیانە بێ ئارەزوو هەستەم گەلێك چاکترە .. . دەفەرموون ئەگەر ئێـــوە نامەکەن خۆم خۆم دەکەم !».

کاکلی چیرۆکەکە لە بازنەی جیاوازی مامەڵەکردنی نێوان کوڕو کچی دەسووڕێتـــەوە ، مەسەلە دەروونی‌یەکـــــە سەرهەڵدەدا ، ئارەزایـــی دەربڕینێکە بەرامبەر ئـــــەو باساو نەریتو دابو دەزگایەی کە هێشتا هەموو دەسەلاتێکی لە مێ‌پینە سەندۆقـــــەوەو گیرۆدەی دەستی واقعێکی ، دەستکرد کە پیاو بـــــۆ بەرژەوەندی خـــــۆی سازی‌کردووە . لێـــــرەدا چیرۆك‌نووس دیسانـــــەوە ، هونەری دەرهێنانی شـــانۆو سینەمای بەکار هێناوە . . بەوردی دیـــــوی دەرەوەی دەرخستووە ، لە هەمـــان کاتیشا بە قوڵی بەنـــــاو دەروونی ئافرەتا چۆتـــــە خوارەوەو هەستونەستـــی دەربڕیوە ، توانیویەتـــی زیرەکانـــــە لە دیالـــــۆژەوە بگونجێنێتەوە بو بەرمۆنۆلۆژو ڕێگەخۆش کات بۆ ئەو هەنگاوە هەروەها لە دیمەنێکەوە بـــۆ دیمەنێکی تـــر بازی داوە . تەلی بیرکردنەوەو خەیـــاڵو خوڵیای نامەی پچراندووە ، لە گۆشەی تەنیایی‌و ژیانـــی ناو ووشەوە دەربـــــازی کردووەو بۆ ڕووناکـــــی‌و فەلەبالغی ڕاکێشی کردووە . بۆیە لێرەدا ئەو ڕاستی‌یـــــە دەخەینە بەرچاوی خوێنـــــەر وەك بەلگەیێکی مێژوویی کـــە ڕەئووف حەسەن ـ لـــــــە چیرۆك‌نووسانی کورد ـ لە ساڵی ١٩٧٢ وەوە ســـوودی لە هونەری سینەمـــــــا وەرگرتووە .

● **« خەمێکی پیرۆزەیـــی چاوەروانتە »**

پەردە لادانە لەسەر ڕووی کردۆتە پەناگابۆ شاردنـــەوەی ئافرەتێکی سۆزانی کە یەکێکی مومارەساتەکانی خۆی ، بـــە گفت‌وگۆیێکی ناوەوە دیمەنـــی ئافرەتەکەو دواندنـــــی دەخاتەڕوو ، مۆنۆلۆژەکـــــە سنووورێك دادەنێ بـــــۆ ئافرەتەکەو خەمە پیرۆزەیی‌یە کە سەردەکاو ، خەمـــــی خۆشەویستی‌یەکی پیرۆزەیـــی بالدار چاوەڕوانی دەبـــێ . هەرچەندە بۆشایێك بالـــــی بۆ دەگرێتەوەو فێـــــری تەنیایی نیە ، بـــەڵام بریارێکە داویەتی ، دەبێ لەو واقیعەی تێ‌ی کەوتووە خـــــــۆی دەربازکا .... کە ســـانـــی چیرۆك هەر یەکێکە ئەگـــەر چی دوو کەس دەدوێـــن . هەڵوێستەکەش پەنـــــگ دانەوەیێکی دەروونی‌یە کـــە تەنگی پێ‌هەڵچنیوەو دەیخاتە بەردەم ڕوو بە ڕووبوونەوەی ئافرەتەکە ، خەم‌وخولیاو بـــۆ چوون‌و چۆنیەتی بەرەنگـــار بوونی یەکتری ســـەردەکەن‌و لە مێشکو دەروونا لە بەردەمـــی ئافرەتەکەدا قوت دەنبـــەوەو کۆکۆی کڵپەو بلیسەکـــان دادەمرکێنەوە .

پاڵەوانی چیرۆك هـــــەر خۆشی لە تەلی خوڵیـــــاو بیری ئافرەتـــەکـــــە دەداو دەیدوێنی‌و دەیجوولێنی، دیوی ناوەوەی هەڵ دەداتەوە ،هەر خۆشی وەڵامی دەداتـــــەوە . کەواتە لێرەدا کەســـی دووەم واتە ئافرەتەکە تەنیا خوڵیایەکی دەروونی‌یە ، خۆ ئامادەکردنـــە بۆ هەڵوێستێکی بەکـــردەوە، هەڵچوونێکـــی نـــاوەوەی پاڵەوانەکەیە تا بەڕاستی بـــە ڕووی ئافرەتەکە بتەقێتـــەوەو ڕووناکی بخاتە سەر دیـــوی دەرەوەی‌و پەیوەندی‌یەکـــە کۆنـــایی پێ‌بێنـــی‌و ڕووی ئارایش‌کراوی لە ئاوێنـــــەی ڕاستیدا دەرخا . ئـــــەم چیرۆکەش لە ڕووی داڕشتن‌و شێوازی بنچینەکانـــــی چیرۆك جیاوازی‌یەکی تەواوی هەیە ، شێوازێکی نوێ‌یـــــەو هەنگاوێکە بۆ پێشەوە بردنـــی چیرۆکی کوردی ، لـــە ڕووی مەسەلەی تەکنێکی‌یـــــەوە سەرکەوتنێکی باشی وەدەس هێناوە ، بەهیچ جـــۆری هەست بەبوونی کەلەبەرێـــك ناکەیت کە ڕێچکەی چیرۆکەکە بنسیوێنی وبچڕی کات .

● **« گڵۆبە وردە ڕەنگـــاو ڕەنگەکان »**

نیگار کێشانێکی ڕۆمانسیانەی شاعیرانەیە ، پەڕە مووچـــی هونەرمەندێك کێشاوی‌یەتی ، واقعێکی نهێنی دەردەخات ؛ نهێنی یەشاردراوەکـــــــە بەرەبەرە گرێ‌یەکـــــەی دەکرێتەوە ... کچی ماڵەکـــە بۆ تووشی نەخۆشی‌یەکـــی سایکۆلۆژی بووە ؟! دەردەکـــە دە دۆزێتەوەو مەسەلـــــە نهێنی‌یەکە ڕوون دەبێتـــــەوە. بەڵام نەخۆشی‌یەکـــــە وەك هێنێکی بەیانی لە ڕاکشـــانـ‌و داکشان‌دایە ، نەخۆشی‌یەکـــە بەردەوامە ، کپ دەبێ‌و دێتە کەف‌وکوڵ ، وەك گڵۆپەکـــان دادەگیرسێنەوە ودەکوژێنەوە:

« ـ « ئاوات‌و خەمەکانمان وەك ئەم گڵۆپانەوان .. نـــە ئەوەیە بە چارێ هـــــــەردەم هەڵکراو بن ... نە ئەوەشە بە چارێ بکوژێنـــەوە .. وەك بەلکە زێرینەش ڕەنگـــــاو ڕەنگن ... بـــــەڵام تـــەزووو تەوژمـــــێك پێکەوەیـــــان دەبەستێتەوە .. » .

لێرەدا چیرۆك‌نووس بـــــە چوو ئەت مەسەلەیەك دەخاتـــە ڕوو ، کە هێشتاش بـــــەلای کۆمەڵگای ئێمەوە مەسەلەیەکی ئارەواو نابەجێ‌یە ، بەڵکـــو ناپاکی‌و سپڵی‌یە . بەڵام کـــە مەسەلەکە یە کاڵا دەکرێتـــەوە دەبێتە شتێکی ئاســـایی‌و ڕەوا ، ئەویش لە ســـایـــەی چۆنیەتی بەرچاو خستنـــی مەسەلەکـــــەو شـــێوازی لێکولینەوەو لێوە دوانـــی .

● « گەشتێك بە ناوژانـــی چاوی گارنیکادا »

ئەم چیرۆکە دەستنیشـــان کردنی واقعێکـــــــی تفت‌وتاڵ‌و کارەساتێکـــــی جەرگ‌بڕی مرۆڤە ، جا لـــــە هەر شوێنێکا هەناســـــەی تیابداو دابێ‌و ئەو موعاناتـــەی چەشتووبێ یاخود بەرگوێـــی کەوتبێ . گارنیکا لێرەدا تەنیا تابلۆ نایابەکەی هونەرمەندی گەورە پابلۆ پیکاسۆ نیـــەو ، وبنراکردنی دێ‌یەکـــــی ئسپانیانیـــە . بەلکـــو کارەساتێکـــی هەمـــــوو مرۆڤی سەرزەوی‌یـــــەیە ، ڕشانەوەو هێلنج هاتنـــــی ڕق‌و کێنەو ژەنگـــــوژاری مێشك‌و دڵ‌ودەروونی هەمـــوو دڕندەو خوێن ڕێژێکی دژ بـــە توخمی ئینسانە .

Institut kurde de Paris

چالاکی دۆشنبیری

بنەماکانی دراماتیک لە

شانۆی کوردی هاوچەرخدا

● بنەماکانی دراماتیک لە شانۆی کوردی هاوچەرخدا ناونیشانی ئەمو کۆڕە بوو کە لە حەفتەی رابوردوودا یەکیەتی مامۆستایان لە قەزای چەمچەمال سازی کرد بۆ مامۆستا فەهمی کاکەیی ، کە لە راستیدا ئەم هەنگاوە وەکو پێوستی چەماوەری قەزاکان بۆ بابەتی رۆشنبیریو ساز کردنی ئەم جۆرە کۆڕانە هەنگاویکی یەکجار شیاوو پڕ بە پێستی باری رۆشنبیری ئەو ناوچانە بوو نیتر حەق وایە لە هەموو قەزاو ناحیەکانی تریشدا بیر لەم شتە بکرێتەوەو شوێنە رەسمیەکان بە گوێرەی توانا و پسپۆری خۆیان بایەخی بدەنێو بەهەرەی لاوە لێهاتووەکانی دەرەوەی سارەکان بخەنە بەر دەستی چەماوەر بۆ ئەوەی زیاتر هانبدرێن بۆ هەوڵدانی پێش خستنی باری رۆشنبیریو ئەدەبیو هونەری ئەتەوەی کورد کە دووا رۆری ئەتەوەکەی کورد پێویستی بە وەستراوە .

من لای خۆمەوە کارەکەی مامۆستایانی چەچەمال بە یەکێك لەو هەوڵە گرنگانە ئەدەمە قەلەمو ئەوەش شایانی باس بێت گەلێ لە بوسەرو رۆشنبیرو هونەرمەند لە سلیمانیو کرکوکەوە ئامادەی کۆڕەکە بوویوونو نزیکەی دوو سەعاتی خایاندو شاعیری لاو خوشکە نەجیبە ئەحمەد کوڕەکەی پێش کەش کردو ، دووای بەخێر هاتنی ئامادەبوان وتی :-

× تا ئێستا چەند باسی لایەنی شانۆو شانۆگەری کوردی کرابێ کۆمەڵێ گلەیی لە گەڵدا کراوە لەوەی کە ئەوا نەی لە دنیای شانۆ ئەکەنو وێنە بینین شانۆگەریەکان دەکەنن ، هەلبەتە ئەمەش لە ئەنجامی بەیەکدا چوونی کۆمەڵێ هۆی سەرەکیو لابەلا دروست بووە هەر لەو ڕوانگەیەوە ئەم کۆڕە ساز کراوە بۆ ئەوەی هەوڵێك بێت بۆ جموجوڵی ئەدەبی ئەو مامۆستا فەهمیش کە بابەتی کۆڕەکەی ئامادە کردووە چەند ساڵێکە لە گەڵ دنیای شانۆدا ئەژیو وەکو ئەکتەریش دەوری تایبەتی خۆی دیوە .

● دوای ئەوە کاك فەهمی دەستی کرد بە پێشکەش کردنی بابەتەکەو سەرەتا بە کورتی میژووی شانۆی کوردی لێکدایەوەو ئەوەو بەرتێزانەی دەست نیشان کرد کە لە سەرەتای شانۆی کوردیدا چێگا دەستیان دیارە .

وەکو عبدالرحیم رحیمی - ا . پ هەوری ، شێخ سەلام ، ع.ع. شەونم ، کامەران موکری، جمال بابان، ئەریمان ، رەفیق چالاك ، نوری وەشتی ، کامل ژبر ، حمە صدیق محمود ، ئەمینی میرزا کەریم ، طە بابان ، عمر محمد صالح ، عمر علی ئەمین، ئینجا یەکەم شانۆگەری کوردی کە پێش کەش کراوەی باس کردوو ئەوەی دانا بە شانۆگەریی (ژبوورتە برا) کە لە هاوینی ساڵی ١٩٢٦ دا پێش کەش کراوەو ، دوای ئەوانە شانۆگەریی (مامۆستای کۆن) و شانۆگەریی (ئاغاو ئاغا ژن) و ، هاوبەشی فائق بێکەسو مامۆستا ریوەری لەم شانۆگەریانەدا کردە چێگای شانازی .

● دوای ئەوە هاتە سەر باس کردنی بابەتەکەو وتی :-

× کەباسی بنەماکانی دراماتیك لە شانۆی کوردی هاوچەرخدا ئەکەین ..

بێگومان باسی ئەو شانۆگەریانە ئەکەین کە چاپکراون ، چا لە بەر ئەوەی باسەکە خۆی لە خۆیدا فراوانەو دانیشتنێکی درێژی چەند شانۆگەریەك پشت چەند شانۆگەریەك پشت گوێ بخەمو باسیان نەکەم ئەریش لە بەر دوو هۆز - یەکەمیان هەندێ لەو شانۆگەریانە ئاستی هوونەریان زۆر نزمەو تایەنە باس کردن دووەمیشیان هەندێك لەو شانۆگەریانە بە ناوی نووسینەوە چاپکراون ، بەلام لە راستیدا ئامادە کراون . جا منیش ئەو شانۆگەریانەی لیرەدا باسیان ئەکەم ئەمانەن :

١ - شانۆگەری ئاسك نووسینی بیژکۆ بێکەس .

٢ - شانۆگەری شەوێك لە ژیانی خانزاد نووسینی حمە کەریم رەمەزان .

٣ - شانۆگەری مرۆڤو چاخو بیر نووسینی مەهدی ئومێد :

٤ - هەروەها لە تەك ئەمانەدا باسی تاقی کردنەوەی تایبەتی خۆم لە گەڵ شانۆگەریی (ژان) دا ئەکەم. بەلام ئەوە ئەلێم کە زانیاریی رەخنە کردارێك نییە لە ماتماتیکدا یاسایەکی هەبێتو چەند هەنگاوێکی دیاری کراو کۆتایی پێ بهێنێتو هەرچی لەوە بەدەر بێت رەت بکرێتەوە . زانیاری رەخنەی درامی زانیاریەکی بەر بلاوی بێ سنوورە .... هەرچەندە رەخنەگر زیرەك بێتو هەوڵ بدات باسی زۆربەی لایەنە گرنگەکانی بابەتەکەی بکات هێستا هەر نایگاتێو زۆر لایەنی تری لە دەست ئەچێت یان رابدۆزێتەوە ... بۆیە من لیرەدا وام بە چاك زانی لە کاتێکدا کە باسی نبەمایەکی دراماتیك ئەکەم .... بەکەیەکە شانۆگەریەکان بەراورد بکەمو پاشان بچمە سەر بنەمایەکی تر ... بنەماکانی دراماتیکیش ئەمانەن . جبکە یان چیرۆکی شانۆگەریەکە ... کارەکتەر ... دیالۆژ بیری نووسەر . .. کاریگەریی دراماتیکی تایبەتی ...

● دوای ئەمانەو هەندێ باسی کاروباری دراما لە شانۆی هاوچەرخی کوردیدا هاتە سەر باس کردنو لێك دانەوەی ئەو شانۆگەریانەی هەلبژاردبوون باسیان بکاتو دوای لێك دانەوەی هەندێ لایەنی شانۆگەری ئاسکی شێرکۆ بێکەس وتی :-

× بۆمان هەیە بپرسین کە شێرکۆ بێکەس بۆچی ئاسکە موبارەکی لە ترۆپێکی رەوەزی قەلەرەش عاسی کردووەو نوقلانەی رزگارنە بوونی بۆ لێ ئەدات ؟ . ئایا ئەو جێیەی دۆزیەوە بۆ ئاتومێدی کردنی خەلکی دێی خەزان ؟ . ئەی نە ئەبوایە لە شوێنێکدا باسی بکردایە کە تروسکەیەك هیوای رزگار کردنی تیا بووایە ؟ . و سو ئەلێت : - کارەسات ئەوەیە کە ئاسکە موبارەك نەمێنێ هیچ شتێ نامێنێ :- ئێمەش ئەلێین ... ئەو خاکەی توانیبێتی ئاسکە موبارەك پەروەردە بکات هەردەم ژان گرتووەو ئەتوانێ دەیان ئاسکە موبارەکی تریش بێنێو پەروەردەیان بکات .

شانۆگەریەکە بە دیالۆژێکی دەرهێنەر دەست پێ ئەکاتو هەر بە دیالۆژێکی ئەویش کۆتایی پێدێت . . بێگومان بوونی دەرهێنەر زیادەیە .. چونکە هیچ شتێ ناخاتە سەرکارە درامیەکەو نووسەر ئەیتوانی ئەو کارەکتەرە بخاتە پال حکایەتخوان یا خود ئەو کۆرسانەی لە شانۆ کەریەکەدا دایناون لە گەڵ هەموو ئەمانەدا .. حبکەی ئەم شانۆگەریە یەکێکە لە حبکە سەرکەوتوەکانو نووسەر توانیویەتی زیرەکانە رووداوەکان بەبەستێت بە یەکەوە .. هەر وەها لە لایەن پێك هێنانی درامیشەوە .. هەرچەندە کە باوە نووسەر کە کێشەیەکی خستە رووئەبێ لە دوایدا چارەسەریشی بۆ بدوزێتەوەو کێشەکە بە هەڵواسراوی نەمێنێتەوە ... بەلام مەرجیش نیە نووسەر تەنانەت ، بینەر بەرپرسیار ئەکات بەرانبەر ئاسکە موبارەك و هەرکەسە لە بینینی شانۆگەریەکە ئەوە ، هەست بەوە ئەکات ، کە ئەوانیش ئەبێ ، هەڵوێست بوونو بۆ رزگارکردنی ئاسکە موبارەك هەنگاو بنێن .

● دەربارەی شانۆگەری ئەوێك لە ژیانی خانزادی حمە کریم رەمەزان وتی :-

× ئەم شانۆگەریە هەموو مواسەفاتی ملیۆدراماى تیدا بەدی ئەکرێت ، ملیۆدراماش نزمترین جۆری شانۆگەریە کە جێی گالتەو پێکەنین رەخنەگران بووە ، ئەم جۆرە شانۆگەریانەدا.. ئەبێ پاڵەوان کە لایەنی خێر ئەنوێنێ سەر بکەوێو لایەنی شەپیش سزای خۆی وەرگرێت . پاڵەوان ئەبێ پیاو چاکو قارەمانو چاو ئەترسو حەکیم بێت ، پیاو خراپیش دڵرەقو خوێن رێژو کینە لە دل بێت ، لە ملیۆدرامادا ئەبێ خەمی پاڵەوان بخۆین ئەوەك کارێکی دزواری بەسەردا بێتو هەروەها لە پیاو خراپیش بترسین .. ئەمەش بە درێژایی ئەم شانۆگەریە بەدی ئەکرێتو لە هەموو لایەکەوە ، پیلان بۆ خانزاد دانەنرێت بەلام هیچ کامیان سەرناکەوێت .

ئەوەی گومانی تیدا نییە ئەوەیە کە زۆر ناڕەوایە ئەم جۆرە رێبازە بۆ بابەتێك هەڵبژێرێت کە مێژووی میللەت بێ .. چونکە نووسەر بایەخ ناداتە حبکەو بیری شانۆگەریەکە بە قەدەر ئەوەی بایەخ بە دروست کردنی هەڵوێستی ئاڵۆزو چاوەروان نەکراو ئەدات . ئیکرا حبکەی شانۆگەریەکە حبکەیەکی پۆلیسیە ..مەگەر موخابەراتی ئەمریکی بتوانێ حبکەی وا دابنێ .

حمە سعید حمە کریم

ب. هاوکاری لە سلێمانی

بڕوانە : ل : ٧

کاروباری دەروون شوناسی

بە دەنگ کە سیەتیت دەناسرێتەوە

● لە کۆنەوە (دەنگی) مرۆڤ شتێك بووە وەك بەراتێکی جوانی سرۆشت بە مرۆڤ بەخشراوە . هەموو یەکێکت لە ئێمە دەنگی تایبەتی خۆی هەیە کە لە یەکیکێ تری جیا دەکاتەوەو هەر بە دەنگیش دەتوانرێ یەکێك لە یەکێکی ترچوێ بکرێتەوە، بەو گۆیەشەوە لە یەکتری دەگەین وو ئەوەش راستە کە هەر ئەو دەنگەیە خوشەویستیو ئاڕامیو رق بوونەوەو هەلچوونو ترسی مرۆڤ دەردەبڕێ .

● بە درێژایی ژیان گوێمان لە هەزاران دەنگ دەبێت ، هەندێ لەو دەنگانە بیرەوەریەکی تایبەتیمان بیر دەخەنەوە ، ئەویش دەنگی ئەمانەن کە کەسیەتیکی تایبەتیان هەیە ، بەلام هەندی دەنگ هەن کە نە گیانیان تیدایەو نە رەنگ تا ئەو رادەیەی کە بە بیستنیان دل تەنگ دەبێت .

● لەچاو ئافرەتەوە دەنگ کەسیەتی زیاتر دەنوێنی ، بۆ نموونە هەندێ دەنگی ئافرەت ، خەمو ماتەمینی دەردەبڕێو بەلام کە گوێت لە دەنگی هەندێ ئافرەتی تر دەبێ ، وا هەست ناکەی فسەی ئاسایی دەکات ، بەلکو وەك بە دەمتەوە پێ بکەنێ وایە ، هەندێ دەنگی تر هەن هەردوو دیاردەکە دەنوێنن ، لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ ئەوەمان لە بیر نەچێت دەنگ ، ئەوەندی ڕوخساری روو گرنگ دیارە ، بۆیە پێویستە لە قسە کردنداا ئوسلوبی رێك وپێك دەر بڕین.

● لە سەرەتای ژیاندا ، تا گەورەبوون بەهۆی نەخوشیو ترەوە چەند جارێك رایەڵەکانی دەنگ دەگوڕێن بەلام پێویستە بەربەستی ئەو کارەساتانە بکەین کە کار دەکەنە سەر دەنگ ،وەك خۆراهێنان یەوەی لە سەر یەك وەتبرە قسە بکەین .

● لە تەمەنی منداڵیدا ،کە مترد دەنگی کچو کوڕ لە یەك جیا دەکرێتەوە بەلام کە دەگاتە تەمەنی هەرزەکاری دەنگەکان جیاواز دەبن ، دەنگی کوڕ هەندێك گڕ دەبێت ، ئنجا تا تەمەنی پیر بوون گوڕانی ئەوتۆی بە سەردا نایەت ، بەلام لە لایەن ئافرەتەوە دەنگ چەند جارێکی تر گۆڕانی بە سەردا دێو هەندێ گۆڕان وەختی دەبنو چاك بوونەوەیان بۆ هەیە ، بۆ نموونە لە کاتی بێنوێژی یان سك پڕ بوونو منداڵ بوندا ، ئەم گۆڕانانە روودەدەن . لەمانەوە هەموو بۆمان دەردەکەوێ کە دەنگی مرۆڤ لە منداڵیەوە تاکو ماوەی پیری گۆڕانی ئەوتۆی بەسەردانایە ، بەلام لە پیریدا دەنگ زۆر بێهیز دەبێت ، ئەمەش پەیوەندیی بە گۆڕانی لەشەوە هەیە ، چونکە بێ هیز دەبێت ،هەرچۆنێ بێ ، بۆ پاراستنی دەنگمان ، پێویستە بایەخ بە سێ شتی گرنگ بدەین : پلەی بەرزیو نزمی ، لەرینەوەی دەنگ و زبندوویەتی دەنگ .

سەر گول تەیموور

چمکێك لە مێژووی خوێندەواری

یەکەمین قوتابخانە لە شاری سلێمانی دا چۆن کرایەوە

غفور میرزا کەریم

کاتێ ئینگلیزەکان باڵی رەشی داگیرکردنیان یەسەر ساردا کێشا شێخ محمود و لایەنگیرەکانی دەستیان بەکشانەوەو بە پێچانەوەی بارەگای دەستەڵاتیان کرد ناوچەکە بەگشتیو شبار بەتایبەتی دووچاری بارێکی نەقۆڵاوئاڵوزو دەردو ئەندێشەیێکی زۆر بوو ، کوندەپەپووی کاوڵکردن ، ماڵوێرانیو دواکەوتن بەسەر شاری خامۆشاندا دەیخوێند دامودەزگایی زانستیو خوێندن گشتی ڕامالدراو شوێنەواری کوێرکرایەوە . کۆمەڵانی خەڵك بە خاووخێزانەوە شاریان بەجێهێشتو ڕوویان کردە ئەشکەوتو دێهاتەکان تا لە تاڵانو بڕۆو کوێرەوەری ڕزگارین . بەڕاستی شار لە ڕۆژێکی رەشی پڕ ناخۆشیدا ژیانی بەسەردەبرد لەم کاتەدا سوورفلی داگیرکەر پێویستی بە سازکردنی بارتکی گوێخاوو دابین کردنی کەرەسەی خۆ بەهێزکردنو دەستەڵاتداری بوو .

لە پێناوی هێنانەدیی مەبەستی نایاکیان و توندکردنی جێپێیان لە وڵاتدا دەیانویست بە درۆو دەڵەسەو فاکوفیك وای لە خەڵك بگەیەنن کە تەنها بۆ ئاوەدانیو شارستانیەت و بێش کەوتن هاتوون و بەس ، هەموو جاری دەقی قسەکەی جنرال مۆدیان بەگوێی خەڵکیدا دەدا کەلەگەڵ داگیرکردنی بەغدا ساڵی ١٩١٧ وتبووی «ئێمە داگیرکەر نین ، ئێمە رزگارکەرین ، سەری زمانو بنی زمانیان هەر ئەوە بوو ئەگەر جاران ئەمان توانیبێ شتێکان بۆ بکەن ، ئۆبال لە ئەستۆی خۆتانە واتە شێخو دەستەو دایرەیی ڕێگەی لێ دەگرتین. کەندوکۆسپی بۆ دادەنایین تا نەتوانین ئەوەی ئەمانەوێ بۆتان پکەینو ئەرکی سەرشانمان بەرامبەرتان بەرینەسەر ! ! لەمەودوا بەرکولی هەوڵو کۆششمان دەچێژن ، ئەوەندەی پێ ناچێ دەرگای شارستانەتیو ئاوەدانیو پێشکە وتنتان لێ ئاوالەدەکرێتەوە ! ! ئینگلیزەکان لەو ڕۆژەدا بە دوو چەکەوە هاتبوونە جەنگی کوردەوە ، لە لایەك بە ئاگرو ئاسن کەوتبوونە ڕیزەی جووڵانەوەی کورد لەلایەکی تریشەوە خۆیان کردبوو بە کۆتری ئاشتی تا خەڵکی ڕووبکەنە کارو ئاوەدانی ، ئارام گرتن و شێخو جووڵانەوەکەشی کزو لاوازو بێ دەستەڵات بێ . پیاوەکانی، ئینگلیز بارودۆخی وڵاتو دەردو گیروگرفتی لێکدابووەو هەلسەنگاندبوو کۆمەڵایان بە وردی بێشکەوەنانی قوتابخانەی دەوری مێژوویی ناوچەکە لە عسکری زەمانی عوسمانیدا و ئەعدادی ملکیو ڕو شدیەی بۆ خوێندنو زانستی بە تینوێتی کۆمەڵانی خەڵکیان بۆیە ویستیان لەم دەرگایەوە جاکیو دروستی تێگەیبوون کردنەوە قوتابخانەی بێنە مەیدانەوەو قوتابخانە بۆ داکوتانی ریشەیان یەکسەر لە ای مارتی ساڵی ١٩٢٥دا بڕیاری کردنەوەی یەکەمین قوتابخانەیان درا کە پێگومان کۆمەڵانی خەڵك ئەم کارەیان پێخۆش بوو بە گەرمەوە بەپیریەوە چون ، دەستبەجێ کەوتنە پێتاك کۆکردنەوە لەم مەبدانەدا هیچ دریغییان نەکرد ئەوە بوو هەریەکە لە پیاو ماقووڵانو ینەماڵە گەورەکانی سلێمانی ، ئاغاو شێخو حاجیو کاربەدەستانی ئەو ڕۆژە بەپێی توانای خۆیان دەستی یارمەتییان بۆ ئەم کارە پیرۆزە درێژکردو بەشداری خۆیان تیادا نواند. تا لە ئاکامدا بەری ڕەنجو کۆششیان هاتە دی. دەرگای یەکەمین قوتابخانە کوردی ئاوالەکرایەوە . جا لەبەر ئەوەی مامۆستا زیوەر هاوچەرخو بەشداربووی دامەزراندنی ئەم قوتابخانەیە بووە بەباشمان زانی کە جنەوی یاسوڵێدوان لەم بابەتەوە بدەینە دەستی ...

تا سەرگوزەشتەی دانانی ئەم قوتابخانەیەمان بۆ بگێڕێتەوە .. ئەمەش پوختەی قسەکانی مامۆستا زیوەرە « لە ای مارتی ١٩٢٥ بڕیار درا کە قوتابخانەیەکی سەرەتایی بکرێتەوە بۆ ئەم مەبەستەو بۆ لە ناویردنی ئەو کەندوکۆسپانەو ئەهێشتنی ئەو کەموکووڕییانەی کە هاتبوونە ڕیکەی دامەزراندنی . . بەڕێوەبەری زانستی ناوچەی کەرکوك گەیشتە سلێمانی وماوەیەك مایەوە پاشان ئەوەی ناوبراو هەموو

بڕوانە : ل : ٧

لێدوانێك سەبارەت بە روشنبیری کوردی

دەربارەی چاپەمەنی کوردی کە ئەم چەند ساڵەدا پەرەی سەندووە بیروڕاتان چیە ؟

ماوەیەکی درێژە مامۆستا - زبیر بلال اسماعیل - بە نووسینی ووتاری مێژوویی یەوە خەریکە بەتایبەتی مێژووو کەڵچەری نەتەوایەتیو لێکۆڵینەوە دەربارەی ژیانی ناودارانی کورد ، تا ئێستاش چەند بەرهەمێکی بەبایەخی بیتش کەش بەخوێنەران کردووە .. لە لێدوانێکی تایبەتیدا مامۆستای ناوبراو گوتی :

× ئەوەی تا ئێستا نووسیومەو لەبەر دەستی خوێنەراندایە کۆمەڵە باسێکە دەربارەی مێژووی کۆن و نوێی شوێنەوارەکانو کەلەپووری نەتەوایەتیو ژیاننامەی ناودارانو من لە سەرەتای نووسینمەوەش ئەم رێبازەم پێ خۆش بووە کە کاری تیدا بکەم . نۆبەرەی خۆم لە ساڵی ١٩٧١دا لە بابەت مێژووی هەولێر بڵاوکردەوەو لەپاشان کتێبی « مێژووی زمانی کوردی »م بەچاپ گەیاندو لەم ساڵەشدا کتێبی (ابن خلکان) کەوتە بازاڕەوە .

× تکایە بیروڕاتان بەرامبەر بەباری رۆشنبیریو گیروگرفتەکانی جووڵانەوەی ئەدەبیمان چیە ؟

× ئەوەی راستی بێ ئەگەر مەسەلەکە زۆریی بەرهەمو چاپەمەنی بێ ، لەم چەند ساڵەدا بەرهەمێکی زۆرو زەوەند کەوتە بەر دەستی خوێنەران ، بەلام ئەگەر بەچاوێکی رەخنەیی لەو کۆمەڵە بەرهەمە وورد بینەوە ، دەبینین زۆربەیان ئاستێکی ئەوتۆیان نیە . تەنانەت زۆربەی ئەو نووسەرانە بەتایبەتی شاعیرە لاوەکان بەسەرکردنەوەیەکی ئەوتۆیان لەبابەت بەرهەمی شاعیرە دانیشتنەرەکانی کورد نیە . خۆ ئەگەر لەباری چیرۆکیش پێچینەوە هەمان دیاردە دووپات دەبێتەوە ، چونکە چیرۆکی کوردیش توشی هەمان باری ئەدەبی هاتوە - چگە لە چەند نووسەرێك نەبێ کە هیوایەکی گەورەن .. کۆمەڵگای کوردەواریو ڕێ نیشاندەرو رەخنەگری بێلایەنو شارەزا لەم مەیدانەدا ڕۆلکیی فراوانی هەیە .

مەسەلەکە زۆریی بەرهەمو ساڵەدا بەرهەمێکی زۆرو خوێنەران ، بەلام ئەگەر بەرهەمە وورد بینەوە ، ئەوتۆیان نیە . تەنانەت بەتایبەتی شاعیرە لاوەکان لەبابەت بەرهەمی شاعیرە ئەگەر لەباری چیرۆکیش دووپات دەبێتەوە ، چونکە هەمان باری ئەدەبی هاتوە نەبێ کە هیوایەکی گەورەن .. کۆمەڵگای کوردەواریو ڕێ نیشاندەرو رەخنەگری ڕۆلکیی فراوانی هەیە .

Institut Kurde de Paris

له ئاخاوتنێکی بەڕێـــــزبەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر بۆ «هاوکاری» :

جموجۆڵێکی فراوان بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری

ئاشکرایە کە بریـــاری نەهێشیتنی نەخوێندەواری و بە زۆر فێرکردن گۆڕانێکـــی بەرفراوانی بەرپاکردو بـاری ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتـــی خستە قۆناغێکی تـازەترەوەو خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکـــی گەورەیە لە ڕێی بنیاتنانـی کۆمەڵێکی شارستانی نـوێداو ڕزگار کردنی مرۆڤ لە کۆت‌و پێوەندی تاریکی نە زانیـــنو ڕاماڵینی پاشمـــــاوەی کۆمەڵایەتی‌ی دواکەوتوو کـــە پێش سەرهەڵدانی شۆڕشـــی کێشابوو بەسەر عیراقدا . .

ئێستا دامو دەزگاکانـــی بەروەردەو فێرکردن بـــــە هاریکاریی ڕێکخراوە میـــریو پیشەیەکان و تێکـــــڕای هاوولاتیان بەردەوا من بـــۆ بەدی هێیانی مەبەستەکانـــی ئەو بڕیارە شارستانی‌یە ، بەم بۆنەوەش بەڕێز بەڕێوەبـــەری گشتی پەروەردە مامۆســـــتا (برهان احمد) لە ئاخاوتنێکی تایبەتی‌دا وتی :

● هـــەر لـــە دوای دەرچوونی بڕیاری لە ناوبردنی تێکرای نەخوێنـــــدەواری‌و بـــەزۆر فێـــر کـــردن ، بەڕێوەبەرایەتی بـــەروەردەو ڕێکخراوە میللـــــــی‌و پیشەیەکان‌و سەرایـــــای هاوولاتیان لە هەمـــــوو سروچێکی ئەم وولاتەدا کەوتنە خۆو هـــــەر یەکـــە لە لای خۆیـــــەوەو لـــە رادەی بەرپرسیاری خۆی ویســـتی بەروەردەی تاریکی نە زانیـــنو ڕاماڵینی پاشمـــــاوەی کۆمەڵایەتی‌ی دواکەوتوو کـــە کێشابوو بەسەر عیراقدا . .

لەم هەنگاوە مرۆڤایەتی‌یـــە بەشداریی بکات کە توانـــی دڕ بە تاریکـــی‌و نـــەزانین‌و کۆنەپەرستی کۆمەڵایەتی بدات‌و هاوولاتی عیراق لە بـــەردەم دوارۆژێکی گەشتردا دابنێ‌و هیوای بەرامبـــەر بـــــە باشەرۆژێکی روناك تـــــازە کاتەوە .

× ئایا هەنگاوانتان بـــۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکـــــە گەیشـــتە کـــوێو ڕادەی سەرکەوتنتان چۆن بوو ،

● ئێمە لە سەرەتـــــاوە هەستمان بە سەرکەوتـــــن کرد چونکە بڕیارەکە کۆڕانێکی کۆمەڵایەتی‌و شارستانـــــی گەورەبوو کە مرۆڤی ئـــەم وولاتەی خستە قۆناغێکـــــی ترەوە . بۆیە بەڕێوەبەرایەتـــی نەهێشیتنی نەخوێنـــــدەواری کەوتە خۆو ئامادەیی خـــۆی بە تەواوی ڕاکەیاند بەرامبەر بە بەشداربوونی تەواو لـــە پێناو هێنانـــــــە دێی مەبەستە پیرۆزەکانـــــی بڕیارەکەو چەندەها مەلبەنـــد بۆ ئەم مەبەستە کرایـــەوەو هەزارەها هاوولاتی رووبان لە مەلبەندەکانی نەهێشیتنـــی نەخوێندەواری کرد بۆ ئەوەی روونا‌کی ببنین ، تا ئێستاش بەردەوامە . تەنیا بەشـــی مندالان کە تا ئێســـتا بـــە نەخوێندەواری مابوونـــــەوە زمارەیـــان گەیشتۆتـــــە (١٤٨٩٧) منداڵ کە بە هـــۆی باری سەختی کۆمەڵایەتـــی‌و پاشماوەی سەلانی پێشـــــس شۆڕش لە خوێندن ، بێبەشـــ بون ، بۆ ئەمەش چەندەهـــا لێژنەمان دانا لە سەرۆکەکانی دائیرە رەسمیەکان‌و نوێنرانی ڕێك خراوەکان‌و تا ئێستـــا جموجۆڵی ئەم لێژنانـــــــە بەردەوامن .

× ئـــەی دەربـــارەی بەڕێوەبەرایەتی پـــەروەردە چ کۆڕانێکی ئەوتۆ لە سانـــی داهاتوودا چاوەڕوان دەکرێت؟

● ئەوی ڕاستی بێ ئەمسال پڕ بوو لە دەسکەوتـــــی گەورە ، هەروەکو جێبەجێ‌کردنی (٦٠٠) ژوور بـــۆ قوتابخانەکان ، وە جێبەجێ‌کردنی (١٠٧) قوتابخانـــەی سەرەتایی‌و چەند بەشێکـــی ناوخۆیی کە گیروگرفتـــی قوتابیان چارەسەر دەکـات ، هەروەها (٣٦٩) قوتابخانـــە بە گەلکاری جێبەجێ کرا لە گەل (١٠٠) خانوو بـــۆ مامۆستایان هەر لە ڕێگـــەی گەلکاری‌یەوە هەروەها بـــۆ سانی داهاتوو پـــەروەردەی هەولێر چەندەها دەسکەوتـــی گەورە یەخۆیەوە ئەبنێـــی کە دیارترینی بریتی‌یە لـــــە دروستکردنی (٣٣) باخچەی ساوایان‌و دابەش کردنـــی زەوی‌و زارێکی زۆر بەســـەر مامۆستایان‌داو زیاد کردنـــی (١٠) تاقـــی‌گای تر ، دو هۆلیئـــس بۆ خـــواردن‌و کەل‌وپەل‌و (٥) هۆل بـــۆ کتێبخانەکان‌و دوو بەشی ـ تریش بۆ هونەرەکانـــــی پیشەسازی زۆریش بـــە ناواتەوەین کە ئەمسال بتوانین ئامادەیی پیشەسازی مخمور تەواوبکەین‌و زەویش بۆ کەم قوتابخانانە ئامادەکراوە کـــە بینای تایبەتیان بۆ جێبەجێ بکرێت .

١ ـ ئامادەیی کشت‌وکالی حەریر .

٢ ـ ئامادەیی پیشەسازەیی شەقلاوە .

٣ ـ ئامادەیی پیشەسازیی تەق‌تەق .

٤ ـ ئامادەیی پیشەسازیی کۆیە .

٥ ـ ئامادەیی کشت‌وکالی مەخمور .

٦ ـ ئامادەیی بازرگانیـــی کۆران .

٧ ـ ئامادەیی بازرگانیـــی ڕەجان .

٨ ـ ئامادەیی پیشەســـازی هەولێر .

هەروەها بەردەوام لایەنی بەروەردەیی کار ئەکات بـــۆ هاندانی هاوولاتیان بۆ هاتنـــە ڕێزیان و بەشداربوونیان لـــە هێرشی نەخوێنـــــدەواریدا ئەویش لە ڕێگەی لیژنەکانـــی ڕاگەیاندنمانەوە .

× ئایا دوا جموجۆڵتان لە بارەی نـــــەهێشـــتنی نەخوێندەواری‌یەوە چی‌یـــەو چۆن تەماشای پاشـــــەڕۆژی بڕیاری سەرکردایەتی شۆڕش دەکەن ؟

● هەوڵو تەقەللا لـــــەم لایەنە بە تەواوی خراوەتـــــە کارو دواشت سەرژمێـــری تەواوی نەخوێندەوارەکان کـــە تا ئێستا مەلبەندەکانـــــی نەخوێندەواری لە باوەشیانی گرتوە گەیشتـــــە (٩٤٣٩٦) خوێندنخواز . هەروەهـــــا بەچەندان لیژنەمان داناوە کـــە لەم دوایەیدا خەریکـــــی لێ‌کۆڵینەوەن لە باری خوێندنی ئەو مەلبەندانەو سەرپەرشتی کردنی ڕاستەو خۆیـــــانو لێ‌کۆڵینەوە لە چۆنیەتـــــی دەوام کردن‌و کواستنـــــەوەو هەمو ئەو شتانەی کـــــە پەیوەندیی بە پێشکەوتنـــی تەواوی ئەو مەلبەندانـــــەوە هەیە بۆ ئەوەی بتوانین ماوە کەم بکەینەوەو لە بوارێکـــی کەمدا بەخشێکی گەورە پێش‌کەش بکەین بـــــە هاوولاتیان‌و بەشداری کۆمەکی بکەین بۆ خواستی دووارۆژ .

ـ شێرزاد عبدالرحمن

وەرزش
تۆپی پێ

گفتوگۆیەك لەگەڵ یاری زانی لاو شوان احمد صادق‌دا

یاری‌زانی لاو شوان احمد صادق ، یەکێکە لە یاری‌زانە لێ هاتووە لاوەکانـــــی وڵاتەکەمان‌و ئەندامی تیپـــی هەڵبژاردەی قوتابخانەکانـــی وڵاتەو تا ئێستا بـــــە لێ‌هاتوویی خۆی چەنـــــدان کەسی سەرکەوتنی بردۆتەوەو چەندانی تری پێ بەخشراوە ، لەم دواییەدا ، لە گـــــەڵ تیپی هەڵبژاردەی قوتابخانەکان چوو بۆ وڵاتی صومالو لـــەو یاری تۆپی پێ‌یەدا لـــــەوێ کرا سەرکەوتنێکی چاکـــــی بە دەست هێناو ئێمەش بـــەم بۆنەیەوە ، ئەم گفتوگۆیەمان لە گەڵدا کرد .

● کاکە شوان باســـی سەرەتای دەست کردنت بـــە یاریی تۆپی پێ ، چـــــۆن دەستی پێ کرد ؟

ـ لە ساڵی ١٩٧٢ وە لـــە یارەی «سۆلاف» و تیپەکانـــی قوتابخانە یاری کردنـــم سەرنجی خەڵکی ڕاکێشـــاو هەر دوای ئەو ساڵە بوومـــە ئەندامی هەڵبـــــژاردەی پەروەردەو لە ١٩٧٦ دا بوومە ئەندامی تیپی هەڵبـــژاردەی شاری گەرکوك‌و لـــــە زۆر باریدا بەشداریم کـــردووەو بەکەم پاداشتی سەرکەوتنـــم کاسی فیدائی فەلەســـتین بوو وەك چاکترین یاری‌کەرو لە ١٩٧٧دا تیپەکەمان کاسی سەرۆك کۆماری بردەوە ،

● تا ئێستا لەو یاری‌یانەی بەشداریت تیایاندا کـــردوە ، کامیانت بە دڵەو لە یـــادت ناچێ ؟

بڕوانە : ل : ٧



ممتاز حیدری

لاوانـــــ سەرچاوەیێکی لەبن نەهاتووی کـــۆمـــەڵـــن

لاوان هـــــــەردەم سەرچاوەیێکی لەبن نەهاتووی کۆمەڵن ، بەڵکو هەر ئـــەو لاوانەن ، دەبنە مرۆڤـــی دوا ڕۆژی کۆمەڵ ، بەمەرجـــێ هەموو پێداویستەکانیـــان دابین بکرێ ... بـــــەڵام بـــــەداخەوە زۆر لە خاوەن بەهرەو توانای چۆر بەچـــۆر لە ئەنجامی باری تایبەتـــی خێزانەکانیان ، یان هەنـــدێ نەریتو خووڕەوشـــــتی کۆمەڵایەتی ، یاخـــــود گوێ‌نەدانی هەنـــدێ دام‌و دەزگای تایبەت بەئامانجـــی پیرۆزیان ناگەن .

کۆمەڵی کوردەواریشـــ ، بەپێی یاسای تایبەتـــــی و گشتی‌ی ژیان هەمـــان دیاردە بەخۆیەوە دەبینی . . بۆیە بەدەها ، بەڵکو جـــاری وا یەسەدان لەو خـــاوەن توانا‌و بەهرانە لەناو گێژاوی زەحمەتی ژیاندا دەتوێنەوە وبە نامانج ناگەن ..! هەر چەنـــد لەم ساڵانەنی دواییدا چەنـــد دام‌و دەزگای میری‌و میللـــی توانا‌و بەهرەی لاوەکـــــان لەباوەش دەگرن ، بـــەڵام هەمیسان لە ئاســـــتی پێداویستی بەرەوپێش چوونی کۆمەڵدا نی‌یە .

نموونەیێك لەمانە لاوێکی خوێن گـــەرم‌و هێمـــن و لەسەرخۆ لە شاری هەولێـــر خاوەن توانا‌و دەنگێکی ناسك‌و بەسۆزە ، لەنێوان کـــاری ڕۆژانە لە پێناوی پەیداکردنی نانی خێزانەکەی و بەشـــــەو خوێندن ، هەر وەکو خـــۆی دەڵێ : « فریای ئەوە ناکـــەوم بەشێوەیێکی پێویســـــتو زانستی گەشە بە توانـــاو بەهرەکەم بدەم ، چونکـــە بە ڕۆژ کرێکاری دەکـــــەم و بەشەویش لە بۆلی شەشـــی ئامادەیی بەشی ئەدەبیـــات دەخوێنـــــــم .. ! » . هونەرمەندی لاو «مظفر عثمان محمد امین » کە بە ناوی « مظفر گوران ـ » لـــــە ئاهەنگەکانی هەولێـــــردا هاوبەشی دەکاو چەنـــــدان گۆرانی‌ی تومارکـــــردووە هەروەها یەکێك بووە لـــە گۆشەی نارەزوومەندانـــــی تەلەفزیونی کەرکوك چـــوار گورانی‌ی تومار کـــردووە ، لەساڵی ١٩٧٢دا لە ئەنجامی دەنگە خۆشەکەی پاداشـــتی وەرگرتووە ، کاك « مظفـــر گۆران » دەڵێ : « چار چـــار ماوەم دەبێ چاوم بەکاك ڕزگار خۆشناو دەکەوێ و باســـی بنچ و بناوانی مۆســـیقاو هونەری گۆرانیم بۆ دەکا » ، هەروەها هونەرمەنـــدی لاو دەڵێ : « ئاوات دەخـــوازم ماوەم هەبێ لە ڕیزی تیپێکی هونەری کوردی کار بکـــەم ، بۆ ئەوەی گەشە بە توانـــاو بەهرەکەم بدەم و لە ڕێگـــای هونەری ڕەسەنی کوردی‌یەوە خزمەتی نەتەوەکەم بکەم ...» .

● لە نێوان قسەکانـــی کاك « مظفر گـــوران » دا مرۆڤ هەست بە تاســـەو ئاواتی هونەرمەندێکی دڵسۆز دەکات ... منیشـــ ئاوات دەخوازم ئەم تاسەو ئاواتـــە پاك‌و پەوایەی کاکـــــی هونەرمەند زیاتر پاڵی پێـــوە بنێ ، بۆئەوەی لەجیهانـــی موسیقاو گۆرانی‌دا بەگشتی‌و کوردی بەتایبەتی شارەزایـــی پەیدا بکات و شوێنـــی خۆی لەڕەوەتی‌هونەری ڕەسەتی کوردی‌دا بکاتەوە .

● پێناسی هونەرمەنـــدی لاو « مظفر گوران »

ـ ساڵی ١٩٥٩ لە شاری هەولێردا لە دایك بووە .

ـ لەساڵی ١٩٧٢وە دەستی داوەتە گورانی .

ـ ١٢ـ٥ـ٩٧٩ دوو کاسێتی تومار کردوە .

ـ سەرچاوەی گورانـــی ـ یەکانی « شیعری پیرەمێرد و هێمن‌و فولکلوری کوردی‌یە ، هەروەها چەند گورانی‌یەکـــی هونەرمەندی نەمری کـــورد حسن زیرەکی دوو بارە بـــە دەنگی خۆی تومار کردووە .

ـ لەم دوایی‌یەدا سێ گورانی لە ئیستگەی کوردی ـ بەغدا تومار کردوە .

هاوکاری و کۆمەڵانی خەڵك

وەڵامی فرۆشگـــای قـــەڵادزێ

● لە بەڕێز بەڕێـــوەبەری فرۆشگای قـــەلادزێوە ، وەڵامێکمان پێ‌گەیشتـــوە ، دەربارەی نامەی هاوولاتـــی (هیمنی محمود محمد) کە لـــە ژمارەی «٢. »ی هاوکـــاری‌دا بڵاوکرابوەوە . ئێمە لـــــە کاتێکدا سوپاسی گەرمـــی بەڕێوەبەرایەتی فرۆشگـــا دەکەین کە بە دڵســـۆزی بە دەنگمانەوەو هاتـــــوە وەڵامی داوینەتـــــەوە ، دەمانەوێ بەر لـــــەوەی وەڵامەکەیان بڵاوبکەینەوە دوو حال ڕوون‌بکەینەوە :

١ ـ هەروەك لە ژمـــارەی پێشوودا بڵاومان کردەوە ئەو هاوولاتیە کاتی ڕووداوەکـــەی بە ســـەعات (٢٠ر١٢)نیوەڕۆ دیاری کردوەو لە هەڵـــەی چاپدابوبە «٣٠ر٢» و بـــۆ بەڵکە کلیشەی نامـــــەی هاوولاتیەکەو نووسینەوەی لە لایەن «هاوکاری»یەوە بـــڵاو دەکەینەوە .

٢ ـ دەربارەی ئـــــەو ڕستەیەی لە وەڵامـــــی بەڕێوەبەرایەتی فرۆشگـــادا هاتوەو دەڵی مافی گلەییمان هەیە لەو هاوولاتیە بـــەوەی کە بە خۆڕایی دەیـــــەوێ کەرتی سۆشیالستی ـ قطاع الاشتراکي لەکەدار بکـــات ، هـــاوولاتـــی پەلـــــە بکەن لە هەنـــــدێ دەربڕیندا ، بەڵام لـــــەم کاتەشدا نابێ گومان لـــــە دڵسۆزیی بکەین ، دیســـان دەزگایەك کە دیاردەیەکـــی سەلبی تیا ڕووبدا ، چاکتـــر وایە بە سنگ‌فراوانیـــــەوە چاری بکرێ‌و بەمەشـــــ خزمەتی سودی گشتـــی‌و نەرکەکانی سەرشانی خـــۆی دەکا .

ئیستا والێرە دا وەڵامـــی فرۆشگای قەلادزی بـــــڵاو دەکەینەوە ، لە گەل دووبارە سوپاسماندا بۆیان بەرامبـــەر بەدەنگەوە هاتنیان‌و هیوادارین دەزگاکانی تریش ئەم هەنگاوە بنێن بۆ ڕوون کردنـــــەوەی ڕاستی :

بەڕیوەبەرایەتی ڕۆژنامـــەی (هاوکاری)بەڕێـــز .

لـــە ژمـــارە (٥٠٢)ی ڕۆژنامەکەتان هاتووە لەلاپـــەڕە (٥)دا لە ژێر ناونیشانـــی (هاوکاری‌و کۆمەڵانی خەڵـك) کە هاوولاتی بەڕێز (هیمـــن محمود محمد) سکـــــاڵای کردوە . وەك دەڵێ لـــــە کات‌ژمێری ٢ر٣٠ کـــە دەوام تەواو بووە کارتونێك جگەرەی داوە بە دوکاندارێك و ئێمەش بۆ ڕون کردنەوەی مەبەســـت دەڵێن :

١ ـ هیچ ڕۆژێك دەوامان لـــە کات ژمیـــری ٢/٣٠ تەواونابێ بەڵکو دەوامـــی ئەو کاتەمان لە کات‌ژمیری ـ ٨/٣٠ بۆ ١٢/٣٠ وەلە (٣) بۆ (٦) بوە .

٢ ـ ئەو هاونیشتمانیـــە ئەگور لەوە دەگەڕێ کـــــە ڕەخنەیەکی سودبەخش بگری وەزو جێبەجێ بکرێ ئایا لـــە قلادزی هیچ لایەنی وا نیەکـــە بەزوویی لەو کارە بپرســـی وەرێووشوێنی چارەسەرکردنی بو دابنێ .

٣ ـ وەکو ئاشکرایـــــە قلادزی دەکەوێتە سەر سنور بەپی هەلکەوتنی لـــــەو شوێنەدا قاچاغی زۆر تێیـــدا بەدی دەکری ئەوەش وای لـــە ئێمە کردوە کە (٤) پاکـــەت زیاتر نادەین بەڵام بـــــە شێوەیەکی کە بەردەوام (هەمو ڕۆژی) لەو بڕرایەداین کـــە کە ئەم هاوولاتیە لە وانەیـــە کە ئالوگۆڕ بەو شتانـــەوە دەکات وە ئەوبەشەی دەســـت نەکەوتووە بۆیە بەهانـــــەی هیناوەتەبەر بەو شێوەیە .

٤ ـ ئەو کاتەی ئـــــەو نوسیویەتی ٢/٣٠ دەوام نیـــە وە هەمو کردنەوەیەکـــــو داخستنێك لە لایەن لیژنـــەی تایبەتیەوە ئەبی . وە لێرەدا ئێمە سوپاسی ئەوهاوولاتیـــە ئەکەین ئەگەر بێتو ئـــــەو کەسەمان پێ بناسینێ کـــــە دەرگای ئورزدی کردۆتـــــەوە کارتۆنیك جگەرەی بردوە بـــۆ ئەوەی بۆ ئێمەش ڕون بیتەوە کەکێە تاوانبار تکامان ئەوەیـــە کە هاوولاتی یەك دەڵێ ئـــەوە بیسنەلینی فەرمو بە سینگیکی فراوانەوە ئامادەیـــن بـــۆ ڕەخنەی هەر هاوولاتیەك وە ئامانجمان زۆر کردنـــــی کەلوپەلو دابەش کردنەتـــی بە ئامادەین بۆ ڕەخنـــــەی هەر هاوولاتیەك وە ئامانجمان زۆر کردنی کەلوپەلو دابەش کردنیەتی بە یەك ســـانی وە کاتێك کە وەڵامتان نەبـــوو وە کە ئەم لایەنە ـ مسۆگـــەرە ئەوکاتە مافی گلەییمان‌هەیەلەو هاوولاتیە بەوەی کە بـــــە هێرش دەزانین بۆ ســـــەر ڕێڕەوی کۆمپانیەکەمان. ئیتر جاوەڕوانی وەڵامی ئیـــوەو سەلماندنی هاوولاتی ناویراوین.

بەڕێوەبەری
ئورزدی قەلادزێ

دیـــاردەیەکی سەیر لە سەلێمانی

ماوەیەك لە مەوبـــــەر ، پیامنێری هاوکاری لەسلیمانی کاك حمەسعید حمەکریـــم ، وێنەیەك و نووسراوێکی بـــۆ هێناین دەربـــــــارەی بڵاوبوونەوەی دیاردەی بینینی وڵاخو ئاژەڵ لە شەقامـــــە گشتی‌یەکانی شاری سلێمانیدا ، ئەوی ڕاستی‌بێ ئێمـــــە بەرچاو خستنی ئـــــەم دیاردەیەمان دواخست بـــۆ ئەوەی بەڵگەی ترمان دەســـت بکەوێ . لەم ڕۆژانـــــەدا هاوولاتی (شیروان فتـــاح کریم) لە قوتابخانـــــــەی ئامادەیی پیشەسازی لـــــە سلیمانی نامەیەك‌و وێنەیەکـــی ناردەو گلەیی لەم دیـــاردەیـــە دەکا کە چۆن بڵاوبۆتـــــەوە ، تا ڕادەی ئەوەی ئەو وڵاخانـــە بوونەتە مایەی یاری کردنـــی منداڵان.

ئێمە لە کاتێکدا ئـــەم دوو وێنەیە بەو چاو دەخەیـــــن ئومێد دەکەین ، لێرسراوان لەم شارەدا ، دەستو بـــــرد بە دەنگ چارەسەرکردنیـــەوەو بێن چاوەڕێین .

بریار

بریاردرا کە ئوتومبیلی ژمارە (٦١٦) سلیمانی تویتا کراون کە ئیش‌ئەکات لە بەینـــی خەتی سلیمانی / ڕانیـــــە بوەستینرێت لەئیش بۆماوەی «٣»ڕوژلە ڕوژی ١٢ـ١٢ـ٧٩ لەبەر ئەوەی کەوا کـــرێی زیادی وەرگرتوە لەهاوولاتـــی عبدالرحمن مەمەنـــد ڕســـول زیاد لەوەی کە دیاری‌کراوە کە (٩٠٠) فلسە ...

یاسین حسن عزیز
سەرۆکی نەقابەی گواستنەوە لە سلیمانـــی

بە تەنگـــــەوە هاتنیکـــــی دلسۆزانەی

● بەرامبەر بەو نامەیـــەی لە هاوولاتی (عبدالرحمـــن مەمەند ڕەسول)موە بۆمـــان هاتبو لەژمـــارە (٥٠٣)دا بڵاومان کردەوە ، نەقابـــەی گواستنەوە لە سلیمانـــی بە نووسراوی ژمارە ١٦٤٣ لە ١٢ـ١٢ـ١٩٧٩دا بڕیـــاری سزادانی ئەو شۆفێرەی داوە کە کرێی زیادی وەرگرتوەو وا تەواوی بڕیارەکە لێـــرەدا بڵاو دەکەنیەوەو سوپاســـ‌و ڕێزیش بۆ لێپرسراوانـــی نەقابەی گواستنـــــەوەی سلیمانی

Institut Kurde de Paris

ئەحمەدیٚ نالبەند هوزانڤانەکێ ب ناڤ و دەنگ

وصفی ردێنی

ئەحمەدیٚ نالبەند هوزانڤانەکێ ب ناڤ و دەنگە وەلات پەروەرەکێ بێ تخویبە ، دەریایەکە تا نهوچ مەلەڤان نە گەهشتینە دیماهیکا وێ ،!! ئەز د بێژم دەمێ ئەڤ نافە «نالبەند» د هێتە گوتن پێدڤی‌نینە ئەم ل سەر ناخفین ، چونکی کێم کەسێت مای ل ناف وەلاتێ مە گول هوزانەکا وی نە سبت ، یانچ لێ نە بهیست بیت ، لێ ل گەلەکێ چەندێ مخابن گەلەك هوزانێت وی یێت بەرزەبی‌ی‌و هندەك ژی نە هاتنە نڤیسین یێت سینگێ پیرەمێرا دا ،چونکی هوزانێت وی نە ئێك و دوونە ، بەلکی گەلەکن ،.....

ئەڤە هوزانەکا وی‌یە منا ژ دەڤێ (عبدالرحمن احمد) ی وەرگرتی خەلکێ گوندێ «کانی‌مەزنێ» یە ل دەڤەرا بەروارێ‌ژێرباو هەڤالێ نالبەندی بی ، ..(عبدالرحمن) ی گوت =

ئەڤ هوزانە نالبەندی ب دەڤێ خویا بو من گوتی‌و دوی چاخی‌دا مەلایێ گوندێ «رویسێ» بی ، .مەلا ئەحمەدیٚ نالبەند چۆبی وەغەرەکر ل ناف ئێلەکا گولیا ل گوندێ بوسەلێ‌و ببی مێڤان ل مروفەکێ ناڤێ وی (تەتەر) بی ، ئەڤ هوزانە ب وەغەرا خو گوت ، ...ب راستی ئەڤ هوزانە بە هندەیەو گەلەك بترە ، لێ مخابن هندە کەڤتە د دەستێت مە داو هیڤی دارین هەچێ هەمێ بزانیت بەلاف بکەت ، فەرمون ئەڤنە ئەو هوزانە =

سوبحا ژ بو جەباری — گوهێ بدەن ڤێ سوحبەتێ
نینن لنك مە یاری — ئەزم کەبڤا سوحبەتێ
دێ کەنیتن چل جاری — کەسێ گوهێ خو ب دەتێ

× ● ×

روژەکێ من کر سەفەر — ژ رویسێ چۆمە بوسەلێ
من نەزانی مقەددەر — یا کەڤتی پێ من بەلێ
خودێ حەزکر ئەو خەبەر — شوکر ژ حالێ مەلێ

× ● ×

ئەز ب رێڤە وەستا بووم — ژ تیهناتی‌و ژ برسی
ئەز ژ هەڤالا ڤەما بووم — مە هەبو نانێ ب ترسی
ـئەز ل تەتوی بوومە مێهڤان — بقەدرەکێ بێ ڤەسال
گاڤا لنك بەیا بووم — شیڤ دامن‌و نە پرسی

× ● ×

ئەز ڤەرەستم گرارێ — وەکی گایێ بن گیرە
هندی من خار چۆ خارێ — تەتوی گوت «بخو خێرە»
خارن خوشە بهارێ — غالب جار وەرە هێرە

× ● ×

بشتی شیڤ ، مەکر نڤێژ — باشی کەڤتین سوحبەتی
بشتی سوحبەتەك درێژ — ئەز فکریمە ساعەتێ
شەڤ ب نیڤێ نە بوویە هێژ — تەتوی گوت «خەوا مەتێ

× ● ×

تەت‌و رابو جامێری — بومە دانا خوش نڤیس
ل وی قرنەتێ ژێری — . . . . . .
. . . . . .

× ● ×

ئەز رابووم من خو شەلاند — ب کارێ نڤستنێ
مەعدێ زادێ خو حەلاند — وەخت بۆ وختێ میزتنێ
من مەسینێ خو هەلاند — تەت‌و تەرمە ل دەڤ ژنێ

بروانە : ل : ٧

ئەڤرو ژنانی صەید

انور محمد طاهر

ئاخ یا ڤا پیرە مێرا هەر ئەڤەیە

ـشیر بحمدا خۆ دبیتە ماست .

دنیا دەستێ خو بێختە سەر مەنگەنەو کلاچێ ترومبێلێ‌وەکی بەرکێ بریسیێ بهاژوت بەلێ زبیرکر کو (ماشێ ژینسکێ نەزانیت)

ـ ها تۆ نە هاتی چاڤێ من ل رێکێ رەڤ‌بوو لمن وەرو وەرە نڤێژا ئێڤاری یا بووی .

ـ دێ وەرن دا نڤێرا خۆ بکەین مالێ دبنایێ نە یێ هندە مرۆڤ ئاخرتێ زبیرا خۆ بکەت .

ڕۆژ ژنیفا ئاسمانی یاخو خراندیە خارێ .

ـ دە بخودێ ئەز زیکا هاتم بەلێ چبکەم ئەز گیرو بکرم .

ـ کی دزانیت من تۆ ژڤانە

ـ کی غەم‌و دەردێت مە دزانیت کچێ ئەز بەرکێ

ـپێکەنی ددانێت وێ یێت سپی‌و گەوهەری دەرکەتن . بەنجەرەك دلێ وی‌دا ڤەبوو گرنژینەك کەتە سەر لێڤا وی. شترنجێ بووم دەستێ وادا .

ـ بابو مالا شوفێری ئاڤا کەت ئەز بلەزم کێ هاژ تە هەیە دەنگەکە دناف ڤێ گێلە شوکێدا بەرز دبیت . دێ چمە بەر دەرگەهی تەق.. تەق

ـ کێیە

ـ ئەزم .. نە ئەزم

ـ دەرگەهێ دێ ڤەبیت .. ها هاتی بخێر هاتی وەکی ڕۆژا سپێدەیێ دێ هلیت، چارەکادی شوفێری کرە قەرەبالغ . ئێ ژخەو هزرێت خوشی هشیارکر .

ئەڤ ئەفرازیە چەندێ ڕکە ئەو..ئەو

ـچەند سالە هناڤ‌و دل بزمە نەهێلان

ـ بەلێ هەر سیاربینا هێستارا باشترە دەمێ خانیێت گوندی دبار بوون . ترومبیل گەهشتبوو سەرێ ملێ بێهنەکا درێژ هلکێشا هەروەك چیایێ «مەتینا » سەر سینگێ خۆ پالدای دڤیا ل‌سەرو چاڤێت خۆ تینێرێت نەکو یێ کوك‌و تەڤ دای نەبیت .

دلێ وی برەنگەکی لێدا ناوازەك بخو دگوت .

ـپێش هەمی ئاخفتنا ج بێژمێ

ترومبیل پێش بکەهتە ناڤ گوندی راوستا .

ـ پسیار ژ هەمیاکر

ـ سەیدا تە خێرە تۆ ل فێرێ .

ـیێ ئەنیت دلێ سەیدای ج تێدایە دێ ڤێ پسیاری کەت ژهەمیا نزیکتر بۆ گوندی ئەزم .

هەتا ئێك ئێك پێناسێت وان خاندن‌و سەرو رەنگێت وان دگەل شکلێ پێناسێ بەراووردکرن ڕۆژێ‌و سەعەتی غارو بەزانێ دگەل ئێك دکر دێ کی‌کێ هێلیت .

ـئاخ من ژی دڤیا گیرو ئەبم بەلێ چبکەم .

ـ دحمەت بری ژ دەڤی ئێك ژوان بتزرەی گوت دێ هەرن دێ .

زاڕوکێت گوندی هاتنە بەراهیکا ترومبێلێ هندەك ژڤانێ بابێ خوبوون کاچ بو هینایە شەکرژك ترومبێلك بەلوان ژ باژێری هینایە .

ل ئیڤا گوندی ترومبیلێ وەغر بدیماهیك نینا .

بروانە : ل : ٧

کۆڕی ڕۆشنبیری نێوان نتلەندە و عیراق

لە ١١ - ١٣ / ١٢ / ١٩٧٩

مکریم رشید تانەبانی

لە چوارچێوەی هاریکاریی ڕۆشنبیری لە نێوان عیراق‌و فنلەندەدا بۆ پتەوکردنی ڕۆشنبیری‌یەکانی هەردوو لاو پەرەپێدانی ڕووەو ئاسۆیەکی بەرفراوان‌تر ، کۆڕێکی هاوبەش لە بەغدا ساز درا بۆ ڕۆشنبیری‌ی فنلەندەو عیراق ، کۆڕەکە سێ ڕۆژی خایاندو لە ژێر چاودێری وەزیری ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندن‌دا بوو .

لە ڕۆژی یەکەمی کۆڕەکەدا بەڕێز مانی کۆرجنساری باسێکی بە ناونیشانی «نووسەری فنلەندی ڕووەو باشوور دەنوارێت» پێشکەش کرد ، دوابەدوای ئەو بەڕێز عبدالجبار البصري باسێکی لە بابەت ڕووانین بەرەو باکوور لە شیعری عیراقی‌ی هاوچەرخ‌دا پێشکەش کرد ، ئەنجا بەڕێز ئانۆکیانین لە بارەی ئەدەبی گشتی‌ی ئاسایی‌یەوە دوا ، دوابەدوای ئەویش چیرۆکنووس موسی کریدی باسێکی کورت دەربارەی مێژووی ئەدەبی‌و ڕۆمانی نوێی فنلەندی هەر لە سەدەی شازدەهەمەوە تاکوو ئێستا خوێندەوە ، بنەم چۆرە کۆڕی ڕۆژی یەکەم کۆتایی پێهات .

لە دووەمین‌ڕۆژی کۆڕەکەدا چەند باسێك لە باری ئەدەب‌و مێژووی لێکۆڵینەوەو باسی مێژوویی لە فنلەندەدا پێشکەش‌کرا .

لە سەرەتاوە ئیریکی ساڵۆنین باسێکی لە ژێر ناونیشانی زانا فنلەندی‌یەکان‌و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕابوردوودا پێشکەش کرا، تێیدا باسی بایەخ‌دانی زانا فنلەندییەکانی کرد بە ئەدەبی میسوپۆتامیای کۆن ، لەوانەیش ئەدەبی بابلی‌و ئاشووری‌و سۆمەری ، ئەنجا هاتە سەرداستانی گلگامش‌و بەراوردکردنی ئەم داستانە لای سۆمەریەکان‌و بابلیەکان‌و لە کەیەکەوە بایەخ بەم داستانە دراوەو گەیشتە ئەو ڕایەی کە ئەم داستانە لە نەزاددا داستانێکی سۆمەری‌یەو بڕگەی دوازدەی داستانەکە لای بابلیەکان لە هی سۆمەریەکانەو وەر گیراوە ، ئەنجامی باسەکەی ئەوەبوو کە ئەم داستانە ئەوە دەردەخات کە مرۆڤ ناتوانێت چارەنووسی یەکتری بزانێت. لە داستانی گەلگامش‌دا گۆرانی دەووترێت‌و بە چۆرێك نووسراوە کە بۆ هەموو سەردەمێك بە سەردەمی ئێستا شەوە دەست دەدات .

لە پاش ئەم باسە دکتۆر شاکر خصباك دەربارەی بەروبومی فیکری جوگرافیای کۆن دەربارەی وولاتەکانی ئەوروپا دووا .

لە وولاتانی باکووری ئەوروپادا چەندین لێکۆڵینەوە هەن دەربارەی ئەو وولاتانە ئەنجام دراون ئەویش لەسەر بناغەی پشت‌بەستن بەو زانیاریانەی لە گەشتنامەکانی جوگرافیازانە عەرەبەکان‌دا تۆمارکراون . لەوانەیش لێکۆڵینەوەی تۆلیژو تالگرین لە ساڵی ١٩٣٠دا دەربارەی فنلەندەو وولاتانی ڕۆژهەڵاتی دەریای بەلتیك لە کتێبی « ادریسی»دا ،هەروەها بەشەکانی تری ئەو کتێبە نەسەر نەروێج‌و دانیمارك‌و سوید کەلە ساڵی ١٩٣٦ دا . نووسراون .

سەرەڕای چەندین لێکۆڵینەوەی تر وەی تریش کە لەلایەن زانایانی‌ترەوە لەم بوارەدا ئەنجام دراون .

دوای ئەو شاعیر عبدالرزاق عبدالواحد لە چیاتی مامۆستا صالح مهدی عماش باڵیۆزی عیراق لە هلسنکی کە لەبەر چەند هۆیەك نەیتوانی ئامادەبێت ، هۆنراوەی شاعیری ناسراوی فنلەندە یۆهان ڕۆنی بەری خوێندەوە، کە مامۆستای ناوبرا بە شیعر ودری گیراوەتە زمانی عەرەبی دوا باس لە لایەن بەڕێز ئاری لیۆڕۆلدەوە بوو ، تیایدا کە ئەدەبی فنلەندی دوا لە سەرەتاوە ئەوەی ڕوون کردەوە کە فنلەندی ئەدەبێکی ئەدەبی نوێیە‌و هێشتا لە هەڕەتی نوێیەو هێشتا لە هەڕەتی فنلەندا لە ژێر دەستەڵاتی لاوێتی‌دایەو لەوکاتەوە فنلەندی بڵاوبووەوە بەهۆی سوید‌دابوو شیعری میللی سوێدو فنلەندییەکان‌دا ئەو چەنگانەی لە نێوان سەردەمەدا نووسینی فنلەندی ڕوویان‌دەدا ، هەر لەم دەستی‌پێ‌کرد .

لە کۆتایی باسەکەیدا ئەوەی ڕوون‌کردەوە کە لەوانەیە لەم کۆڕە ڕۆشنبیری‌یەدا بڕیاری ئەوە بدرێت بەرهەمی چەند نووسەرێکی عیراق‌و فنلەندە وەربگێردرێن هەر یەکەو لە وولاتی ئەوی تردا بڵاو بکرێنەوە ئەوەی شایانی باسیشە هەر لە ئێستاوە نووسەرێکی عیراقی ڕاسپێردراوە بەرهەمی نووسەرێکی فنلەندی کە ڕۆمانە وەربگێرێتە سەر زمانی عەرەبی‌و وەزارەتی ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندن بڵاوی بکاتەوە .

شقالەك ژ میرگا فلکلوری

● هەڤالماك ●

ل بەری دەمەکی چەند مالکەك ژ سترانێت داوەت‌و گوڤەندا ، من ڤێ کرنە ڕۆژنامە هاوکاری ، ل بن ناڤێ (سڤالەك ژ میرگا فلکلوری) لە ژمارا (٤٨٨) ێ دا هاتنە بەلاف‌کرن، بەلێ مخابن چەند چەپێیەك کەتنە د دەڤێت سترا بی دا ل بەر چاپەکردنێ ، یان دەست نڤیسینێ ، هیڤی‌یا مە ئەوە ب هێنە راست‌کرن ، دا نڤیسەڤانێت دبروکێ‌و شلو ئەکەرێت پاشەڕۆژێ ، ب‌درستی وەربگرن‌و دانە د ترازی‌یا زانیاری‌و ڕەخنێ دا ، چنکو مەبەستا مە ژ کوم کرنا ستران‌و کەلەپیرتا کوم‌کرنا دارو بەرایە ، ئێك ئێخستنا کسل‌و گێجایە ، بەرهەڤکرنا دەرو پەنجەرایە ، بەلکی سێوی‌و زاڕۆکێت کاروانێ ئازادی‌یێ بشێن دیواری خوە ل سەر وان شێهنست‌و بناغێت بابێت وان کولای‌و د رێکا وان‌دا مرین ، ب دربێت روردارو ستەم‌کارا دانن‌و ب نژنن ، ڤ کاروانێ مرۆڤایەتی‌یێ ڕابگەهن بەلکی بەرێت شکەستی‌و کاریبێت کرمی ژ ناف بکەنە دەرڤە ، ستوینێت خوەهرو ڤاج یێت مشك‌و مارا هێلینێت خوە د قوڤلێت وان‌دا چێ‌کری ، نەدەنە بن بەرسڤ‌و بانێت خوە ، .. ئەڤێت هێن دەڤێت وان چەپا نە یێت بورین بەران بەری وان راستی :

چەپ : مالێت دابون ژ دەشتێ وا
راست : مالێت ڕابون ژ دەشتێ وا

هەر وەسا بەندەك یاکێم بوی‌و کەتی د کەڤیتە دناف بەرا ڤان مالکا دا راست بونا سترانێ یا هویە :

خوادانێت پەڕو شاشا
دێ ل چەلێ دەین شەباشا
مالێت هاتن باگیرێ
کەر کێشانە باگیرێ
مال‌و میز سویند خار ل وێرێ
کەرا ل قوبێ دەین بێرێ
باشی د دویڤرا دێ هێت بەندا دی
مالێت هاتنە سینەیی
کەر کێشانە سینەیی
تاکو د ئەهینە دیماهی‌یا
سترانێ .

هەر وەسا مالکەك یا کێم بوی‌و کەتی ، دکەڤیتە دناف بەرا بەندێت دویماهی‌یێ‌دا راست‌و درست کرنا وێ یا هویە .

مستێ‌و ئاغا برانە
کێ گوت هەر دوو برانە
خەنجەرێت نوی سەڤانە
سەر چە بەرا گەریانە ،
بەندا کەتی‌و کێم «کێ گوت هەر دوو برانە »

چەند مالکێت چۆین مە گوت بو: ب هزرامە یێت هاتینە ڤەهاندن ب هەلکەتنەکێ دەما رەبەندێ کوچەرێ رێدکو مام خورا ژ دەشتێ د ژ فرێڤەو دچو زوزانا .

بەلێ ئەڤ مالکێت دهێن‌یێت هاتینە ڤەهاندن ب هەلکەتنەکێ‌و سەربوری‌یەکێ یاڤەومی‌ی دناف بەرافەلێت نباری‌و هەڤتو خۆیێت وان‌دا ، ل دورێت دەمێ چەنگی ئێکی چهانی . براستی زیرەڤانێت دیروکێ دشێن تبلا خوە دانە سەر ب درستاهی یا پێدڤی‌یە ئەم هەمێ بزانین‌و ئاشکراو روهن ب کەین بو دەستەکا دهێت ، هندی‌کە ئەڤ کارەو دووبەری‌یەو لێك سیارکرنە بون ، دهاتنە کرن‌و ئاگرێ خوەباتی‌یێ هاتە هەلکرن دناف بەرا کوڕێت وەلاتی‌دا ، ب ئەگەرێت ئینکلیزی‌و نان خۆەرێت وی ، دەما دیتی کوڕێت وەلاتی دەستێ دخۆ یێت تێك گرتین‌و ل بەر دگەڕهێن دا ئاخ خاکێت خوە ب پارزێزن ئینا سخوڕێت خوە هنارتنە دناف‌دا ئو دوو بەری‌و ژێك‌فەکرن «فرق‌تسد» ئێخستە دناف داو پەیدا کر .

ئینگلیزی‌و هەڤال بەندێت وی هەمی چەکێت دوڕندانە ب کارئینان دژی گەلێ مە بو ژێك ئەکرنا کوڕێت وەلاتی ، بتر چەکا پیرو باوەرا تاکو شی‌یای هەژارو بەلێنگاز ڤێك‌ڕا بەردایی‌و پاش دگەل مەزن‌و دەرەبەگێت سەر خولوله ژ هەر دوو رەخا روینشتە خارێ ل سەر ئاڤێت تەزی‌و بن سیبەرێت هین ،

ئەڤێت هێن دەڤا وان بەندانە یێت هاتینە ڤەهاندن ب هەلکەتنەکێ ژ ڤان سەربوری‌یا

گەلیکێ خانێ تەنگە
توخوبی‌و پنیانشی
شەش خانا دەنگە دەنگە
بەرخوی دان بەر ئەرتوشی
هاتنا توخوبیێ درەنگە
توخبی‌و پنیانشی
گەلیکێ خانی کویرە
توخبی‌و پنیانشی
شەش خانا لویرە لویرە
بەرخوی دان بەر ئەرتوشی
هاتنا توخوبیێ‌یا دویرە
توخوبی‌و پنیانشی
دەشتا خانێ ایر شینە
هەر وافایێ یا شینە
د چەرن مەو ماهینە
کوشت محەمەدی سێقدینە
دەشتا خانێ یا پانە
هەر وافایێ یا پانە
د چەرن مەو بەرانە
کوشت محەمەدی ئێکانە

×

لێرگا عنتەر درێژە
هەر وافایێ درێژە
مەرشمین تو بەس پێژە
سنوری مە ئاڤ پێژە ..
مێرگا عنتەر یا پانە
هەر وافایێ یا پانە
مەرشمین گر دیوانە
سەرێ دینێ فەللانە ،
مێرگا عنتەر یاشینە
هەر وافایێ یاشینە
مەرشمین تو بەس روینە
مەو تباری‌یا کەفنە کوینە

×

های چەپینە چەپینە
چیلا چەما چەپینە
توخوبی‌و پنیانشی‌نە
تباری ژ چەلا رەڤینە .
های بەستری بەستری
چیلا چەما بەستری
پێت ئیسێ‌و مال ناسری
ل دور بەلویکا خنزری

لەو جوقەی ب کورو کەفدە
وێرانی ب کورو کەندە
ب قوتێ دهول‌و شازبەندە
تخوبیا ل دەشتکێ گوڤەندە
های برێزێ سەر مەستێ
های دەلالێ سەر مەستێ
مەشکیکا شیری د دەستێ
جوقە ب خوە ژ لاوی‌یا خاستێ
شەڕە ل باسکێ قولینێ
هێل کەت باسکێ قولبنێ
گلیانە تێت ژ دروینێ
چەپەر رەشاندن ، خوینێ

×

ئەڤ سڤالەو یا بوری‌ی مەیێت وەرگرتین ژ دەڤێ مستەڤایێ حەسەنی خەلکێ گوندێ مائێیە زینا وی یا گەهشتی دناف بەرا هەشتێ تاکو نوت ساڵی‌یێ‌دا ، مستەڤای پتر ژینا خوە یا بتولازی‌یا ڕابوراندی بشڤانی .ل سەر چیایێت کوردستانا رەنگین‌و پیروز ل سەرێ کێری‌و گەلێ‌یا ل بن سیبەرا دارمازی‌یا .حەستی‌یێ گیانێ وی یێ شتای ب شیرێ زی‌خی‌یێت رێڤاسا ل بەر کەڤی‌یا . بەلێ ئەڤرو ژ دەردێ گران دژیت ل بەر گەرما دەشتا سندی‌یا .!!

مستەڤای پترین ڤان جها یێت ئەڤ هەلکەتنەو سەرێ‌هاتی‌یە لێ قەومین یێت دیتین ، ئێجا هەر گاڤا هاتبا سەر هزرا وی یان دسەر ملەکێ یان کێری‌یەکی یان گەلی‌یەکی ژ وان رابوری بادا ڤان ستران‌و بەندا بێژیت‌و ئێك ڤەگێریت ، بزینێت کۆیر پێ دەرمان کەت .

ژ بەر ڤان ئەگەر هندی ئەم ب بێژین مستەڤایێ زانایەد سترانێت داوەت‌و گوڤەندا دا هەر وەسا سترانێت دەنگی‌دا گومان تێدا نینە .هەروەسا ئەڤ سترانە د کێشای‌و پێڤایی نە کێم‌و زێدەهی تێدا نینە . هەرکەر بێت‌و تێدا ببینی یان ژ وی بە ل ڤەدگاهێنریت ، یان د نڤیسیت .

براستی سترانا مستەڤای پتر تایێ دیروکی یێ د گریت . چنکو باهرا پتر ب سەربوری‌و شەڕیت کوردا د گەل چار کنارێت وان د بێژیت یان ژی ب شەڕێت عەشیرا . بەلێ د گەل وێ چەندێ سترانا مستەڤای. نە یا ئالایە ژ میرانی‌یێ‌و ئەڤینێ ، بەلێ مخابن خوزی پیراتی نەبا یان لاوی‌نی ڤەگەڕهابافە .بەلکی مە کەخو بەلێ باب‌و باپیرا کوم کربا ڤە ل رێزا کەلەپیرێ خەلکی دانابا . بەلێ چ بکەین خوزی‌یەو بەرهەمێ خوزی‌یێ هەمی گاڤا گری‌و شینی‌یە .

Institut Kurde de Paris

بەڕێز سەرۆکی فەرمانـــدە (پاشماوە)

السلام وسەرۆکی دایـــەرەی مەراسیم لە دیوانـــــی سەرۆکایەتی کۆمار .

هەروەك هاوڕی صـــدام حسین تەوتەی لەگەڵ بەڕێـز ئەندامانی وەفدەکەی تـــەك سەرۆکی تانزانیا کـــردووە دوای ئەوە هـــاوڕێ صـــدام حسینو سەرۆك جولیوســـ نیریری دەستیان لە مل یـــەك کردووەو ئەوە بوو هـــاوڕێ صدام حسین .

داخوازی ســـەلاەتـــی گەیشتنەوەی بۆ کـــردووە .

دووکۆڕلـــە هـــەڵـــەبـــجـــە

لەم دواییەدا مەڵبەنـــدی لاوانی سلیمانی دوو کـــۆڕی ئەدەبی لەهۆڵی قوتابخانـــەی ئامادەیی کچان لە هەڵەبجـــە سازکرد .

لەم دوو کۆڕەدا کـــــە خوشکە شەبۆ محمد مـــراد بەڕێوەی دەبردن سەرەتاوتی: گومانی تێدا نییە کە رۆشنبیری دەورێکی کاریگەری هەیە لـــە هۆشیار کردنەوەو وریـــــا کردنەوەی جەماوەردا ، جا ئەو رۆشنبیریە لە چوارچێوەیەکی راستەوخۆی وەکو کـــۆڕ بەستنو پێشکەش کردنـــی لێکۆڵینەوەدا بێ ، یـــان لـــە چوارچێوەی وەك گۆڤـــارو رۆژنامەو هەموو هۆیەکانـــی دیکەی راگەیاندندا بێ.

شایانی باسە کۆڕی یەکـــەم کاك جەمال غەمبار هاوبەشی تێدا کردو لێکۆڵینەوەیەکـــی بەناو نیشانی خەباتی ئافـــرەت لە شیعری قانیعدا پێشکەش کرد:

دوابەدوای ئەم باســـە ، باسێکی تر لە لایەن کاکـــ باسین عزیزەوە پێشکەش کرا، کە بریتیبوو لە رەخنەگرتـــن لەو باسەی لە مانگـــــی رابوردوودا کاك جباری حاجی کریم لە هەڵەبجە بـــــــە ئاونیشانی (حەتمیەتی ئەدەبو مۆڤایەتیەکی مەزن) پێشکەشی کردبوو .

پ . هاوکاری ـسلیمانـــی

ئیران (پاشماوە)

ئیراندا مۆڵـــی خـــواردووە هەرەشەی لە جەنگاوەرانـــی کورد کردووە بەوەی کـــــە فەرمانیان دراوەتی کە بـــــە تووندی دەست لـــــــە جەنگاوەرانی کورد بوەشێنن .

ئەمەو لە لایەکی تـــــرەوە هەندێ سەرچاوەی نیمچـــە ڕەسمی باسی ئەوەیان کردووە کە لە ناوچەی بلوشســـتان کە پتر لە چوار ملیۆن بلوشـــی تێدایە لـــە شـــاری زاهدان پاینەختی ناوچەکە تەقەیەکـــی زۆری تێداکراوە ، ئـــــەوەی شایانـــی باســـــە رۆژی پێنج شەممەی رابـــــوردو تەقـــیـــەکـــــی زۆری تێـــداکراوە لەو دەمـــــەدا کە نیازوابـــووە ابراهیـــم نیردی وەزیـــــری دەرەوەی پێشووی ئیران بچێت .

وە ئەو تەقانـــەی رۆژی هەینی رابـــــوور دوو لـــــە بلوشستاندا کراوە بۆتـــــــە هۆی کوژرانی ٦ کەســـــو بریندارباوونی ٢٠ کەسی‌تـــر . هەواڵەکان ئەوەشـــــیان راگەیاندووە کە لە نێـــوان هاووڵاتیـــان کـــە داوای سەربەخۆیی دەکەنو لە نێوان پاسەوانەکانی حکومـــــەتدا تەقەکراوە ئەمەش بۆتـــــــە هۆی کوژرانی دووکـــەســـو بریندارباوونی پتر لە چـــــل کەسی‌تر وەلەلایەکـــی ترەوە کوردەکان لە مەهاباد رۆژی هەینی رەفزی ئەوپێشـــــ نیازانەیان کردووە کە حکومەت کردوونی بۆ کۆتایی هێنـــان بەو ناکۆکیەی لـــــــە نێوانیاندایە .

عزالدین الحسینی کـــــە بەکتکە لە سەرکردەکانـــی کورد وتویەتـــی .. کـــــە بەگشتی ئەو پێشنیارانـــــە رەفزکراونو کـــورد بـــــە ئۆتۆنۆمی کەمتر قایل نابێ .

هەروەها وتوویەتـــی .. سەرجەمی ئەو وەفـــــــدە حکومەتیانەی بۆ گفتو گۆکردن هاتوون بۆ مـــــەهـــــاباد بەشێوەیەکی راستەقینە ئـــەو مەسەلەیەیان باس نەکردووەو مەسەلە سەرکێکەیان رەفـــز کردووە کە ئۆتۆنومی‌یە .وەئەو هەواڵەی ئاژانسی دەنگوباسی ئیران بڵاوی‌کردۆتـــــەوە ، ئەوەی بەراست نەداوتـــــە قەڵەم کە وەفدێکی نوێـــی حکومەت دیسانەوە بـــــەرەو مەهاباد کەوتبێتەرێ .

ئاژانـــی دەنگوباســـــی عیراق بەوەی زانیوەوە کـــــە دەسەڵات دارێتی ئیـــــران بەباڵوێزخانەی کۆمـــاری عیراقی راگەیاندووە کە هەموو ئەو مامۆستایانە بەرەڵاکراون کە بەندی کردبوونو ئەوەشـــی راگەیانـــدووە کـــــە ئـــــەو مامۆستایانـــــە لەگـــــــەڵ خێزانەکانیاندا بۆ عیـــــراق رەوانە دەکـــرێنـــــەوە . . ئاژانسەکە بەوەشی زانیوە کە لە هەموو مامۆستاکان تەنیـــا دووانیان بەرەڵانەکراونو بـــۆ تاران بەڕێکراون ، دەسەڵاتی ئیران بەباڵوێزخانەی کۆمـــاری عیراقی راگەیاندووە کـــــە ماوەیەك لە مەودوا بۆ عیراقیان رەوانە دەکاتەوە .

ئەوەی شایانی باســـــە بەرێز حامد علـــوان وزیری دەوڵەت بۆ کاروباری دەرەوە بـــــەوە کالـــــەت رۆژی دوو شەمەی رابـــــوردوو داخوازیەکی رەسمی دابـــوە هەنسورێنەری کاروبـــــاری ئیران لە عیراق بەوەی کە لـــە ماوەی ٤٨ سەعاتی ئاینـــدەدا ئەو بەندانە بەربدەن ئەگینـــا ئەگەر بەری نەدەن حکومەتـــی کۆماری عیراق ناچارە کـــــە هەموو عیراقیکان لە ئیـــران بکێشێتەو بۆ **پارێزگاری** لـــــە کەرامەتو ژیانیان .

ئەوەی شایانی باســـــــە هەموو دەزگاکانـــــی ڕاگەیاندن چ عەرەبـــی‌و چ جیهانی بایەختیکی دیاریـــــان بەو هەرەشەیەی عیراقـــــــە داوە کە دەربارەی بەرەڵاکردنی مامۆستاکان لە ئیرانـــــی کردبوو، سەرجەمی دەزگاکانی ڕاگەیاندنو ئێزگەکانـــــی دەوڵەتان باسی ئەو هەواڵەیان بڵاو کردۆتەوە .

لە بیروت ئەو رۆژنامانەی رۆژی سێشەممەی رابوردوو دەرچوون بەشێوەیەکی دیار لە لاپەرەی یەکەمیاندا هەوالـــی ئەو هەرەشەیەیان بـــــڵاو کردۆتەوە .

گۆڕێکی هونەری (پاشماوە)

لە راستی‌دا زیاتر خۆی لـــــە هونەری کامێراوە نزیکـــــ دەکاتەوە ئەمەش توانـــــای هونەرمەندمان بۆ دەسلەمێنی سەبارەت بەپیشان دانـــی تابلۆیەك لە چەند هەنگاوێکی جیاوازدا کە لە کۆتـــــای‌دا هونەرمەند چەند جێگایەکـــ بەیشانەدات کە مەبەســـتی سەرەکـــی‌و تایبەتـــــی بابەتەکەیەتی لە تابلۆکەیدا .

لە کۆتایدا لەلایـــــــەن هونەرمەندان احمد ســـــالارو ئازاد شوقی‌و جلال عزیـــزو میوانەکانەوە باری سەرنجیـــان دەربارەی مەبەســـــتـــو ناوەرۆکی تابلۆکانی هونەرمەند دەربڕی کە لەراستی‌دا زیاتـــر بایەخدان بوو بەبابـــــەتـــو بەرهەمەکانی هونەرمەند .

بنەماکانی (پاشماوە)

● دوای ئەمە هاتە سەر شانۆگەریی مرۆڤـو چـــاخو ببری مەهدی ئومێـــــد دوای هەندێ شی کردنـــــــەوەی دیالۆژو حبکەی شانۆگەری‌یەکە وتی :ـ

× چەند کابرایەك لە کاتی منستومڕی دکتور هامیـــرازو یاریدەدەکەی‌و کچەکەیدا دێنـــە ژوورەوە ، دیارە ئـــــەوان هەندێ شتیان بیر کەوتۆتەوەو یەکێکیان ئەڵێت : ئەتوانی بـــە دوای ئەشکەوتی هـــــــەزار مێردا بگەڕێی :ـ

ئەتوانی لە دیوارەکانـــــی بڕسیت ... ئەتوانـــــی دیوارەکانی ماچ کەیـــت ... چونکە مەلبەندی کۆنترین مرۆڤە ... من نازانـــــم نووسەر بۆ بە زۆرەملـــــێ ئەشکەوتی هەزار مـــێردی ئاخنیوەتە ناو شانۆگەری‌یەکەوە .. بە تایبەتی پەردەی دووەم لە ئەشکەوتەکەدا روو ئەدات، هامیرزار بە درێژایی ئـــــەم پەردەیە خەو ئەبینێ ، بـــــا بزانین ئەم خەوە چی کارێکی کردۆتە سەر ڕێرەوی شانۆـ گەری‌یەکە .. ئەم ئەشکەوتـــە دادگایە بەکەیەکە پەیکـــــەری ئیسکەکان دێنە بەردەم دادگاو یەکێك لە پەیکەرەکان ئەڵێت ، لە پێناوی داگیر کردنی هەموو جیهاندا تێئەکۆشام تـــــا گەلەکەی خۆم بچەسێنمـــەوە .. وادیارە ئەمە ئیسکـــــی هیتلەرە .. پاشان وەکو لـــە دیالۆژەکاندا دەرئەکـــــەوێ مارکس‌و ناپلیۆن‌و هەرچـــی پیاوە گەورەکانی‌و ئـــــەو زانایانەی بوونەتە هـــــۆی داگیرساندنی دوو جەنگـــی جیهانی دێنە بەردەم دادگـــا. تۆبڵێ ، ئەمە راست بـــێو دادگای ئاخزەمان لـــــە ئەشکەوتی هەزار مێردابـــێ وئەم هەموو گەورە پیاوانـــە لەوێ مەحکەمە بکرێـــن ... ئەگەر وابێ بێ‌گومـــــان داد بەدەستەکان خەڵکی ناوچەکـــە ئەبن .. دەبا هەر لـــــــە ئێستاوە پشتی خۆمانی لـــێ بکەینەوە .

● دوای ئەمانەو باس‌کردنی هەندێ لایەنی تری ئەوســـــێ شانۆگەری‌یەو لێکدانـــــەوەی بابەتەکانی دراماتیك لـــــە شانۆگەری کوردی‌دا وتی :ـ

× لە باس‌کردنی حبکـــەو کارەکتەردا پرسیارێکـــــی سەرەکی هەیە تاکو ئێســـتا وەڵامێکی بنەبڕی بـــــۆ نەدۆزراوەتەوە .. ئەویشـــ ئەوەیە کە لە نووسینـــــی بابەتێکی درامای‌دا کام‌بنەمای دراماتیك لە پێش‌دادێـــت حبکە یاخود کارەکتەر . ئـــەم پرسیارەش بە شێوە ساکاری‌ـ یەکەی بەم جـــــۆرە وەڵام ئەدرێتەوە :ـ نووســـــەری شانۆیی کە بیەوێت دەســـت بە نووسینی شانۆگـــــەری بکات ، ئەبێ پێش هەمـــوو شتێك چیرۆکێکی هەبێ کـــە بیکاتە بناغەی شانۆگەری‌یەکەو پاشان بەدوای کارەکتەرەکاندا بگەڕێتو بیانخاتە خزمەتـــی حبکەی شانۆگەری‌یەکە ..

ئەم سێ شانۆگەری‌یەی کـــە باسمان‌کردن لە وجـــۆرە شانۆگەری‌یانەن کە لە پێشـــدا چیرۆکەکانیان دانراوە ئینجـــا بایەخ بەکارەکتـــــــە دراوەو دەست کراوە بە نوسینەمـــان

● دوای ئەوە کاك فەهمی هات‌و بەکورتی شانۆگـــەری ژانی خۆی لێك‌دایەوەو باســـی هەموو لایەنەکای کردو هەندێ بەراوردی دیالۆژوو حبکـــەو کارەکتەرەو لایەنەکای تری کرد لەگەڵ ئەوسێ شانۆگـــەری‌یەی تردا کە باسی‌کردن‌و لـــــە کۆتاییدا بەگشتی وتـــی :ـ

× یەکێك لە رەخنەگـــرە جیهانی‌یەکان ئەڵێـــــت : نووســـەری شانۆیی نابـــــێ راستەوخۆ ئامۆژگاری خەڵکی بکات .. چونکە بینەر کە لـــە سەرکورسی دابنیشێت قـــەت گوێ شل‌ناکات بۆ ئامۆژگـــاری راستەوخۆکانی شانـــــۆ گەری‌یەك .

● لە کۆتاییدا ئامادەبوران گفتوگۆیەکی درێژخایانـــــان دەربارەی باسەکە کـــرد، بەتایبەتی نووسەری شانۆگەری مرۆڤ‌و چاخ‌و بیر کـــــال مەهدی ئومێد خۆی ئامادەبوو ، هەندێ وەڵام‌و تێبینی خـــۆی دەربارەی باسەکە دەربـــڕی‌و ، بەشێوەیەکی گشتی کۆرەکـــە سەرکەوتوبوو ، هیواداریـــن ئەوانەی ئەم جۆرەمـــــــە سەلانەیان بەدەستەو خەریکن بە ڕێکوپێك‌کردنی بـــاری رۆشنبیری‌یەوە هەردەم ئـــاوا لە وجۆرە شوێنانەدا کـــۆری ئەدەبی‌و رۆشنبیری‌و هونەری سازبکەن هەتا جەماوەری ئەو شوێنانەش بتوانن شـــارەزای بابەتەکان بین .

گفتوگۆیەك (پاشماوە)

ـزوربەی یاری‌یەکان کـــە بەشداریم تیا کردوون بە دڵم بوون ، بەڵام ئەوانەی لـــــە یادم ناچن ،یاری لە ســـەر ئاسی پەروەردەو کاســـی باشترین یاری زانم وەرگرت، یاریی هەڵبژاردەی شـــاری کەرکوك لە گەڵ سلیمانی کە تیابدا سێ گۆڵم تۆمار کرد ، ئەو یاری‌یەی لە خولـــــی هەڵبژاردەکانی عیراقدا کـــراو لە گەڵ تیپی بەغدا تەنیـــا گۆڵیکمان تۆمار کرد ئـــــەو گولەش لە لایەن منەوە بـــوو، ئێستاش کە ئەندامی تیپـــی هەڵبژاردەی قوتابخانەکانـــی عیراقم یاری ئەم دواییەمـــان لە گەڵ صومال ، ئـــــەوان هیچ گـــول صومال دوو گـــەڵ لەو یاری‌یانەیە لە یـــــادم ناچێ‌و هەر یاری زانی لـــــە تیپەکەمان لە دوای ئـــــەم سەرکەوتنە مەدالیایەکـــــی زێڕی وەرگرت‌و چوونم بـــۆ یاری کردن لە دەرەوەی وڵات گەلێ شادمانی کردم بـــــە تایبەتی دوای سەرکەوتنمـــان

● کام یاری زانت بـــــە دڵەو دوا ڕۆژی‌خۆت چـــۆن دەبینی ؟

ـلە عیراق «فلاح حسن »و لە جیهاندا ـبیلیەـ و ـکیگن کیفان ـو لە یاری‌زانەکانـــی خۆشمان (یاسین عبدالله)و «شیروان»و «بەرزان» ی برام ئاراتیشم بۆ خۆم ئەوەیـــــە بەردەوام لە یاری‌کردندا پێش بکەوم .

گۆڕێکی (پاشماوە)

بەناونیشانی (چـــۆلەکـــــە ، مانگ‌و منداڵانی گوندەکـــــە ، وێنە) خوێندایەوە . شایانی باسە ئەمانەش لە لایـــــەن مامۆستا محمد رشید فتاحەوە لێکۆڵینەوەیەکیان لـــــــە سەرپێشکەش‌کرا باش ئەوەی پاری ئەدەبی منداڵانی لـــــە کۆنەوە تا ئێستا لەگـــــەڵ نوسەرەکانیا دەست نیشان‌کرد تێکرا سەبارەت بـــــــە چیرۆکەکان وتی لە هونـــــەری لاسای‌کردنەوە بـــــەدورن‌و خەیاڵی منالیان فـــەرامۆش نەکردوە ...

سینەمای (پاشماوە)

لە کۆبوونەوەیەکی لێکۆڵینـــەـ رەکەدا باسێکی فراوان لـــــە لایەن مامۆستا احمد فیاض المفرجی‌یەوەدەربارەی سینەمای زایونی پێشکەش‌کرا .هەروەها باسێك ٥ لایەن مامۆســـــتا یوسف الیوسفەوە لـــــــە بنوسکەی فەلەستین .

ئەوەی شایانی باســـــە ، لیژنەکە ئاگەلی بریـــــــارو راسپاردەو داواکـــــاری راگەیاند بۆبەر بەستی کردنـــی سینەماو راگەیاندنی زایونی‌و تەنگ هەڵچنین بـــــــە ئەسلوبەکانیان لەبەردەم رای گشتی جیهاندا .

ئەحمەدی نالبەند (پاشماوە)

ئەز دەرکەفتم بەر تاقـــی شەتیانێ شەوقـــێ د دەتـــــێ
سەیێت رەون ب تفاقـــی

× ● ×

یێ مالێ یێت خەو بـــــوو من ئەزانی چ تۆڤـــــــێ
ئەو ژی خدان رەوڕەو بوو مەعنا رابۆری هۆڤـــــە
وەدیارە حکمەت ئەو بـــوو دا ئەز بمیزحە ب خوڤـــە

× ● ×

چووم بەر تانێ کوتانـــــێ من مەسینێ خو دانـــــا
بو فیرفیرا هنبانـــــــێ

ئەڤرو (پاشماوە)

هەمی نەفەرا سەلـــەوات‌و دوعا بۆ شوفێری کرن کـــو بسەلامەتی گەهاندە گوندی .

ـ شوفێری مەژن سمشلێت خۆ بادان‌و بن لێڤا ڤـــــە دگۆت وەك مروفکـــــــێ ژ خۆرازێ .

ـ ئەز نە ئەڤرو دوهـــــی بویمە «شوفێر»

ـ خالێ ئەحمەد ئەڤـــــە بێش «بیست ساله شوفێرم.

ـ ئەرێ بابو گەلـــــەك ژ مێژیە سەر ئێ رێکێ ئـــــەرێ عەمرەك .

ـ دێ برا دابێمە خـــارێ هەچکو یێ ئۆتی‌دا لـناڤ ترومبێلێدا پێت وی نە دهاتنە بەر سەر کۆلانا مالێ وێ گرت خۆ راخراند ، هێش نەگـــەـ هشتیە بەر دەرازینکێ .

شیرین ئەو زاڕویا پـــــرچ زەرد وەك نافکا نێرگـــــزێ هاتە بەراهیکێ

ـسەیدا «ـــــ» چـــۆ .

گەلەك ما لژڤانێ تە تـــۆ ئەهاتی هەر وەکی سەتلەکـــا ئافا سار بسەرێ ویدا کربیت .کەپو لال بوو ئەئاخفـــت گوند هەر وەکی کافلەکـــــی هاتە پێش چافا .

ئەو وارە بەلێ نە ئـــــەو بەهارە ، هەر خـــانی‌و دارو بەرێیت پێش چافا درفـــرن، وەك سەر عسکەرەکـــــــێ شکەستی ل جهێ پێ خـــۆ زڤری ئەو هیفی ئومیدێت وی هەر وەکی خەونێت نیڤـــرو ترشی‌و بلاڤ بوون .

سەرێ رێکا ل ئالوز ، بـــوو ئەزانی کا دێ چەوا زڤرێتـــە وی جهێ ژێ هاتی .

لە یۆبیلی (پاشماوە)

بەڵام ئەکەوت .. بەڵکو لـــــە لوتکەی شـــیعرو هونـــەردا بەجێی هێشتین»

● دوای‌ئـــەوە پارتـــــی دێموکراتی کـــوردســـتان (٢٠٠) دیناری پێشکەشـــی بەکێتی کرد بۆ یارمەتـــی‌دانی چاپکردنی بەرهەمەکانـــــی گـــۆران مەحـــود زامـــدار وتارێکـــــی خوێنـــدەوە دەربارەی لاواندنەوەکانـــی گۆران بۆ جگەرگۆشەکانـــی‌و ئەو کۆرپانەی لە بەردەســـتی هەڵگیران بەرەو گـــــۆڕی تاریك‌و چەند شیعرێکیشـــی لەوانەی بـــۆ منداڵانـــــی وتوە بە نموونە هێنایـــەوە .

ئەمجا عەبدولکەریم عوسمانی هونەرمەند دوو شیعـــــری گۆرانی خوێندەوە

١ ـــ دوا سەرنج ،

٢ ـ شەهید

لە کۆتایی‌دا وتـــــــەی بنەماکەی ((گۆران » ئـــــەژی گۆرانی شاعیر پێشکەشـــی کەمو کووڕیەکانی زانـــــی بەیمانی‌دا کە بەوزورترین کات هەمووی جێ بەجێ بکـــا .. . بۆیە پاش گەڕانەوەی هـــــەر ئەرەندەمان زانی یارێکـــــی ووشتر لە کتیب‌و دەفتەرەوە پێویستیەکانی تری قوتابخانە گەبشتە سلێمانی . پاشـــــ ئەمەش بەڕێز مفتشـــــــی ناوچەی گەرکوك ودیالی سید نوری ئەفندی هاتە سلێمانی چەند ڕۆژێك مایـــــەوە . . هەرچی کەموکووڕیەکـــــی فوتابخانەکە هەبوو جێ‌بەجێی کرد مامۆستای باشی بـــۆ دانا ، ئامۆژگاری دڵســـۆزی بۆ کردن ، ڕێوشوێنـــــی نوێی فێرکردن .. بۆ دانان بەم چەشنە بەحەوڵ‌وکۆششی هەموو لایەك دەرگـــــای یەکەمین قوتابخانەی کـــوڕان کرایەوە .. مامۆستایـــــان کەوتنە چالاکی نوانـــــدن‌و تەنەڵلادان بـــۆ فێرکـــردن‌و چـــاوکردنەوەی جگـــەر ـ گۆشەکانیان شەوو ڕۆژیـــان لێك دەدا تابە چرای خوێندن شەوە زەنگی تاریکی ڕووناك کەنەوە .

بە وشەی جوان‌و شیریـــن‌و وتەی دڵسۆز ئاگری وریابونەوە خۆش‌کەن .

پاش ئەمە مامۆســـــتا زیوەر درێژە بـــە باســـەکەی دەداو دێتەسەر چۆنێتـــــی داروباری ئەم قوتابخانەیـــە دەڵێت ئەم قوتابخانەیە لـــە پێنج پۆل پێـــك هاتبـــوو چواریان پیان‌نەووت ئەووەلی‌و بەکێکیان ســـەرەتایـــی ، ژمارەی قوتابییەکانـــی ١٤٠ قوتابی بوو هەر وەکو ژمارەی مامۆستایانیشی شەش بوو .

هـــــــەرچەندە کـــــە تەنها فەراشێکی هەبوو لـــــە دوایدا مامۆستا زیـــــوەر پێشانی‌دەدا کە گوایـــــا کاربەدەستان بەڵێنیـــان داوە کەسەری ساڵی ئاینـــــدە دەست دەکەن بەکردنـــەوەی قوتابخانەیەکی ترو ئێمەش بەم هۆیەوە ئومێد دەکەیـــن شارەکەمان بچێتە ڕیـــزی شارەکانی تری عێراق لـــــە مەیدانی قوتابخانە کردنەوەو پێش‌کەوتن‌دا . ئەمە بـــوو سەرگوزەشتەی دانانـــی یەکەمین قوتابخانەی کوڕان لە سلێمانی ســـاڵی ١٩٢٥ سەرچاوو ڕۆژنامـــــەی (ژیانەوە ساڵی ١٩٢٥ .

پێنجەم پێشانگەی (پاشماوە)

دیمەنەکانی ناوچەکەمان لـــــە نێوانیاندا بەچاکـــــــی دەردەکەوێت ئەمـــــــەو دەربڕینی باری کۆمەڵایەتـــی‌و هەڵس‌و کەوتی دانیشتوانـــی کوردستان دیسانەو یەکێکـــ بووو لە ناوەرۆکـــــــی بابەتەکانیان .

لەم پێشانگەیادا جگە لـــــە هونەرمەندە ناسراوەکان چەند هونەرمەندێکی لاو بەشداریان تێدا کردووە . مەبەســـتی تایبەتیش لە سازکردنـــی پێشانگەی ناوبراو کۆبوونەوەو بەگرتنی هونەرمەندانـــــی سلێمانی‌یە لەم ڕێگایەوە کـــە جێگای هیوایە بێتـــــــە هاندەرێك بۆ گشـــــت هونەرمەندان بۆ ئەوەی کـــە هەمیشە بەردەوام بن لـــــە پێشکەش کردنی چالاکی‌یـــەـ کانیان ، چ بە شـــێوەی تایبەتی وە چ بە شـــێوەی گشتی ،ئەمەش بۆ ئەوەمـــان ڕادەکێشێ کە بڵێین ئـــــەم هونەرمەندانە خاوەنی ئـــــەو تواناو بەهرەیەن کە بتوانـــن لە ڕێگای بەرهەمەکانیانـــەوە خاوەنی هەڵوێستی خۆیانـــن‌و مافی ئەوەشیان هەیە لـــــە لایەن لێپرسراوانەوە هـــــان بدرێن ئەمەش لە ڕێگـــــەی کڕینی بەرهەمە کانیـــــان‌و ئامادە کردنی هۆلێکـــــــی تایبەتی بۆیان کە هەمـــــوو مەرجێکی هونەری تیادابێت .

لە ڕاستیدا چوونە نـــــاو ناخی تابلۆکان‌و هونەرمەندەکان کە وەك گوتمـــــان «١٢١ » بەرهەمی جۆر بە جـــۆری « ٥١ » هونەرمەند پیشـــان دراوە کارێکی ئاسان نییە ، چونکە هەر یەکەیـــــان مەبەستێك‌و ڕێچکەیەکـــــی تایبەتی خۆی گرتوەو بـــــە کاری هێناوە ، ئەمەش بـــە ڕێچەوانەی پێشانگـــــەی تایبەتی هونەرمەندەوەیە کـــە نووسەرو بینەر دەتوانـــــن تابلۆکانیان شی‌بکەنەوە چونکە زۆرجار لەم چەشنە پێشانگەـ رایەدا یەکگرتنێکی نـــاوەڕۆك‌و بابەت بەخۆوە ڕاگیردەکات ، هەروەها ئەگەر ئەمەشیان بۆ نەلوا هونەرمەنـــدی ناوبراو دەتوانێ خـــۆی تابلۆکانی روون بکاتـــەوە ،بەڵام لێرەدا بەتایبەتی بـــۆ نووسین کارەکە دیسانـــەوە پێچەوانە دەبێتەوە لەبـــەر ئەوە هەتا پێشەنگای داهاتوو چاوەڕوانی گەلێك بابـــەت‌و بەرهەمی سەرکەوتووتـــــر دەکەین بە هیوای بڕەودان بە هونەری تەشکیلی کوردی بـــۆ خزمەت کردنی نەتـــــەوەو نیشتمان .

بۆ زانین

لە بڕۆژەکانی فەخشەی پەرەپێدانی نەتەوایەتـــی ـ بڕۆگرامی ڕەنێوهێنان ئەمیندارنی گشتی‌ی بەڕێوەبردنـــی کارو خانەسازی قۆنتەراتی نهێنی‌ی ژمارە ٧٩/٢٢ بـــۆ دروستکردنی گەرم کردنەوەی نەخۆشخانەی نەخوشیەکانـــی سنگ لە سلێمانی .

بەمە ڕایدەگەیەنین کە ئەم قۆنتەراتە نهێنی‌یەی سەرەوە بە پێی ئەم مەرجانەی خوارەوە هەیە :

١ ـ دەتوانرێت کۆمەڵەی ئیستمارەی مەرجەکانـــی قۆنتەراتەکە لە مەڵبەندی ئەم ڕەڕێوەبەرێتی‌یە یان لـــــە بەڕێوەبەرنتی‌ی کاری پارێزگای سلێمانی بەرانبەر بـــــە (١٠) دینار کە نادرێتەوە دەست بکەوێت بە مەرجێـــك قۆنتەراتچی مەرجە گشتی‌یەکان‌و مواسەفاتی هونـــــەری بکڕێت کاتێك قۆنتەراتەکەی دەکەوێتە ئەستۆ .

٢ ـ دوا ماوەی پێشکەش‌کردنی تەندەرەکان لە یـــان پێش کاتژمێری دوانزەی نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممـــەی ڕێککەوتی ٢٦ـ١٢ـ١٩٧٩ دەبێت‌و بە سکرتێری لیژنـــەی ئەردنەوەکان لە مەڵبەندی ئەم ئەمیندارنتی‌یە دەدەرێـــت .

٣ ـ دەبێت ئەمانەی خوارەوە لە گەڵ تەندەروکان‌دا بن :ـ

ا ـ بارمتەی سەرەتایی بە (٩٠٠) نۆ سەد دینـــار لە شێوەی کەفالەتی بانقەدا کە بۆ ماوەی شەش مانگ لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەکانەوە، کار بکات یان چەکێکـــی مۆرکراو .

ب ـ پێناسی ژووری بازرگانی لە گەڵ بەڵگەنامەیەك‌دا لە بەڕێوەبەرێتی باجی داهاتەوە دەرچووبێت‌و بۆ ئەم ساڵ نوێ کرابێتەوە .

ج ـ کارنامەی ئەو کارانەی لە ئەمە دەچن .

د ـ پێناسی پلە دیاری کردنی قۆنتەراتچیەکان .

٤ ـ هەر تەندەرێك لە کاتی دیارکراودا پێشکەشـــ نەکرێت یان بە پێی مەرجەکان نەبێت پشـــت گـــوێ دەخرێت .

٥ ـ ئەم بەڕێوەبەرێتی‌یە بابەندی ئەوە نی‌یە نزمترین تەندەر لە رووی نرخەوە وەربگرێت یان هەر تەندەرێکـــی تر .

٦ ـ هەر ڕۆژێکی دواکەوتنی کار (٢٥) بیســـت‌و پێنج دینار سزا دەدرێت .

٧ ـ ماوەی بەجێهێنانی تەندەرەکە شەش مانگـــــە لە ڕۆژی پێکەش کردنی تەندەرەکانەوە .

٨ ـ پێویستە قۆنتەراتچیەکان نەخشەکان لە گـــەڵ تەندەرەکانیاندا بهێننەوە ، نەخشەکان تەنیا بەو قۆنتەراتچیە دەدرێت کە قۆنتەراتەکەی بۆ دەرچووە .

٩ ـ پێویستە قۆنتەراتچیەکە پوولێکی (٢٥٠) فلـــی بە تەندەرەکەوە بلکێنێت .

١٠ ـ ئەو تەندەرانەی لە ناو زەرفی داخراودا نەبـــن پشت گوێ دەخرێن .

١١ ـ لە بەج هێنانی قۆنتەراتەکەدا پشت بە مەرجـــە گشتی‌یەکانی قۆنتەراتی کاروباری ئەندازیاری مەدەنـــی بە هەردوو بەشی یەکەمو دووەمیەوە دەبەسترێت .

١٢ ـ هەر سڵ‌کردنەوەیەك لە لایەن قۆنتەراتچیەکەوە لە ناو تەندەرەکەدا نووسرابێت پشت گوێ دەخرێت .

١٣ ـ پێویستە قۆنتەراتچیەکە کاتێك قۆنتەراتەکـــە دەکەوێتە ئەستۆی ئەندازیارێك دیاری بکات هەر کاتێـــك پێویستی کرد سەر لە کارەکە بدات .

١٤ ـ پێویستە قۆنتەراتچیەکە کاتێك قۆنتەراتەکـــەی دەکەوێتە ئەستۆوە عەمبارێك یان چەند عەمبارێـــك بـــۆ باراستنی چەمەنتۆ ئـــامادە بکات .

محمد محی‌الدین شریف
و . ئەمینداری گشتی
بە ڕێوە بردنی کارو خانە سازی.

Institut kurde de Paris

تۆ خوای شیعری سەدەی ئەمڕۆی خوای ئاوازەی
تۆ پەرستگای شانۆی قوتابخانەی تازەی
تۆ خاوەنی هونەرێکی بەهرەی چوانی ، تو «گۆران»ی
چۆن نابینە وێردی زبان وەکو بەستە وەك گۆرانی .

لە ڕۆژی سێشەممەی ڕابردوودا ١٨ی کانوونی یەکەم حەشاماتێکی زۆر لە خۆشەویستانی وشەی پاکی کوردی لە هۆڵی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردیدا کۆبوونەوە .. بۆ ئەوەی لەگەڵ مەلبەندی گشتی یەکێتیی نووسەرانی کوردا ڕێزو دڵسۆزی خۆیان بۆ بیرەوەری حەفتاوپێنج ساڵەی لە دایكبوونی « گوران »ی نەمر دەربڕن .

لە سەرەتادا مارف عومەر گولی شاعیر بەخێرهاتنی میوانەکانی کردوو ئەمجا د. عیزەدین مستەفا ڕەسول وتەی یەکێتی نووسەرانی کوردی پێشکەش کردو . . وتی :

تاریکایی مەرگ دەڕەوێنینەوەو نەمری‌و لەدایكبوون زیندوو دەکەینەوە . . ساڵان یادی کۆچو مەرگی گۆرانی مەزن دەکرایەوە .. ئەمجارە ئێمە یادی لە دایكبوونی دەکەینەوە .. چونکە گۆران نامرێ .. هەردەم زیندوە .. تا ئەمڕۆش ئەو کەلێن‌و کە لە بەرەی بەهێزی مەرگی گۆرانەوە دروستبوو ، لە ئەدەبەکەماندا پڕ نەکراوەتەوە ..

یادی ٧٥ ساڵەی مەزن‌و لوتکەیێکی وەك گۆران مبهرەجانێکی هێند گەورەی گەرەکە کە هەفتەو مانگیش بخایێنێ .. بەڵام بەداخەوە.. یەکێتیی‌یەکەمان هەر ئەوەندەی لە دەستهات ..

ئەمجا وتی : کاتی خۆی دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی یارمەتی خۆی پێشکەش کرد بۆ ئەوەی‌کە گۆڕەکەی بۆ هەلبەستێ

٥٧ ساڵ ژیان‌و بەرهەم .. ١٧ ساڵیش دوای کۆچی .

چیای هەورامان .. دڵداری قژی کاڵو لێوی ئاڵ . . بناغەی پتەوی برایەتی‌و دۆستایەتی گەلان.. هاوەنگی کرێکارانی کوردو عێراق لەگەڵ کرێکارانی گوێ دەریاچەی خەزەرو کرێکارانی جیهان ..

واتە کوردێکی پاك‌و دڵفراوان‌و ئازادیخواز . . برایەتی ڕاستەقینەی کوردو عەرەب .. شاعیری کریکاران‌و جوتیاران ..

بۆیێ لە کەداران‌و تووڵە سەگی ئاغاکان پێی دەوەڕین. هەوڵیان دەدا بۆ سرینەوەی مەزنی‌و پیرۆزی‌و ئازادیخوا هی گۆران ..

ئەمجا ئۆبەرێتی «گوڵی خوێناوی » پێشکەش‌کرا . . کە لە ئاوازی ڕەفیق چالاك‌و نواندنی هونەرمەندان شیرین عیزەت‌و حەمە عەلی حەسەن‌و دەرهێنانی بەرزان عوسمان بوو ..

دەنگی خۆشی حەمە عەلی‌و نواندنی دڵگیری شیرین لەو گوڵە خوێناویە چەپکە گوڵێکی ڕەنگاوڕەنگ‌و بۆن‌خۆشیان هێنایە بەرهەم‌و پێشکەشی میوانەکانیان کردو .. دوو خەڵاتیش پێشکەش بە شیرین کرا .

دوای ئەوەش عبدالله عباسی شاعیر هەندێ بیرەوەری ناسکی دەربارەی گۆران پێشکەش کردو تیای‌دا وتی :

تەنیا جارێك بۆم ڕەخسا «گۆران» ببینم .. ڕۆژێك پێش مەرگی بەبێ ئەوە بانگم بکەن لەگەڵ دەستەیێك ئەدیبدا چوومە دیداری دەمبینی ئازارو خەمەکانی هەمووی هی شیعرو وشەی جوانە نەك هی نەخۆشی ..وام هەست کرد دەمێکە ئەم ڕێبوارە ماندوەی ڕێگای شیعرەم ئیتر ڕۆژێ دوای ئەوە لەگەڵ ئەرمەکەی داچوومە سەیوان‌و دوا کەس بەجێم هێشت ..

شیعری « دەروێشی عەبدوڵلا » «ئەوەندەم بیست لە مۆسیقاو خرۆشی ڕۆحی بێگانە » گۆرانی ناو چێگا و چاوەڕوانی مەرگ‌و گۆرانی ناو گۆڕی دەهێنایە بەرچاوم ..

گۆران خۆی وتەنی «ساغ کەرەوەی تەلیسمی سك وزای شیعر »بوو . خۆزگە ئێستاکە لە ناومان‌دا بوایە .. ئایا ڕازی دەبوو ئێمە خەریکی لاسایی کردنەوەی بوونیایە یا هانی بۆ نوێکردنەوە دەداین ؟! گۆران لەسەر نوێکردنەوە دەرزی ئاژن‌کرا .

بڕوانە : ل : ٧

پەروەردە

لەوانەیە بە ڕێکەوت هەندێ لە منداڵان بە قسەی ناشیرین ڕابێن‌و قسەی نالایەقیان بەدەم‌دا بێت ، ئەمانیش یان لە کەسێکی تری لە خۆیان گەورەتری دەبیستن یاخود لە منداڵانی گەڕەکی هاوتەمەنی خۆیان دەبیستن ، بە تایبەتی کاتێك پێکەوە یاریی یان شەڕ دەکەن‌و ئەم جۆرە قسانە بە یەك دەڵێن ، منداڵانیش کاتێك ئەم قسانە دەڵێن خۆیان بە ئازا لە قەڵەم دەدەن. بێگومان ، ئەمە دیاردەیەکی چاك نی‌یە منداڵ پێویستە ، فێری زمان شیرینی بکرێ ، نەك ماوەی بدرێ‌و وشەو قسەی وا فێر ببێ کە لە ڕەووشتی کۆمەڵایەتیدا بە دیاردەیەکی نا پەسەند دادەنرێ ، کە وابێ چۆن دەتوانرێ بەر بەستی ئەم کارە لە ئەستۆی ماڵەوەیە بە تایبەتیش دایك ، بەڵام چارەسەرو بەر بەستی دیاردەکە بە تووڕە بوون‌و پێدا هەڵشاخان نابێ ، بەڵکو بە عەقڵ‌و سەلیقەو ڕەفتاری مەوزوعی . وەك تەقەللادان بۆدورخستنەوەی منداڵ لەو هاوڕێیانەی دەم هەراشن ،بە کار نەهێنانی قسەی ڕەق لە بەر چاوی منداڵ لە ماڵەوەو لە سەرەتای فێر بوونی قسە کردندا ،ڕاهێنانی بە ووشەی جوان‌و شیرین‌و ئەم ڕەفتارە چاکترین ڕێگایە بەروەردەی ڕاستەقینەی منداڵ دەکاتەوە .

سمیرە محمد علی

پێنجەم پیشانگەی هونەرمەندانی سلێمانی

بە چاودێری بەڕێز بارێزگاری سلێمانی نەقابەی هونەرمەندان لقی سلێمانی بیجەم پیشانگەی هونەرمەندانی سلێمانی لە هۆڵی قوتابخانەی سەرەتایی گۆیژەی کچان کردەوە .

لەم پێشانگەیەدا (٥١) هونەرمەندی‌دەرەوەو مەڵبەندی بارێزگای سلێمانی هاوبەشی‌یان لە سازکردنیدا کردبوو کە بریتی بوون لەم هونەرمەندانە .«نازی بابان . ئومێد احمد علی . ئومێد عبدالله صالح. احمد حاجی نامیق . ئاراس عبدالکریم . اسماعیل خیاط. اسماعیل مصطفی . اکرم سعید رشید . باپیر « محمد سعیدە. بەختیار مصطفی . برهان صابر . بێستون عبدالقادر . ثروت انور سەوز . جمال محمد اسماعیل. حکمت هندی . حمەفرج احمد . حەمە کاکە. خالد رسول . خالد ستار محمد . دڵشاد صاحبقران . ڕوەوف علي سعید . رمزی قطب الدین . سعاد ستار .شێرزاد شوقی . عبدالکریم رشید . عثمان خال . عزیز سلیم . علی جۆڵا. علی کریم‌امین . علی کما . علی لطیف . علی محمد محمود . عمرتوفیق . عمر چاوشین. عمر محمد محمود. غاندی انور ئۆخی . فائق نوری ، فتح‌الله کریم . قادر کوردی. قادر میرخان .کوردۆ حمەعلی .کۆسرەت جمال‌عبدالغفور . خوشکە گوڵنار لاوە . محمد جزا توفیق . محمد حمەسعید حسن .ناصرتوفیق. نهرۆ محمود عبدالقادر .نوری اسماعیل فتاح . هیوا عبدالله صالح . یحیی محمد نوری رشتید . عثمان قادر .

شایانی باسە کە بەرهەمەکانیشیان بریتی بوون لە «٩٧» پۆستەرو تابلۆی زەیتی‌و ئاوی‌و ئینشی مەرەکەب‌و گرافیك لە گەڵ «٢٤» پارچەی سیرامیك‌و بۆرەك‌و دار ، کە سیرامیك بۆ یەکەم جار لە پێشانگەی هونەرمەندانی سلێمانی‌دا هاوبەشی دەکات .

بەرهەمەکانیان بە گشتی پەیوەندی‌یەکی ڕاستە خۆی بەهێزی بە ناوچەی کوردستانەوە هەیەوە ڕەنگدانەوەیەکی کارتێکردنی

فریا عبدالله

پ . هاوکاری لە سلێمانی

بڕوانە ل : ٧

سینەمای زایۆنی و چۆنیەتی بەرەنگاربوونی

دەزگای گشتی سینەماو شانوو- مەڵبەندی لیکۆڵینەوەو - ئەلقەیەکی لیکۆڵینەوەی سازکرد بۆ باس‌کردنی ئەسلوبی سینەمای زایونیزم لە ماوەی سێ ڕۆژدا گەلی باس لەم بارەیەوە بەرچاو خراو چەندان شارەزای ڕەخنەو ڕۆژنامەنووسی‌و کارگێرانی سینەمایی بەشداریان تیا کردو ئەوە دەوریان ڕوون‌کردەوە کە سینەمایی زایونی لە دنیای ئەروپاگەندەو ڕاگەیاندندا دەیگێڕێ‌و باسی ئەوەش کرا کە چۆن ڕوو بەرووی ئەم ئوسلوبەی دوژمن لەسەر ڕێبازی تازەی تازەی مەوزوعی بکرێ.

لە ڕۆژانی لیکۆلینەوەکاندا، چەند فلیمیکی زایونیەکان وەك نمونە پیشان‌دران کە هەموو فلیمەکان نموونەی ڕەگەز پەرستی بوون لە پاڵ ئەوەشدا ئەو فلیمانە . جۆرە تەقەللایەکی زایونی دوژمنە بۆ هەڵگێڕانەوەی ڕاستیە مێرووییەکانی .

لەو فلیمانەی نیشان دران (عینتبە) و «ئالتونی ڕۆما»و «بنی‌موسێ»، هەروەها

ذکریات محمد حسن

بڕوانە : ل : ٧

گوێ درێژو بارە خوێ

گوێ‌درێژەکەی دەبردە پۆخ دەریا و لەوێش‌دا خوێی دەکڕی‌و لێی بار دەکرد ، باشان دەیهێنایە بازاڕ و دەیفرۆشت ،

ڕۆژێکیان لەوەوەختەی کە گوێ‌درێژەکە بارە خوێی لە سەر پشتتا بوو ، قاچی هەڵخلیسکاو کەوتە ناو ئاوەوە ، دوای ئەوەی توانی لە سەر قاچەکانی بوەستێ ، سەیری کرد بارەکەی سووك بووە ، چونکە خوێیەکە نوابۆوە .

بازرگانەکە گەڕایەوە کەناری دەریاو دووبارە خوێی کڕیەوە بەڵام گوێ‌درێژەکە هەمان کاری دووبارەکردەوە و خۆی خستەوە ناو ئاو ، لە دواییدا بە هانکە هانکەوە وەستا .

بازرگانەکە لە فێڵی گوێ‌درێژەکە هەستیار بۆوە ، ئەمجارەیان گەڕایەوە بارە ئیسفەنجێکی کڕی‌و گوێ‌درێژەکەی بار کرد ، گوێ‌درێژیش کەمێ ڕۆیشت‌و دیسانەوە ملی نایەوە بۆ ناو ئاو ، ئیسفەنجیش ئاوی هەڵمژی‌و قورسایەکەی زیاتر بوو ، وای لێهات بارەکەی سەر پشتی لە بارە خوێ گرانتر بێت .

ئیتر بەم جورە گوێ‌درێژەکەی ڕاهێنا کە دڵسۆزانە کارەکەی بە سەر بەرێت .

ئامادەکردنی محسن‌ئاوارە

هەڵبژاردەی بۆمنالان



● **عزیز هەریری : لە عەرەبیەوە کردوویە بە کوردی .**

..... لە شەوێکی مانگەشەوا «ئازادو باوکی » لە نزیك ماڵەکەی : خۆیان پیاسەیان دەکرد :

– «ئازاد» بە باوکی گوت :

– بابە گیان ، سەیرکە وا مانگیش لە گەڵ ئێمە پیاسە دەکات ..

– باوکی گوتی :

–کوڕم بۆیە پیاسەمان لە گەڵدا دەکات چونکە ئێمەی خۆش دەوێت ....

دوای ماوەیەك « ئازادو بانی » بەرەو ماڵ گەڕانەوە لە ڕێگا ئازاد سەیرێکی ئاسمانی کردو باوکی گوت :

– بابە گیان ، خۆ وا مانگیش لە گەڵ ئێمە بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە . . .

باوکی گوتی :

–« بەڵێ ڕاستە ئەوە دەبەوێ پارێزگاریمان بکات». کە گەیشتنە ماڵەوەو سەرکەوتنە سەر بانی خانوەکەیان «ئازاد» لە بەر ئەوەی دیمەنی مانگەکەی هەر لە بەر چاو ئەو ساتە بە ڕێکەوت هەندێ لە منداڵان بە قسەی ناشیرین ڕابێن‌و قسەی نالایەقیان بەدەم‌دا بێت ، ئەمانیش یان لە کەسێکی تری لە خۆیان گەورەتری دەبیستن یاخود لە منداڵانی گەڕەکی هاوتەمەنی خۆیان دەبیستن ، بە تایبەتی کاتێك پێکەوە یاریی یان شەڕ دەکەن‌و ئەم جۆرە قسانە بە یەك دەڵێن ، منداڵانیش کاتێك ئەم قسانە دەڵێن خۆیان بە ئازا لە قەڵەم دەدەن. بێگومان ، ئەمە دیاردەیەکی چاك نی‌یە منداڵ پێویستە ، فێری زمان شیرینی بکرێ ، نەك ماوەی بدرێ‌و وشەو قسەی وا فێر ببێ کە لە ڕەووشتی کۆمەڵایەتیدا بە دیاردەیەکی نا پەسەند دادەنرێ ، کە وابێ چۆن دەتوانرێ بەر بەستی ئەم کارە لە ئەستۆی ماڵەوەیە بە تایبەتیش دایك ، بەڵام چارەسەرو بەر بەستی دیاردەکە بە تووڕە بوون‌و پێدا هەڵشاخان نابێ ، بەڵکو بە عەقڵ‌و سەلیقەو ڕەفتاری مەوزوعی . وەك تەقەللادان بۆدورخستنەوەی منداڵ لەو هاوڕێیانەی دەم هەراشن ،بە کار نەهێنانی قسەی ڕەق لە بەر چاوی منداڵ لە ماڵەوەو لە سەرەتای فێر بوونی قسە کردندا ،ڕاهێنانی بە ووشەی جوان‌و شیرین‌و ئەم ڕەفتارە چاکترین ڕێگایە بەروەردەی ڕاستەقینەی منداڵ دەکاتەوە .

سمیرە محمد علی

ئیتر کە ئازاد ئەوەو قسەیەی گوێ‌لێ بوو گوتی :

–« کەواتە منیش مانگم خۆش دەوێتولە گەڵیا دەبم بە هاوڕێ ».

ئینجا هەر لەو شەوەوە ئازاد بوو بە هۆگری مانگ‌و هەموو شەوێك کە مانگی دەبینی زەردەخەنە لێوەکانی بەر نەدەداو دەکەوتە گفتوگۆ کردن لە گەڵیدا ، تا ئەو کاتەی بێڵووی چاوەکانی دەنایە یەك‌و خەو بە سەریا زاڵ دەبوو دەخەوت .....

بەبە گیان ، دەمەوێ مانگیش لە گەڵ منداا بخەوێت باوکی گوتی :

« کوڕم مانگ بە شەو ناخەوێت »..

ئازاد گوتی :

« باشە بۆ ناخەوێت »؟ .

باوکی گوتی :

– «کوڕم ، چونکە دەبەوێت تاریکی ڕاو بنێت‌و دەری بکات ».

منالێ پاکو خاوین

شیعر بۆ منالان

منالی پاکو خاوێن
ئازاو زیرەکەو ڕێ خوێن
چونکە پاکو خاوێنە
بێ‌گەردە وەك ئاوێنە
پێویستە هەموو وابن
پاك‌و ڕەووشت پاڵاڵبن
هەمیشە گوڵمی ئاڵە
یان سوورە وەك گوڵاڵە
بەیانیان لە خەو هەڵسا
دەستو دەمو چاو ئەشوا
هەرگیز نەخۆش ناکەوێ
هەمووکەس خۆشی ئەوێ

حمە سعید حمەکریم

بۆ زاخاوی مێشك

منالی ئازیز

لە ساڵەکانی پەنجاوە هەتا ماوەیەکی زۆرو سەرەتای شەستەکان گۆڤاری لە هەولێر دەردەچو ، ناوەکەی لە پێنج بیت پێك هاتبوو ئەگەر لەو پینانە وشەی تر دروست بکەین بەم جۆرە دەبێ :

٣ + ٤ + ٥ = بۆ وەخت بەکار دێ

١ + ٢ + ٣ + ٢ = خاوەنیەتی شت .

١ + ٤ + ٣ = گەیشت

ئەگەر ژیری وەڵام بدەرەوەو پاداشتی جیهانی منالان وەربگرە .

لە دەرەوەی سنووردا

دوو وێنەی جیا ..

● ئەم کچەی لە وێنەکەدا دەبینرێ ، بەو پاسکلە سەیرەی بە تایبەتی بۆ خۆی دروست کراوە ، لە پێشبڕکێیەکدا بەشداری دەکا کە مانگی داهاتوو لە ڕۆما دەکرێ ، ئەم کچە کە ناوی کارۆل بیرلی‌یە ، نە یەك سەعاتدا بەم پاسکلە «٥٠کم دەبڕێ ..!

● **ڕۆمانیکی چارلز دیکنز لە بەرگێکی نوێدا**

«ئۆلیفر تویست » ڕۆمانە بە ناو بانگەی چارلز دیکز بە زنجیرە لە تەلەفزیون پیشان دەدرێت ، بەڵام بە شێوەیەکی درامای نوێ‌و باری ژیانی هەزارەکانی دنیا بە شێوەیەکی نوێ بەرچاو دەخا ، لەم بەرهەمی تەلەفزیونی‌یەدا «ئۆلیفر»بۆتە پاشای شاریکی هەزاران‌و بەم جۆرە تام‌و بۆیەکی نوێ ڕۆمانەکەی دیکنز دراوە

● **بە هۆی دالەکانیانەوە دەژین !**

ئەم کوڕو کچە ، دوو دالی گەورەیان هەیەو بە هۆی ئەوانەوە نانی ڕۆژانەیان پەیدا دەکەن ، ئەم دووانە لە سەر شەقامە گشتی‌یەکان لە لەندن، دالەکانیان دەخەنە سەماو بە جۆری سەرنجی خەڵکی ڕادەکێشێ هەرکەس دەیان بینێ هەندێ پارە دەخاتە بەر دەنووکی یەکێ لە دالەکان ، ئەوانیش بە ئاسانی هەڵی دەگرن‌و دەبخەنە گیرفانی خاوەنەکانیان .

Institut kurde de Paris

دەزگای رۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردی
بەڕێوەبەری گشتی
سەرنووسەر
اسماعیل رسول

سەقامی الجمهوریە
مەیدانی الخلانی
ت ٥/٨٨٧٥٧٩٥ خەت
ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

هاوکاری

لەگەڵ ئەم ژمارەیەدا پاشکوی ساڵی تازە بە ((٢))لاپەڕە

رۆژنامەیەکی
هەفتانەیە
٨ لاپەڕە
٢٥ فلسە

« پێویستە لەوە بگەین کە سۆشیالیزم لە لایەنێك لە لایەنەکانیدا ئەو ڕێگایەیە کە بەرهەمداریی بتـــر دەکات و جۆری بەرهەمەکە بە شێوەیـــەك بلش دەکات کە لە سایەی کۆمەڵی سۆشیالیستیدا لەگەڵ چێـــژەو پێویستی مرۆڤدا بەرەبستێو بگونجێ بەبێ ئـــەوەی کاروانی بەرەسەندنی جیهانی لەبیر بچێ » .
سەرۆکی فەرمانده
صدام حسین

● دووشەممە ٣١ی کانونی یەکەم ١٩٧٩ ژمـــارە ٥٠٦ ●
التضامن
● الاثنین ٣١ کانون الاول ١٩٧٩ العدد ٥٠٦ ●

بەبێ چەسپاندنی سۆشیالیستی مرۆڤ بەختەوەر نابێ

سەرکۆماری بەڕێز صدام حسین پێشوازی باڵیۆزی کۆماری گەلی کۆنگۆی کرد

دوێنی سەرۆکی فەرمانده بەڕێز صدام حسین لـــە بارەگاکەیدا لە کۆشکـــی جمهوری پێشوازی بەڕێـــز ئەلبێر فونکی باڵیوزی کۆماری گەلی کۆنگۆی کرد .. لـــە لەدیدەنیەکەدا عەقیـــد روکن طارق حمد العبدالله جێگری سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی کۆماریی ئامادە بووبوو .

■ پێویستە بۆوەی هێنانی ئاوات‌ەکانمان تێبکۆشین

■ نزیکەی چوار ملیار دینار بۆ بەرنامەی شت لە دەرەوە هێنانی ساڵی ١٩٨٠ دانراوە

سەرۆکی فەرمانده تێکۆشەر صدام حسین رۆژی شەممەی رابوردوو ڕێککەوتی ١٩٧٩/١٢/٢٩ لەکاتی سەرکردایەتی کردنی کۆبونەوەیەکی فراوانی ئەنجومەنی وەزیرانا لـــە هۆلی کۆبونـــەوەکانی ئـــەنجومەنی نیشتمانیدا وتـــی : ئێمە ئامانەوێ گـــەل وابینێ کە سۆشیالیزم بارێکە بەکۆڵیـــەوە بەڵکو دەمانـــەوێ وا سـۆشیالیزم ببینێ کە ڕێگای بەختەوەر بوونە چەکی بنیاتنانو ئاوەدان کردنەوەو پێشکەوتنو بگرە چەکێکە بـــۆ بەرەنگاری کردنی دوژمنان هەتا دوژمنانی دەرەوەش .

سـەرۆکی بـەڕێز لـەکاتی لێکۆڵینەوەی بەرنامـەی‌ست لەدەرەوە هێنانی ساڵی ١٩٨٠ ، کە خۆی داوە لـــە (٣) ملیارو (٩٧) ملیۆنو (٦٦٩) هەزار دینار وتـــی : بەبێ چێبەچێ کردنـــی سوشیالیزم مرۆڤ بەختەوەر نابێ . ئەو سۆشیالیزمـــەی کە چەوسانەوە کۆتایـــی پێدەهێنێو چەندین دەرفەت لە بەردەم گەلدا دابین دەکاتو ئەو سۆشبلیستیەی کـــە ئیبادا بەرهەم چۆنەکـــی و چەندەکی گەشە دەکات .

هەروەها بەڕێز سەرکۆمار وتی : پێویستە لە سەرمـــان ژیانی چولاوچۆنە وەهـــا ببینین نەك‌ەر وەك ئەوەی ئاوانی بۆ دغوازین بگـــرە پێویستە بۆوە تێبکۆشیـــن کە ئاواتی دەخوازین ...

ئەوی بایانی باسە بەڕێز طە یاسینرمضان ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتـــی شۆرش جێگری یەکەمـــی سەرەك زیران لە سەرەتای کۆبونەوەدا باسی بەرنامەی شت لە دەرەوە هێنانـــی ساڵی ١٩٨٠ ی کرد .

بەڕێجێگری یەکەمـــی سەرەك زیران دووپاتـــی کردەوەە داودەزگاکانـــی دەوڵەت دەسەڵاتیـــان دراوەتێکە بتوانـــن لـــە چواچێی بەرنامەی ساڵـــی ١٩٨٠، شت لـــە دەرەوە هێنـــاندا پرۆژەکانیـــان جێبەجێ بکەنو لەم مەیدانـــەدا سەربەستی یەکی فراوانیـــان هەبێ .

ئەمجار ئامادە بـــووە بەڕێزەکـــان باسی ئـــەو پێشنیارانەیان کردکـــە دەربارەی بەرنامەکە پێشکەش کرانو بە وردی لێیـــان کۆڵینەوە .. کۆبونەوەکـــە چوار سەعاتو نیوی خایاندو بەڕێز طە محیی‌الدین معروف جێگری سەرکۆمارو هـــاوڕێ بدرالدین مدئـــر ئـــەندامی سەرکردایەتی ئەتەوەیی حزبی بەعسی سۆشیالیستـــی عەرەبو بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی سەرکردایەتـــی شۆرشو وەزیرانو جێگری وەزیرەکانو سەرنووسەرانی ڕۆژنامەکانی ناوخۆو دامەزراوە ڕاگەیاندنیەکان ولات ئامادە بوون .

ئا. د. ع

سالی نوێ وئاواتی گەورەی مرۆڤ

سەبەبێ سەرجەمی مرۆڤایەتی لەگەڵ برایانـــی «فەلەەدا یادی بیرەوەریی ١٩١٠ ساڵەی لە دایك‌بوونی حەزرەتی عیسای کوڕی مریەم « درودی خوای لەسەر بێت ، دەکەنەوە ، ئەو یادە پیرۆزە وەبەیت تەنیـــا یادکردنەوەی نێراوێکی خوابێت بۆ گەیانـــدنـــی پەیامی لێبوردنو خۆشەویستیو دڵسۆزیی لەنـــاو مرۆڤا ، بەڵکو لەهەمان کاتدا یادی ئەو زاتەمەزنـــە ، بیرەوەری تێکۆشانێکی بە ئازارو تفتو تاڵی تا سنوری شەهیدبوون دێنێتەوە یادی کۆمەڵی مرۆڤایەتی کـــە چۆن ئەو نێراوە مەزنە بە دڵێکی قایمو گیانێکـــی پڕ لە نەبەزینو باوەڕێکی بێ‌سنوورەوە لە پێـــناوی گەیاندنی ئەو پەیامەدا کە پێی سپێردرابوو خۆی کردە قوربانیو بەوە دەرسێکی میژوویی گەورەی بۆ هەتـــا هەتایە فێری مرۆڤایەتی کردو ئەوەی سەلماند کـــە ڕاستی هەرگیز سەرکەوتوەو زۆرو ستەمو ناڕاستیش دەبێت خۆی جەرگـــی خۆی بخواتەوەو درەنگ‌و زوو هەر کۆتایی بێت .

بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە دنیای مەسیحـــی دەکەینو لە ساڵی تازەدا ئاواتی گەورەی ئـــەوە دەخوازین کە مرۆڤ لە مەیدانی پێشکەوتندا هەنگاوی گەورەتر بنێتو کۆمەڵی مرۆڤایەتی زاڵبێت بەسەر ئەو نەخۆشیو دەردو پەتایانەدا کە هەموو ساڵی بە هەزاران مەردومی بە کەڵك‌و سوود بەخش بە مرۆڤ لـــە دەست دەدات‌و چاوەڕوانین کە لە ساڵی نوێدا خەباتی گەلانی ئازادیخواز بەتینتر بێتو زەبری گەورەو جگەربڕ زیاتر لە بەرژەوەندیکانی ئیمپریالیزم بدات ، بۆ زووتـــر قوتاربوونی گەلان لەژێر باری چەوساندنەوەو راووروتو تاڵانیی ئیمپریالیزمدا ، هیوادارین لە ساڵی نوێـــدا سنووری بۆ برسێتی دانرێت ، ئەو دەردە کوشندەیەی بە هۆی دەسەڵاتی ئیمپریالیزمی جیهانەوە بەشـــی زۆری دنیای سێهەمی پێوە دەناڵێنێو لە گوزەرانێکـــی مرۆڤانە بێبەش‌کراون ..

لەگەڵ ئەم ئاواتانەدا کە لە ساڵی نوێدا بـــۆ سەرجەمی خێزانی مرۆڤایەتی دەخوازین ، وڵاتمان لە ساڵی رابوردوودا دەهێنینەوە، یادو ئەو دەستکەوتـــە گرنگانە کە سەرکردایەتی سیاسی حزبو شۆرش بۆ گەلی عیراقی وەدی هێناوە یەك یەك دەخەینەوە پێش چاومانو بە گیانێکی پر شانازیەوە لەو هەڵوێستانە ورد دەبینەوە کە سەرکردایەتی شۆرش لە مەیدانی عەرەبو جیهاندا نواندوونی ، لەو بۆچوونەوە بە هیوایەکـــی گەشەوە ، لە ساڵی نوێدا ئاواتی گەورەمان ئەوەیـــە کە شۆرش دەستکەوتی گەورەترو گەلی عیراقـــی مەزنمان پێشکەوتنی زیاتر وەدی بێنێتو بـــاری گوزەرانی هاوولاتیان زیاتر ڕوو لە خۆشی بکاتو لـــە مەیدانی ناو خۆو جیهاندا شۆرش هەڵوێستـــی مەرنتر بنێتو زەبری گەورەو سەختتـــر لـــە بەرژەوەندیکانی ئیمپریالیزمی کۆنو تازە بـــدات ، ئاوات دەخوازین کە گەلی کورد لە سایەی ئۆتۆنومیـــدا پێشکەوتنێکی گەورەتر وەدی‌بهێنێتو زیاتر گەشـــە بکاتو خەباتی بەتین تر کات بۆ پتـــەوی یەکێتـــی‌ی نیشتمانی عیراقی خۆشەویستمان .

لە ساڵی نوێدا نەك هەر بەتەنیا بۆ گەلی عیراق ، بەڵکو بەختیاریو خۆشگوزەرانیو پێشکەوتن بـــۆ گەلانی هەموو جیهان بە ئاوات دەخوازین .

● هاوکاری ●

هەنگاریا ستایشی هەلویستەکانی سەرۆکی فەرمانده دەکات

بۆدابست ـ ٢٧ ـ ئا.د.ع.

جورجی لازار سـەرەکوەزیرانی هەنگـاریا ستایشی ئـەو دەورە گەورەیەی کردووەکە سەرۆکی تێکۆشەر صـدام حسین دەیبینێت لـە بـە تین‌کردنی پەیوەندی دۆستایەتی‌و هاوکاریی نێـوان عیـراق‌وهەنگاریادا .

هەروەك سـەرەك وەزیرانی‌هـەنگاریا جورجی لازار دوێنی شەو لە دیدەنی باڵۆیزی عیراق‌لـە هەنگاریا محمـد حسین الشامی ئەوەی دەربڕیوە کـەحکومەتەکـەی ئارەزووی لـە سـەر ئەوەیە کـە پەیوەندی‌ودۆستایەتی نێوان هەردوو وڵات بەتین تر کات .

وەزیری نەوت لـە کارەکاس‌دەگەڕێتەوەو ئـەوە دووپات دەکاتەوە ..

عیراق دەورێکی گەورەی هەبوو لە پارێزگاری یەکێتی‌ی «ئوبیك» دا

سـەرلەبەیانی ڕۆژی پێنج شەممەی رابوردوو بەڕێز تایە عبدالکریم ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش وەزیری نەوت لەگەڵ وەفدەکەی تـەکی دوای هاوبـەشی کردنیان لـە کۆنگـرەی وەزیرانی ڕێکخـرای وڵاتانی خاوەن نەوت « ئوبیك » کە لە کارەکاس لە نێوان ١٧ـ٢٠ ئـەم مانگـەدا پێکهـاتبوو گەڕایەوە بەغدا .

بـەڕێز وەزیری نـەوت وتوویـەتی .. عیراق دەورێکی گەورەو دیاری بینیوە لە نزیك‌کردنـەوەی باری سـەرنجی بەشدارانی کۆنگرەکەدا ئەویش بۆ پارێزگاری کردنی یەکێتی‌ی وڵاتانی ناویەکێتی‌ی ئوبیـك‌و یەکێتی‌ی نرخی نەوتەکانیان .

هەروەها وتوویەتی .. لـەم سەردانەیدا بۆ بەرازیل سڵاوی بەڕێز سەرۆك (صدام حسین)ی گەیاندووە بە سەرۆکی بەرازیل « لویس هیـریرا »و لـەوێ گفتوگۆی لەگەڵ کاربەدەستان کـردووەو ئـەو گفتوگۆیانەی لـەوێ کـردوونی دەربارەی مەسەلەی (وزە) بووە لە جیهانداو ڕێگەی پتەوکردنی هـاوکاری نێـوان عیـراق‌و بەرازیل لـەم مەیدانـەدا .

هەروەها دەستنیشانی ئەوەی کردووە کە سەردانی وەفدەکـە لـە مەکسـیك هەروەهـا بـۆ مەبەسـتی بـەتین‌کـردنی پەیوەندی ئـەو دۆستایەتی‌یە بووە کـە هەردوو وڵات لـە مەیدانی نەوتدا هەیانە .

ئـەندامانی وەفـدەکە بڕێتی‌بوون لە دکتۆر ڕمـزی سـلمان سەرۆکی دەزگـای گشتی‌ی فرۆشتنی نـەوت‌و دکتۆر عونی شـاکر حمادی بەڕێوبـەری گشـتی‌ی پەیوەندیکان‌و بەرهەمهێنـانی دەرەوە لە وەزارەتەکەدا .

ئا.د.ع

ڕێکخراوی رزگاری فەلەستین واشنتون ئاگادار دەکاتەوە

بەڕێز (فاروق قـدومی)سەرۆکی دایـەرەی سیاسی ڕێکخراوی رزگاریی فەلەستین‌ئاەزایەکی توندی بەرامبـەر بڕیارەکەی ئەمـەریکا دەربڕیوەسەبارەت ئەوەی (زیاد ابوعین) بداتەوە دەسـت دەسـەلاتی‌فەرمانڕەوای زایونی بۆ ئـەوەی محاکەمەی بکات .

ئەویش بـەو تومەتەی کـە کارێکی فیداکارانـەی لـە تەبەریەی خاکی زەوت کراودا بەجێ گـەیاندووە (قـدومی) واشنتۆنی ئاگادار کردۆتەوە لە ئەنجامی خەڕابی ئـەو کـارەو وتوویـەتی .. ئـەوە پێشێل کـردنێکی مافی مرۆڤایـەتی‌و دوژمنایەتی کردنێکی ئاشکرایە لـە گـەڵ گـەلی عـەرەبی فەلەستینو هـەموو ئـەو گەلانەدا کە لە پێناوی رزگاری نیشتمانی خۆیدا تیدەکۆشێت .

هەروەها وتویەتی .. وڵاتە یەکگرتۆکانی ئـەمەریکا مافی ئەوەی نی‌یە کـە هاووڵاتیەکی عەرەبی بداتەوە دەست زایونی دوژمن ، چونکـە ئـەو کارە پێشـدەستی کـردنێکی بـە مەترسی‌یە لە پەیوەندی نیـۆ دەولەتاندا ئەوەی شایانی باسە یەکێك لە دادگاکانی شیکاگۆ ماوەیـەك لەمەوبـەر بڕیاری ئـەوەی دابو کـە تێکۆشـەر (ابوعین) بداتـەوە دەسـت دەسەلاتی زایونی دوای ئەوەی تومەتی ئەوەیان خستۆتە پاڵی کـە گۆایە لـە یەکێك لـە بازاڕەکانی شـاری تەبریـەدا بۆمبـایەکی تەقاندۆتەوە

جەنگاوەرە کوردەکان ڕێگاو بانەکانی ژوروی ئێرانیان گرتووە

تاران ـ ٢٥ ـ ئاژانسەکان

ڕۆژنامـەی « الجمهوریةالاسلمیة » کـە لـە تاران دەردەچێت ئەمـڕۆ ئـەوەی‌دووی کردۆتـەوە کـە جەنگاوەرە کـوردەکان کـەسەرەکانی خۆیان لە سـەر هـەموو ئـەو ڕێگاوبانانە قـایم کردە کە دەچێت بۆ ناوچەکانی پاوەو قوری‌قـەڵاو قشـلاق‌وهەم، جێگای تر لـە ژوروی ئێراندا ڕۆژنامـەکە ئـەوەی‌نوسـیوە کـە جـەنگاوەرە کوردەکان بە شێوەیەکی تەواودەیان بـە سـەر ئـەو ڕێگاوبانانـەدا گرتووەو ئـەوئوبێلە سەربازیانەی ڕژێمی ئیـران دەپشکنن کـە بـەورانەدا هـاتووچۆ دەکـەن ڕۆژنامـەکە ئـەوەشی ڕوون‌کرتەوە کە جەنگاوەرانی کورد دەستیان بـە سەر هەندێ لـەمفـەرەکانی جـەندرمەدا گـرتووە کـە جـەندرمەکان‌تیـیـان هێشـتووەو خۆیان تەسـلیمی جەنگاورە کوردەکان کردووە بـەبێ ئـەوەی لـە دەستیان بێت هیچ بەرگریـەك بکەن ، هەر لەم بارەیەوە ماوەی دوو ڕۆژە یەکێك لـە فرۆکە سـەربازیکانی ئیران ونـە کـە چوار کەسی تیدایەو کاتی خۆی بـەرەو ناوچـەی تبس لـە ڕۆژهەڵاتی ئیران بـۆ بـەجێ گەیاندنی ئەرکێك چووە .

ئێزگەی تاران ئـەمڕو ئـەو هـەواڵەی بڵاو کردۆتـەوە کـە فڕوکەکە یـەك پەروانەیەو لـە شاری مەشهەد نزیك بۆتـەوەوئیتر پەیوەندی بێتەلی لـە گەڵ قوللەی چاودێری لە فرۆکەخانەبڕاوەو ئـەوەی سـەرنج ڕادەکێشێت پەیوەندی فرۆکەکەلە گەڵ قوللەی چاودێریدا بـە شێوەیەکی کتوپڕ نەماوەو لەوکاتەوە لە فرۆکەکە بێ‌ئاگادارن‌و نازانن فرۆکـەکـەو چـوارکەسەکەی ناوی چیان لێ بـە سەر هاتووە .

● لـە لایەکی ترەوە لـەنیویورك باسی ئەوە کراوە کـە نوێنەری دکتۆر کورت فالدهایم ئەمینداری گشتی‌ی نەتـەوە یەکگرتۆکان لە تاران لە گـەڵ‌صـادق قطب زادەی وەزیری دەرەوەی ئیراندا کۆبۆتـەوەبەڵام نەزانراوە کە ئەو دوانە لە ناو خۆیاندا باسی چ مەسەلەـ یەکیان کردووە ئـەوەی ڕوونە نوێنـەری فالدهـایم بۆ باس‌کردنی مەسـەلەی دەسـت بەسـەرەکانی باڵۆیزخـانەی‌ئەمەریکا لە تاران چۆتە ئـەو وڵاتە .

Kurde de Paris
Institut kurde de Paris

بروسکەیەك بۆ سەرکۆمار بەریز صدام حسین لەکۆمەلەی رۆشنبیری کوردی یەوە

بروسکەیەك بۆ سەر کۆمار بەریز صدام حسین لەکۆمەلەی رۆشنبیری کوردی یەوە :

بەناوی ئەوانەوە کەلە هۆلی کۆمەلەی رۆشنبیری کوردی کۆبونەتەوە بۆ لیکۆلینەوەی پرۆژەی هەردوو یاسای ئەنجومەنی نیشتیمانی و یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنومی کوردستان بایەخ بەو هەنگاوە شۆرشگێریانەتان دەدەین کە بۆ جێگیرکردنی بیروباوەڕە دیموکراتی یەکان دەهاوێژرێن ئەویش لەرێگای خستنە بەرچاوی بەرنامەی هەردوو پرۆژەی یاسای ئەنجومەنی نیشتیمانی و ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان بۆ بەردەوام چوونەپێشەوە لەبنیاتنانی عیراقێکی گەشەکردوی دیموکراتی سوشیالیستی کە گەلی عیراقمان بەعەرەب و کوردو کەمایەتیەبراکانیەوە تێیدا بەسەربەستی یەکانی شادبێ لەرەنگ ڕشتنی پاشە رۆژە گەشە کردوەکەی لەسایەی شۆرشی سەربەرزی ١٧ـ٣٠ی تەموزدا بەسەرکردایەتی بارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب و بەڵێنتان دەدەینێ کە دلسۆزانە کاردەکەین لەپێناوی جێگیرکردن و بەرەپێدانی ئەم هەنگاوە شۆرشگێریانەدا بەسەرکردایەتی یە ژیرەکەتان و هەربمێنن .

هاشم حسن عقراوی
سەرۆکی کۆمەلەی رۆشنبیری کوردی

کۆرێك بۆهەردوو قانونەکەی نیشتمانی و یاسادانان

سەر لە ئێوارەی رۆژی ٢٦ـ١٢ـ١٩٧٩ ، لیژنەی رۆشنبیری (کۆمەلەی رۆشنبیری کوردی) وەرزی یەکەمی خۆی بە کۆڕێکی تازەبابەت کردەوە ، کە دەربارەی موناقەشە کردنی رونووسی هەردوو قانونەکەی ئەنجومەنی نیشتمانی و ئەنجومەنی یاسادانانی کوردستان بوو ، بۆ ئەم مەبەستەش میوانداری لەمامۆستا هاشم ئاکرەیی کردو ئەم کۆڕەی بۆ سازدا .. نەخوازەللاو لە رۆژانیکا کە سەر لەبەری کۆمەلانی خەلکی ولاتەکەمان ، هەمو ریکخراوە میللی و پیشەییەکان ، هەمو نەقابەو یەکێتیەکان و ئەنجومەنە میلییەکان ، بە گیانێکی دیموکراتیانەوە کۆڕ ئەبەستن و بە دلسۆزی موناقەشەی هەمو

کونج و لایەن و بەندو بەشو ئامانجی هەردو قانونەکە ئەکەن و بەڕاو سەرنجیان تێرو تەسەلتری ئەکەن و بە چاکترین شێواز برایانە ، ئەم تەجرەبە تازەیە زاخ ئەدەن ، لە پێناوی خۆ ئامادە کردنێکی پوخت بۆ کۆنگرەی گشتی و ئینجا راهێنانی هەردوو قانونەکەو هەمو بوارەکانی خۆ هەلبژاردن و قوولکردنی پێوەندی مرۆڤانەی راستو دورستی نێوان رۆلەکانی گەل و بنیات نانی کۆمەلێکی نوێ و عیراقێکی یەگگرتوو کوردستانێکی جوانترو ژیانێکی ئەم نیشتمانە خاسە رەنگە لەباری وا کە شایانی مرۆڤ بێت ...

لە پێشدا مامۆستا هاشم هات و بە وردە باسی خاسیەتە هەرە دیارەکانی هەردوو قانونەکەی کردو بە وردیش شیی کردنەوە .. لە پاشا رێگا بە ئامادە بوان دراو ئەوانیش یەکە یەکەو بە گیانێکی فیکریانەو مەبدەئیانەوە ، گەلێ راوو سەرنجی وردو قوولی خۆیان هەلخستو بوو بە موناقەشەیەکی یەجگار گەرمو سەرنج راکێش .. ئەوەی شایانی باسیش بێت ، زۆربەی زۆری ئامادە بوان لە پیاوانی قانونو لە پارێزەرو لە قوتابیانی کۆلێجی قانونو سیاسەت بوو ، سەر باری کۆمەلە سیاسیەکو چەندین ئەدیبو رۆشنبیرو گوێگری ئاشناو زیرەك ..

ئەوەی مایەی سەرنجیش بێت ، ئەم کۆڕەی کۆمەلەی رۆشنبیری نزیکەی سێ سەعاتی خایاندو لە پاشا لە لایەن سەرۆکی کۆمەلەوە ، بروسکەیەکی لایەنگیری بۆ سەرۆکی فەرماندەو خۆشەویست صدام حسین لێدراو بەمەیش کۆڕەکە کۆتایی پێهات ...

« لیژنەی رۆشنبیری کۆمەلە »

بەرێوەبەرایەتی بۆدجەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە هەولێر دەکرێتەوە .

هەفتەی رابوردوو وەزارەتی دارایی بڕیاری دا کە هەولێر بکاتەوەو ناوی بەرێوەبەرایەتی بودجە لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە هەولیر » بێ بۆ ئاسان کردن و راپەراندنی کاروباری دارایی و ژمێرەوەریی لە ناوچەکەدا و بۆ ئەوەی خزمەتی هاوولاتیان بکات .

رۆژی چوارشەممەی رابوردوو وەزارەتی ناوبراو لە چوارچێوەی ئەم هەنگاوەدا فرمانی دەرکرد کە دایەرەکانی ئۆتۆنۆمی لە پارێزگای هەولێر لە بەرێوەبەرایەتی بۆدجەی هەولێر بکرێنەوەو بخرێنە سەر بەرێوەبەرایتی بودجەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی .

بە پێی ئەم فەرمانە دایەرەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە پارێزگای هەولێر ژمارەی حیسابەکانیان و ـ مستند ـی پارەدان و وەرگرتنیان وەك خۆی دەمێنێتەوە ، گواستنەوەی دۆسێکان کە پەیوەندیان بە معامەلەی دارایی و ژمێرەوەری یەوە هەیەو ئەوانەی تایبەتی بە دایەرەکانی ئۆتۆنۆمی یەوە لە هەولیر لە بەرێوەبەرایتی بودجەی پارێزگاکەوە دەچنە سەر بەرێوەبەرایەتی یە دامەزراوەکە .

ئ.د.ع

دەربارەی کۆڕە فراواندکەی لیکۆلینەوەی دیدو بنامەدی کاری ساڵی ١٩٨٠ دەزگای رۆشنبیری وبلاوکردنەوەی کوردی

رۆژی پێنج شەممەی رابوردوو ٢٧ـ١٢ـ١٩٧٩ لە هۆلی ابن الندیم کتێبخانەی گشتی بەغدا کۆڕێکی فراوان بۆ لیکۆلینەوەی ئەو بەرنامەی کاری ساڵی ١٩٨٠ی دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی سازکرا کە لەسەر داخوازی بەریز مامۆستا لطیف نصیف جاسم وەزیری رۆشنبیری و راگەیاندن ئەلاتەکرابوو .

لە دەوروبەری کاتژمێری نۆی سەر لە بەیانی بەڕێز مامۆستا اسماعیل رسول بەڕێوەبەری گشتی دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری راگەیاندن و میوانەکانی کۆڕەکەی کردووە .

ئینجا دەستی کرد بە خوێندنەوەی بەرنامەی کار کە دەربارەی ئەخشەی کاری ساڵی ١٩٨٠ و نیروکرفتەکانی رۆژنامەی هاوکاری و هەردوو گۆڤاری بەیان و رۆشنبیری نوێ و بەڕێوەبەرایەتی رۆشنبیری و دارایی و بەڕێوەبردن و چۆنیەتی دۆزینەوەی باشترین رێ و شوێنی کارکردن و هاوکاری کردن لەگەل دەزگای دار الحریە بۆ چاپ کردنی بەرهەمی نووسەرو ئەدیبانی کورد لەسەر ئەرکی دەزگای رۆشنبیری کوردی ...

دوای خوێندنەوەی بەرنامەی کارەکە ، لەلایەن هەندێ کار بەدەستانی دەزگاکەوە موناقەشە کراو ئینجا بەگشتی لەلایەن بەریز وەزیری راگەیاندن و ئامادە بوانەوە پەسەندکراو وا دانرا کە چاکترین بەرنامەی کاریکە کە لەلایەن دەزگای رۆشنبیری کوردی یەوە گەلالەو ئامادە کراوە ...

لەچوار چێوەی ئەو خالانەی کە وەك ئامانجێك کە ئاواتی جێبەجێ کردنیان دەخواسترا چارەسەر کردنی مەسەلەی چاپ کردن و چاپخانە بوو ، نەوە بوو نوێنەری (دار الحریة) بە فرمانی بەریز وەزیری راگەیاندن بڕیار درا کە (٢٥ـ٣٠) کتێبی کوردی لە ساڵێکدا بۆ دەزگاکەمان چاپ بکاتو رادەی ٣٠٪ و پتر لە نرخی بڕیار لەسەر دراو بدرێ بەچاپخانە ئەهلی یەکان بۆ چاپ کردنی کتێبو چاپەمەنی یەکانی دەزگاکەمان و نیز وایە کە لەگەل خاوەنی چاپخانەی (دار الادیب) وتوێژ بکرێ .

بۆ ئەوەی گۆڤارێکی تری دەزگاکە بە ئۆفسێت چاپ بکرێ ... هەروەها و داواکاریی یەخرایە پێش چاو کە رۆژنامەنووسانی دایەروکەمان لەو دەورانەدا بەشدار بکرێن کە لە ناوەوەو دەروەی وولاتدا سازدەکرێن .

لە دوای ئەوە بەریز وەزیری رۆشنبیری و راگەیاندن دەربارەی دخی گشتی دەزگاکانی راگەیاندن و رۆشنبیری کوردی و بەرنامەی کارەکە دواو دەستی خستە سەر چەند خالێکی گرینگ .

بەریز وەزیری راگەیاندن گوتی:

دەزگای رۆشنبیری کوردی زۆر ماندوو بوو ، تا ئەو رادەیەی لە توانایدا نەما کە هیچی تر بەرگە بگرێ . وەك ئاگادارن هەر داوایەکتان کردبێ یەکسەر موافقەتمان کردووە . بۆ نموونە یەکسەر موافەقەتم کرد کە میهرەجانی رۆشنبیری کوردی لە جەژنەکانی ئادار دا لە هەولێر ساز بکرێ .

ئەوەی شایانی باسە نوێنەری « دار الحریة »و پەیامنێری ئاژانسی دەنگو باسی عیراق (ئ.د.ع)و چەند مێوانێك لە کۆڕەکەدا بەشدار بوون و لە کۆتاییدا ئامادەبووانی کۆڕەکە بروسکەیەکیان ئاراستەی بەریز سەرکۆمار کرد تیایدا راپاگەیاند کە بەردەوام هەوڵ دەدەن و تێدەکۆشن لە پێناوی بنیاتنانی کۆمەلێکی نوێدا .

● توانا ●
ئامادەی کردووە

بەریز وەزیری راگەیاندن رێزی پەیامنێریی هاوکاری دەگرێ

لەکاتی کۆڕەکەدا بەریز وەزیری راگەیاندن خەلاتی پەیامنێری کاك حمە سعید حمە کریمی گرد بەرامبەر بەو چالاکیە رۆژنامەنووسیەی لەبارێزگای سلیمانیدا دەینوێنێ .

لە بروسکەیەکدا کە رۆژی پێنج شەممەی رابوردوو رێککەوتی ٢٧ـ١٢ـ١٩٧٩ کاربەدەستو فەرمانبەرانی دەزگای رۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی بۆ سەرۆکی فەرماندە بەریز (صدام حسین)یان ناردوە دوای ئەو کۆڕەی کە بە ئامادەبوونی بەریز مامۆستا لطیف نصیف جاسم وەزیری رۆشنبیری و راگەیاندن ، بۆ لیکۆلینەوەی بەرنامەی کاری ساڵی ١٩٨٠ی دەزگاکە ساز کرابوو بەڵێنیان داوە کە بەردەوام کاربکەن بۆ قولکردنەوەی مەفهومی سوشیالیستی و دیموکراتی یەکان و بنیاتنانی کۆمەلی نوێ . ئەمەش تەواوی بروسکەکەیە :

ئیمەی بەشدار بووان لەو کۆڕە تایبەتی یەی کە بە ئامادەبوونی بەریز وەزیری رۆشنبیری و راگەیاندن بۆ لیکۆلینەوەی بەرنامەی کاری ساڵی ١٩٨٠ی دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندن ساز کرابوو ... ئەو پەری خۆشەویستی و دلسۆزی و ئەمەك بۆ بەریزتان دەردەبڕین بەرامبەر بەو پشتگیریەی کە بەشێوەیەکی تایبەتی لە دەزگاکانی رۆشنبیری و راگەیاندنی کوردی دەکرێ .

ئەو ئامۆژگاریانەی رۆشنبیری و راگەیاندن دەیکەن بەو شێوەیەی کە ئەم دەزگایانە رێگایەکی لە رێگا شۆرشگێریی یە دیموکراتی یە ـ کامان کە بۆ هوشیار کردنەوەی جەماوەر بەکاردەهێنرێن دەوری کاریگەریان هەبوو بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی سەرشانیان بەشێوەیەکی راستی زانستی یانە .

بەڵێنتان دەدەینێ کە بەردەوام کار دەکەین بۆ قولکردنەوەی مەفهومی سوشیالیستی و دیموکراتی یەکان و بنیاتنانی کۆمەلی نوێ و بۆ بەریزتانی دووپات دەکەینەوە کە دلسۆزی بیروباوەڕەکانی حزبو شۆرشە دلێرەکەمانین لەسەر رێگای بەدی هێنانی ئامانجەکانمان لە یەگگرتن و سەربەستی و سوشیالیستی دا .

ئ.د.ع

پەیمانگای هونەرە جوانەکان لەناوچەی ئۆتۆنۆمی دەکرێتەوە

هەولێر : ئ. د. ع :

وەزارەتی پەروەردە ، هەفتەی رابوردوو بڕیاری دا کە سەرەتای ساڵی ئایندەی خوێندن پەیمانگایەکی هونەرە جوانەکان لە ناوچەی ئۆتۆنومی دا بکاتەوە .

بەریز موسی عبدالصمد ئەمینداری گشتی بەرێوەبردنی پەروەردەو خوێندنی بەرزی ناوچەی ئۆتۆنۆمی وتی : ئەم بڕیارە ئەو بایەخە زۆرە دەردەبڕێ کە بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەدرێ و ئەمەش هەنگاوێکی کاریگەرە بۆ سود وەرگرتن و وەبەرهێنانی وزەو بەهرە هونەریی یەکانو گەلالە کردن و پێگەیاندنی کادیری هونەریی کە لە پەرەپێدانی بزوتنەوەی هونەریی لە ناوچەکەدا بەشداری بکات .

بەریز ئەمینداری گشتی بەروەردەو خوێندنی بەرزی : دەزگاکانی وەزارەتی پەروەردەو ئەمینداریتی ناوبراو خەریکی لیکۆلینەوەی دۆخی پارێزگاکانی نچەی ئۆتۆنومین بۆ ئەوەی بڕیار بدەن کە لە کام رێزگا بەیمانگاکە بکەنەوە ئەمەش دوای ئەوەی کادیری دەس وتنەوەو خانوو بەرەو پێداویستی یەکانی تری نەری تێدا دابین دەبی .

ئۆڤاری « الوطن العربی »ستایش دەوری عیراق لە ئەفریقا دەکا

ئۆڤاری « الوطن العربی » جەوجۆلی عیراقی لە ناو ولاتانی ئەفەریادا وا ناوبردووە لە مەودایەکدا کە دەتوانرێت ناو بنرێت بە پێش بینی ستراتیژی عیراق بۆ بەتین کردنی لایەنی دەولەتە بێلایەنەکانی ئەفەریقا بەو پێیەی ئەو دەولەتانە لایەنگیریکی تەبیعین لە شەر کردنی دژ بە ئیستیعماردا .

ئۆڤارەکە وتوویەتی .. ئەم پێشبینی یە ستراتیژیەی عیراق کە لە سەر بنکەی فراوان کردنی پەیوەندی هاوکاری لە گەل دەولەتانی ئەفەریقادا بنیات نراوە سەر لە نوێ پەیوەندیەکی کۆنی میژووی دەژێنێتەوە .. پەیوەندیەك کە شەپۆلی بێ ئامانی ئیستیعماریی کە بۆ ماوەی چەند سەدەیەك ئەنەریقای داگیر کردبوو توانیبووی کە لاوازی کات .

ئۆڤارەکە وتوویەتی .. ئەم پەرە سەندنە لە ئەنجامی ئەوەوە هاتووە کە عیراق دەوری رۆژبەرۆژ لە چوارچێوەی دەولەتانی بێلایەندا زیاتر گرنگ دەبێت .

ئۆڤارەکە لە کۆتایی وتارەکەیدا ، ئەو سەردانانەی دەستنیشان کردووە کە جولیوس نیریری سەرۆکی کۆماری تەنزانیاو سامورا ماشیل سەرەك کۆماری مۆزەمبیقو دیدیە راتسیراکا سەرەك کۆماری مەدەغەشقەرو کینیت کاواندا سەرەك کۆماری زامبیا لە عیراقیان داوە .

نەخشەی کرێکاری رۆشنبیر لە ساڵێکدا

ئاشکرایە وریاکردنەوەی کرێکار راستەوخۆ جگە لەوەی کار دەکاتە سەر خودی ئەو کرێکارە خۆی بە جەشنەش دەبێتە هۆی زۆرکردنو چاك کردنی بەرهەم لە وولاتەکەمان دا .

ئەم کارەش پێویستە لە کات و جێگایەکی تایبەتی بێت بۆ ئەوەی هەوڵدانەکەیان پێچەوانە نەبێتەوە ... واتە دوربێت لەکات و مەلبەندی کارکردن .

لە پارێزگای سلیمانی دا لە ساڵی ١٩٧٩دا توانرا / ٢٠٣ / کرێکاری ئافرەتو پیاو هاربەشی / ١٠ / دەورە بکەن کە لە رێگەی مەلبەندی رۆشنبیری کرێکارانەوە لە سلیمانی بۆیان کرایەوە .

هەر یەکێك لەم دەورانە ماوەی مانگێکی خایاند دەربارەی یاساو تەشریعات بزوتنەوەی نەقابەی ناوخۆ عەرەبی وجیهانی فێرکراون . هەروەها دەوری چینی کرێکاریان سەبارەت بە بەرەپێدانی سۆشیالیستو بیری عەرەبی و باری نابوری و سیاسیان بۆ شی کراوەتەوەو چەند سەردانێکیشیان بۆ ناو مەلبەندەکانی کارکردن لە ناو دەزگاو کارگە بەرهەم هێنەرەکانی ناو پارێزگاو دەرەوەی دا بۆیان سازکراوە .

لە لایەکی ترەوە سەبارەت بە ساڵی داهاتو (١٩٨٠) مەلبەندی ناوبراو بەرنامەیەکی کارکردنی تایبەتی نەخشاندوە کە بریتی یە لە سازکردنی / ١٠ / دەورەی رۆشنبیری بۆ کرێکارانی ژن و پیاو لەگەل دەورەیەکی تایبەتی بۆ کرێکارانی ئافرەت کە ئەمەیان لە مانگی مارتی داهاتودا دەستپێدەکات ... شایانی باسە تێکرا لەم دەورانەدا بڕیار وایە کە / ٢٥٠ / کرێکاری ئافرەتو پیاو لە دەزگاو دائرە جۆربەجۆرەکانی بارێزگای سلیمانی هاوبەشی نیادا بکەن .

پ. هاوکاری لە سلیمانی
فریا عبدالله

چەند بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

• ئەو کوردە عیراقی یانەی ئارەزوو دەکەن بگەڕێنەوە رێزی نیشتمانی رێگایان دەدرێ سەرو ئاتۆمۆبیل لەگەل خۆیاندا بهێنن .

• موچەی خانەنشین بۆخێزانی ئەوانەی لە رووداوەکانی ژوورودا پێکراون

بە پێی بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش :ـ

هەفتەی رابوردوو سەرکردایەتی شۆڕش ئەم بڕیارەی خوارەوەی دەرکرد :

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

بڕیار

ژمارەی بڕیار ١٧٩١ .
رۆژی بڕیار ٢٣ـ١٢ـ١٩٧٩

بە پێی ناوەرۆکی برگە (أ) لە بەندی چل و دووی دەستوری وەختەکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبونەوەی ٢٣ـ١٢ـ١٩٧٩ ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا :

١ ـ رێگای ئەو کوردە عیراقی یانە دەدرێ کە ئارەزوو دەکەن بێنەوە ریزی نیشتیمانی هەریەکە ئوتوموبیلێك لە دەرەوە لە گەل خۆی بینێو بە قستی مانگانە کە وەزارەتی دارایی بە هۆی چەند ئامۆژگاریەك کە بۆ ئەم مەبەستە دەریان دەکات دەست نیشانی رەسمی گومرگیان لێ وەر دەگیرێ .

٢ ـ ئەو هاوولاتی یانەی لە برگەی سەرەوە ناویان هێنرا رێگایان دەدرێ کە کەلوپەلو شتومەکی پێویست تا رادەی پێنج هەزار دینار لە گەل خۆیاندا بهێنن و لە رەسمی گومرگ و عمولەی کەرتی سوشیالیستی بازرگانی دەبەخشرێن .

٣ ـ رێگا نادرێ ئەو ئوتوموبیلانەی کە لە برگە (أ) ی سەرەوەدا باس کران بە هیچ شێوەیەك بفروشرێن تاوەکو پێنج ساڵ بەسەر هێنانیاندا تێنەپەڕێ ، ئەوالە نەبێ کە پێش تێپەڕ بوونی ماوەی ناوبراو خاوەنەکانیان دەمرێ .

٤ ـ وەزارەتی ناوخۆ ئەو کەسانە دیاری دەکات کە ئەم بڕیارە دەیانگرێتەوە .

٥ ـ جوکمەکانی ئەم بڕیارە ئەو کوردە عیراقی یانە ناگرێتەوە کە لە رێگای ئیرانەوە دەگەڕێنەوە بۆ ولات .

٦ ـ ئەم بڕیارە لە رۆژی بلاو بونەوەی لە رۆژنامەی رەسمیدا جێبەجێ دەکرێ .

صدام حسین
سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

بە پێی بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش
ژمارە بڕیار ١٨٢٢ .

رۆژی بڕیار ٢٦ـ١٢ـ١٩٧٩

بە پێی ناوەرۆکی برگە (أ) لە بەندی چل و دووی دەستوری وەختەکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبونەوەی رۆژی ٢٦ـ١٢ـ١٩٧٩ دا ئەم بڕیارەی دا :ـ

یەکەم :

موچەیەکی مانگانەی خانەنشینی ٢٥٫٥٠٠ دینار بۆ ماڵو منداڵ (میرات گری) ی ئەو کەسە دەبڕدرێتەوە کە بە هۆی رووداوەکانی ژوورەوە لە یەکی کانونی دووەمی (١٩٧٤)ەوە مردوە یا خود لە یەکی کانونی دووەمی لە یەکی کانونی دووەمی یەکی کەوتوەو رادەی پەك کەوتنەکەی (٥٠٪) کەمتر نی یە بە پێی مەفهومی پەك کەوتی کە لە یاسای لابراوی خانەنشینی پولیسو ئاسایشی ژمارە (١٤) ی ساڵی ١٩٦٤ دا هاتووە وبەم شێوەیەی خوارەوە حیساب دەکرێ :

١ ـ سێ دینار موچەی ئیسمی .

٢ ـ حەوت دینار مخصصاتی غەلای ژیان .

٣ ـ هەشت دینار لەو زیادی یەی بە پێی بڕیاری ژمارە (٩٨)ی ساڵی ١٩٧٤ ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش درا ..

٤ ـ حەوت دینارو نیو لەو زیادی یەی بە پێی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە (١٠٤٦) ی ساڵی ١٩٧٩ درا .

دووەم :ـ

١ ـ ناوەرۆکی یاسای هەلوەشێنراوی خانەنشینی پۆلیسو ئاسایش ژمارە (١٤) ی ساڵی ١٩٦٤ بەپێوە دەکرێ سەبارەت بە هەموو ئەوانەی پەیوەندیان بە ماوەی مراجەعەتو موچەی خانەنشینی یەوە هەیە تەنیا موچە ئیسمی یەکەی نەبێ کە هەرسێ دینار دەبێ جا بۆ ئەو کەسە خۆی بێ یان بۆ ماڵو منداڵەکەی .

٢ ـ حوکمەکانی یاسای مخصصاتی غەلای ژیان هی خانەنشین کراوان ژمارە (١٠) ی ساڵی ١٩٤٨ پەیڕەو دەکرێ سەبارەت بە مخصصاتی غەلای ژیان کە بە پێی ئەم بڕیارە دەیانکەوێ بە مەرجێ بە هیچ ماڵێك لە حەوت دینار تێنەپەڕێ .

سێیەم :

ناوەرۆکی ئەم بڕیارە ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە بە دەنگ یاسای ژمارە ـ ١٠٨ ی ساڵی ١٩٧٩ وە نەهاتوون .

چوارەم :

ئەوانەی ناوەرۆکی ئەم بڕیارە دەیانگرێتەوە سەر لە بارێزگاری شارەکانیان دەدەن بۆ دەست نیشان کردنی ئەوانەی شتیاوی ئەمەنو بۆ ئەوەی پێویستی یەکانی معامەلەی خانەنشینیان بۆ تەواو بکرێ و پێشکەش بە بەرێوەبەرایەتی گشتی خانەنشین کردن بکرێ بۆ ئەوەی ئەو موچە خانەنشینی یەیان بۆ ببڕدرێتەوە کە دەیانکەوێ لە رۆژی پێشکەش کردنی داواکاری یەکەوە .

پێنجەم :

ئەوانەی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ژمارە ـ ١١٤٢ ی ساڵی ١٩٧٦ دەیانگرێتەوە لە ئەحکامی ئەم بڕیارە بەدەر دەبن تەنیا حوکمەکانی برگە (٤) ی بەندی یەکەم نەبێ .

شەشەم :

ئەم بڕیارە لە رۆژی بلاو کردنەوەیەوە لە رۆژنامەی رەسمیدا جێبەجێ دەکرێ .

صدام حسین
سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

لە یادی ٧٥ ساڵەی لە دایك بوونی

«گۆران»دا

یادگارومەسەلە شیعریی یەکانی

عبدالله عباس

● پار ، کە یەکیتی نووسەرانی کورد ، لقی سلیمانی یادی (٣٠) ساڵەی کۆچی دوایی شاعیری جەربەزەو لوتکەی ئازایەتی ئینسانی عیززەت نەفس بەرز ، بیکەسی کردەوە ، لەو وتەو یادگارانەی بەو بۆنەیەوە خوێندمەوە وتیم :

(کە یادی رابوردنی ٣٠ سال ، بەسەر مەرگی بنکەسدا دەکەینەوە ، یادنکی وا لەزۆر لایەنا ، رامان ئەوەستێنێ و توشی تێرامان و قوڵبوونەوەمان ئەکا ، ئەڵێم، ئالێرەشدا ، دیاردەی یادکردنەوەی « مەرگ » لەجاری زیاتر وەستانومی ، ئەوەندەی چاوی بیرکردنەوەم و ئاوەڕدانەوە لە رابوردوو ، بەمەبەستی سەرنجدان بریکا سەیر ئەکەم :

- « مەولەوی » تاقگەی جوانی و خۆشەویستی و سۆفیەتی ، عاشقێکی پاك و لوتکەی شیعری وردەکاری ، هیچ شتێکی ئەوەندەی بەدبختی کوێر بوونی هەردوو دیدەی لەدوارۆژەکانی ژیانیا سەرنجی رانەکێشاوین تارادەی گەیشتنە مەرگ .

- « نالی » و کۆچی بێوادەکەی و نەگەڕانەوەی و مەرگی لە غەریبیدا ، مەرگی بنسارانی و مێژوو لایەڕەکانی هەڵئەداتەوەو دایان ئەداتەوەو یاد ، یادی مەرگ و کارەساتەکانی مەرگە ! « گۆران » لەبیرمانە ١٧ ساڵ لەمەوبەر مەرگ بردی ، یان لەگەڵ مەرگا کۆچی کردو وابێکەس لەیادمانە ٣٠ ساڵ لەمەو بەر مردنێکی خەماوی مرد . .

ئەی ئەمانە ، کەی لەدایکبوون ، بۆلەدایکبوون، بۆ ژیان ، چۆن ژیان ،لەژیاندا توشی چ جۆرە زۆرانبازی وگیژاوی جۆراو جۆر بوون ؟ نازانین ... کە دەستیان کردە ملیمەرگ ، ئێمە دوای ئەوان چیئەکەین ؟ یادی مەرگیان ئەکەینەوە !!)

● دیسان وتم :

(- ئەی ئەو ئەوە هیلاکەی ، کۆڵی هەموو مەرگو کارەساتەکانت کردۆتە کۆڵو ڕێ ئەبڕیو لەهەر وجانێکا کەبەمەرگی لوتکەی ئەم ئینسانە گەورانەدا ئەچێتەوەو ئوقرە ناگریو بارو بارخانەی خەمی مەرگ ئەکەیتەوە کۆڵو ئەرۆی ، لەکام وچانی خۆناسینا یادی لەدایك بوونی « بکیەس » بکەینەوە ؟

بەرێزان : ئەوا ساڵی بەسەر ئەو وشە ڕاگوزارانەدا تێنەپەڕێ کە لەیادی مەرگی « بیکەس » ی هاوڕێی « گوران » دا رامگەیاندو .. والێرەدا ، یاد ، یادی لەدایك بوونی شاعیری مەزنی « گۆران » دەکەینەوە ..

لەیادی لەدایكبوونی شیعری نوێی کوردیدا ، وەك مرۆڤێ ، بەپێی مفهومی ئەمڕۆ لەگەڵ وشەدا هەنسوکەوت دەکەم ، ڕێگام بدەن هەروەك لەیادی بێکەسدا قسەیەکی ڕاگوزاری دەربارەی «گۆران»و « شیعر »و مەسەلەی شیعری بکەم ، تەنیا جارێ بۆم ڕەخسا ، «گۆران» ی گەورە بینم ، لەماڵەکەیدا ، لەئیسکانی سلیمانیو ڕۆژێ بەر لە دواکوچی وەك ، منالێکی چەقاوەسنو لەکوێ ، دەربارەی شیعرو ئەدەب بۆنی قسەکردن ، دەهات ، منتان دەدی ،/ لە چاپخانەی « ژین » ، لە کەشتیەکەی نوحی نجم الدین مەلا ، لەکتێبخانەکان ، لەبارەگای کۆمەڵی هونەرە جوانەکان بووم هەندێ ئەدیب ، وینستیان سەر لە « گۆران » بدەن ،/ من بچکولەبووم ، پیان ئەوتم فەرموو ، لەخۆمەوە دوایان کەوتم ، حەزم دەکرد گۆران بینم ، نازانم چۆن ئەو دیمەنەتان بە وشە بۆ باس بکەم کەچومە ژورەوە « گۆران »ی هیلاکم بینی ، لە ناخمەوە ، وام هەست دەکرد ، ئەم مرۆڤە هیچ شتێ وەك شیعر هیلاکی نەکردوە ، دەست جوڵاندنی ، لێو جوڵاندنی ، جار جار چاوداخستن و کردنەوەی ، ئازارو خەمی شیعر بوون ، هەر ئەوچارە بەبینین « گۆران » م بینیو ئاوابینم ، کەچی لەناخی هەستم دەکرد شیعری جوانی خەمو هیلاکی ڕێگایەکی دور دەبینم کەدەمێك بو دەمناسیو گورانیەکانیم لەبەرکردیوون ، ڕۆژی دوایی هەر لەبارەگای کۆمەڵی هونەرە جوانەکان بووم ، هەواڵی ئەوە هات « گۆران ... دەپوا بۆ سەیوان ، خۆیو کۆڵی هیلاکی خەمی دنیای شیعری جوان ، ئەمڕۆ ئەچێتە گردەکەی سەیوان ، دوای خەڵکەکە کەوتم ، لەسەر گۆڕەکە ، دڕم بەخەڵکەدا ، نوقرەم نەگرت تانەچومە سەر دارەمەیتەکەی ، سامیکی سەیر گرتمی ، وەستام ، گۆرانیان هەڵگرتو خستیانە گۆڕ ، گڵی سەیوانیان کرد بەسەریاو من وەستابووم .... دایان ڕۆشتی ، خەڵکەکە ڕۆشتن ، من وەستابووم ، دوایی بەتەنیا گەڕامەوە ، ئیستاش نازانم ئەو ڕەق ڕاوەستانەی من لەسەر گۆڕەکەی گۆران تا ئەوەی بوم بەدواکەس گۆڕەکەی بەجێبیڵم لە چیەوە بوو ، ناشزانم لەو ساتەوە ، تائیستا بۆچی بەردەوام شیعری « دەرویش عبدالله » دەخوێنمەوەو لێی تێر نابم ؟ لاتان سەیر نەبێ نهینی سەیر سەیر لەژیانمانا هەیە ، پرسیاری بێ وەڵام دەخەنەوە ، من ئەو شتە پرسیاری بێوەڵامیان لەلام هەیە ، (کمال ڕووف محمد)ی هونەرمەندو چیرۆك نووس شاهیدە لەستودیوی نزگەی کوردی دوایی خۆهیلاك کردنێکی زۆر ئینجا توانیم ئەو شیعرە تەسجیل بکەم ، چونکە چی دەگەشتمە ئەو کوپلەیەی دەڵی (ئەوەندەم بیست لەموسیقاو خرۆشی ڕۆحی بێگانە) ئاگریان قورگی دەگرتمو .. .گۆران لەناو جێگادا ڕۆژی پێش کۆچیو ... گۆران لەخاکی .. لەسەیوان ، لەبەر چاوما تەزویان بەگیانی دەهێنا ..

- ٢ -

● لە یادی لەدایك بوونی « گۆران » دا ،

بۆمان هەیە ، قسەبکەین، وە .. قستەدەکەین ، ئەو قستەیەی دەربارەی شیعردەکرێ ، وەك گۆران خۆی بۆ هیلاك کرد ، نەك ئەوقسەیەی باجی لەسەرنیە ، کەچی زۆریشی لەسەرە ، ئەڵێم ... وە رووی دەمم دەکەمە ئەوانەی خەریکن بەلیکولینەوەو لێك دانەوەو توێژینەوەو ... تادوایی ئەم قسەو باسانە : بەیێی باروزروف و زۆرانبازی فیکری ، زۆرلایەنی گەورەی شیعری گۆران بۆ لەبیرکرا ... ؟ لەوانەیە ئەم پرسیارە هەندێ دڵگران بکا ، بەڵام من بەقەناعەتەوە دەڵێم ، هەق نەبوو « گۆران »ی گەورە لەبەردەم ئارەزووی لێك دانەوەی سیاسی دا لەسەر حسابی « شاعیریەتی » گۆران بێ وەك شاعیر خۆی لەسەرەتاوە ئەوەی زیاتر لامەبەست بوو کە لە ساڵی ٣٢ دا دەڵێ (من طلسمی سك و زای شعرم نەوبست) ، گوران ، شیعری مەزن هیلاکی دەکرد ، سەوداسەری کردنەوەی طلسمی شیعر بوو، من ناڵێم ئەولایانەی باری فیکریو هەڵویستی « گۆران » دباری دەکا ، پەردەی بەسەر دابدرێ نەء ، چونکە ئبختیاری فیکری « گۆران » ی مرۆڤ بوە بەئازایانەو فاباعەتی خۆیو جێگای شانازی خۆیشی بوە ئینجا هاوفیکرەکانی بەڵام دلنیام لەوەی خودی گۆران خۆی ئەم ئیختیارەی لەسەر حسابی شیعری جوان نەبوە نەگەر نەپێچەوانەوە نەبوبێ .

- ٣ -

● وایادی ٧٥ ساڵەی لەدایكبوونی شعیری هاوچەرخی کوردی ، لەماوەی لەدایكبوونی رابەرە مەزنەکەیەوە « گۆران » دەکەینەوە هەروا . . بەم بۆنەیەوە ، دیستان ، بەراگوزەر دەڵێم :

- « گۆران » ی گەورە :

ئیستاو لەمەوبەریش ، بیرم لەوە ئەکردەوەو بیر لەوە ئەکەمەوە ، ئەگەر ئەو کۆچەت نەکردایەو ئیستا لەگەڵمانا بژیاتیایە ، تۆزێ شەیدای وشەی شیعرو سەوداسەری ساغکردنەوەی طلسمی سك و زای شعر ، وەك ئەوانە سەیری ئێمەت ئەکرد کە لەسەر نوێ کردنەوەو بەردەوام نوێکردنەوە ، دەرزی باژەنیان کردین ، هەزارویەك تۆمەتی « نارەسەنی » و « هەلوەس » و « شیتی» یان دایە پاڵمان ، گوایە ، وەك « گۆران » شیعر ناڵێین !! خۆزگە ئیستا لەلامان دەبویت، تابمان زانیایە تۆی عاشقی وشەی شیعر رازی ئەبوی لاسایت بکەینەوە ، یان خۆمان پێبگەیەنین ! لەگەڵ هەنگاوی بەردەوام نوێبوونەوەمان ئەبوی یان وەك ئەوان دەرزی ئاژەنت ئەکردین ؟ من دڵنیام وەك باوکێکی دڵسۆز ، شانازیت پێوە دەکردین ، رازی نەدەبووی درەختەکەت بێ لق و پۆپ بێ ... من دڵنیام چونکە عاشقەکان بۆخەمی خۆیان بەوەفان . توشی دەرزیا ژەن کرای .. هوروژای ، بۆئێمەش هەروەها دەبوی « عاشق بۆخەمی خۆی بەوەفایە ، نشانەی گەماروی عاشق لەوپوژانی خەمدایە » .. تزخۆت ئەم بەڵگەیەت لەنامە میژوویەکەتا بۆ پیرەمێرد ئاشکرایە :

● لە ٤ی نیسانی ١٩٣٢دا بۆ « پیرە مێر »ی مەزن ئەنووسیو دەڵێ :

(ئستادی محترم)(١) :

رەنگە لەبیریشتان چوبێت ، هاوینی رابوردوو ، لەدوکانی حماغای عطار ، بەملاقاتێکی بچوکتان فیضی گەورەم چنگ کەوت ، بەرامبەر مەلەکەی شعرم ، لەضمنی تشویقا متفائل دیاربوون ، هەرچەن ئەم النفاتەم حرفیا بە جدی وەرنەگرت ، بەڵام ، چونکە لەشخصیێکی صلاحیتدارو تجربە دیدەی شعرەوە صادر بو بو ، حاشاناکەم ، قوەتێکی مؤثری بەهیوام بەخشی ، ذاتا ، پێش ئەوەش مفتونی (پەری شعر) بووم ، انجا بە هەموو اشتهایەکەوە تێی ڕاڵام ، کە هەر ساتە بەرەنگیك، لەشکڵی ئەوا دێتە پێش چاوم. حاصلی ، چە اوبێت ، چە شیطانیك لەشکلی ئەوا ، بەرامبەربە خوێنیکی زۆری جگرم ، دڵی نەرمبوە ، چەن جارێك خۆی تسلیم کردوم .. بەری ئەو عشقە آگرینە چەن رۆڵەیەکە ، هیچیان لە هیچیان ناچنو هەریەکە خوێنێکی جیاوازیان بەلەشا ئەگەڕێت ، بعضێکیان دڵوپێك چیە خۆینی کوردیان تیان نیە ، بەڵام ، کەمو زۆر ، جریانێکی پەری پەتی لەناو دەماریانا هەیە ، بعضیکیشیان بەعکستەوە ..

لەم ڕۆژانەدا ، لەدەمی خۆرکەوتنا ، لەناو منظرەیەکی جوانی بەهارا ، آخر بنچومان هاتە دنیا ، بەکاڵا ، بەباڵا ، لەبیچکەی کورد ،

بروانە ل ٧

سەرخوار کردنەوەیەك لە سەبەینێی باوکت دێتەوە

دیمەن کێشانی تاسەو خەباڵی خۆش خۆشو لە باوەش گرتنی دڵداریو جاروجار تاوێ هەناسەدانو دل شادکردن ، بەڵام بەردەوام ترسو لەرزو ڕارنانی پەپوولەو پاساری ،مۆرکی ژیانەکەیە .... ئای مەرگ کە چەند ووشەیێکی سامناکە .

چیرۆکنووس تابلۆ بە دوای تابلۆ دەنەخشێنی ، واقعێك دەستنیشان دەکات کە لە واقیعی گاڕنیکای گشت سەر ئەم زەویە جەنجالەیەو لە لاپەڕەی مێژووی کارەساتی مرۆڤایەتیدا تۆمار کراوە ، کارەساتی مەرگ چاندنو وێران کردنو قڕ کردنی دێرباسینو تەلزەعەرو سەدان کارەساتی تری جەرگ بڕە و بەردەوامیشە تا هێزی ستەمو خوێنڕشتن لە ئارادابێو چارەنووسی مرۆڤی بە دەستبێ :

« لە بەرەبەیانێکدا ... یا دەمەوئێوارەیێك ... یا هەر ساتێ لە ساتەکانی ژیاندا... چاوەڕوانە ... یا گوللەیێك ... یا نێزەیێك . . . یا هەرشتێ ... ماڵئاوایی ئێجگارەکیمان لێ بکات ..».

● « نهێنی ڕەنگ زەردیم »

تابلۆیەکی یزنەدوو و دڵگیرە ، درەختێکی زلی ڕەگ و ڕیشە بە خاکا چووی پتەو ، لە گەڵ خۆیدا ، لە ، لە گەڵ تۆدا دەدوێ . کارەساتو ڕووداوی خۆی دەگێڕێتەوە کە چۆن و یستویانە بیبڕن ، ڕێگای خۆیان تەختکەنو بە ئاسانی لە شەقامەکاندا هاتچۆ بکەن ، هەوڵێکی زۆریان داوەو چ سوودی نەبووە ، لە ئەنجامدا ئەوانەی کە دوێنێ باوەشی بۆ کردوونەتەوە و لە برسیەتیو تینوویەتی دەربازی کردوون ، دەکەونە گیانی ... ئەوانەی بەشێك بوون لە دارەکە سەرو گوبلاکی دەپەڕێنن . بۆ حاڵی خۆی تەنیا فرمێسکی تاڕەزایی دەڕێژێ ، نهێنی ڕەنگ زەردیەکەی دەردەخا .

چیرۆکێکی ڕەمزییە ، شەقڵی هەوایەکی شاعیرانەی پێوە دیارە دەرختی ژیان ، دژی تێکۆشانو کۆڵنەدان ، ڕەمزی ڕەسەنیو بوونی ڕاستەقینەیە ، واقعێك دەردەخات کە مادامەکی لە جەوهەری ژیانێکی ڕاستەقینەو زەمینەیەکی بنەودا سەری هەڵدابێ هێز نیە لە بنی بێنیو بێگیانی بکات .

● شیرۆفرینیا

دەرخستنی واقعێکی ڕۆتینی بێ لێپێچانەوەی کێ بەرپرسیارە ! هەست کردن بە نامۆییو لە پێستی نادەمی دەرچوونە ... تەنیا بەرێوەبەر هەموو شتێکەو فەرمانیڕەوایە . هەزار سوپاسو ڕێز لێگرتن بە پوولێك بەرامبەر (ئاگاداری) یەك ، گرینگ ئەوەیە مەسەلە ڕۆتینەکە بڕوا .

جا بەڕێوەبەر هەر چۆنێك بێ ... مادامەکی گوێڕایەڵیو مل کەچی بۆ ناکرێ ... دەبێ سزادان پەیڕەو بکرێ ، با بەرێوەبەریش تووشی نەخۆشی شیزوفرینیا بووبێ . گرنگ ئەوەیە قاعیدەکە تێك نەچێ ... با کرێکارێکی بەستەزمانی کۆشێك منالی بەملەوە بێ ، دەرکرێو برسیو ڕووتو سەرگەردانیش بێ چی تیایە !!

کرێکاری دەرکراو دەبێ چی بکا ئەگەر نەیگەڕێننەوە سەر ئیشەکەی :

« ئەگەر نەم گەڕێننەوە باوەشنی کارگەکەم .. .ئەوا منداڵەکانی خۆمو گشت منداڵانی گەڕەکەکەشمان دەزانن ئەو بە ڕێزە شێتەو کاڵیان دەدەم بە هۆی ڕاکێشان بە ناو شەقامو کۆڵانەکاندا دوای کەون بیکەنە مەخسەرەی زەمانە .. .»

هەڵوێستی کرێکارەکەش یاخیبوونێك لە سنووری هۆشو بیرکردنەوەی تاکە کەسێ .. ئەویش دەیەوێ بەم شێوەیە چارەی گیروگرفتی خۆی بکاو لە ڕاستیدا نیشاندانی پێناسی بەڕێوەبەری کارگەکەیەو کاردانەوەیکی بەرامبەرە ، خۆ ئاوا دەستەئەژنۆ دانانیشێو دەست پان کاتەوە . !

پۆستەرە چیرۆك

● فێڵی هونەری

پشت پەردەی شانۆ دەبێتە پناگایێك بۆ تاوانێکی نهێنی ، وەك فێڵێکی هونەری . کوشتنێك دوور لە ڕووناکی شانۆو جوولانەوەو دەستنیشان کردنی تاوانبار.. گرینگ ئەوەیە لە بەنا پەردەوە کار لە کار دەترازێ . ئەگەر چی تاوانبار ڕووناکی ناخرێتە سەر ، بەڵام چیرۆکنووس شانۆیەکە ئاوا بە ماتی بە جێناهێڵی ، نیشانەو بەڵگە دەدا بە دەستەوە ، شوێنەواری تاوانەکە کە خوێنە ، بۆ لای سەرکەران دەخشێو دەیان ووروژێنی ، خوێنەکەش هی ئەکتەرانی سەرشانۆیەکەیە ، کە لە وانەیە باجی نواندنەکە بێو هەچیتر .

● بۆق

مامۆستاکە شتێکی خەیاڵی بۆ منالەکان دەگێڕێتەوە ، خەباڵیش هەر چەندە دوورکەوێتەوە لە چراچێوەی واقیع دەرناچێ ، بۆیە شتەکانی مامۆستا لە واقیعی منالەکانەوە دەورنین ... لە بەر ئەوە یەکێکیان بیر لە شتەکانی مامۆستا ناکاتەوە ، حەز لە بۆق بارین دەکات . لێرەدا ئاسۆی بیرکردنەوەی منال لەو قۆناغەدا تێپەڕ دەکا کە مامۆستا لە خەباڵەکەیدا دەژی. چیرۆکنووس ڕادەی مامۆستایێك نیشاندەدا ، کە چۆن لە جیاتی ئاڕاستەکردنو دەسگرتنی منالەکان بۆ ڕێبازێکی تر ، ڕاپێچیان دەکا بۆ لایەك کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانو دواڕۆژی منالەوە . جا دەبێ بیرکردنەوەی منالەکەش لەوە دەرنەچێ کە حەز بەبۆق بارین بکات .

چیرۆکنووس زیرەکانە واقعێك چارەسەر دەکا کە قوتابیان تووشی بوون ، لە دەس هەندێ مامۆستا کە هیچیان لە بارانیە تەنیا شتی مبتالی نەبێ ، خۆیان ماندوو ناکەن ماددەیێك بە دەستەوە یەدەستەوە کەلکی قوتابیانو شێوەی پەروەردەی ڕاستی تیابێ .

● سەربەستی

ناکۆکی دوو بیرە لە بازنەی سێکسدا ، دوو بیری جیاواز .. خولیاو بۆچوونی کچەکەو لاوەکە ، سەبارەت بە کچەکەوە قازیو مەلاو جلی زەهراوی بوونکێنی و بەربووك، ئەوانە گشتیان لە ماڵی کچەکەدا ، بەڵام کوڕەکە لە خەباڵێکی تردا .

ئەم چیرۆکە نیگار کێشانی واقیعی ژیانە لە دووتۆی دوو وێنەداو پرسیارێکە لە ناکۆکی نێوانیان .. بۆ دەبێ را بێ ؟! کچەی بە ستەزمان بە کۆمەڵێك زنجیرو پێوەند بەستراوەتەوە کوڕەش بەرەڵلاو سەربەست . نەریتێکی کۆن پشتاو پشت ماوەتەوەو پێویست بە بوونی ناکا . مەسەلەکە شتێکی بایۆلۆژیەو سروشتیە ئەو هەموو بەزمو پەناو پێچەو لێکدانەوەو مەترسیەی بۆ چیە ؟ نووسەر دەیەوێت ، بەو کۆمەڵە بڵێ ، بەسیە لەم کەلکەلەیە وەرنە خوارەوە ، بە چاوێکیتر سەیری یاسای ژیان بکەن ، ئەم جۆرە بیروڕایە نیردەگەریە دواکەوتووانە تاکەی ؟

هاواری نارەزایی دەربڕینە بەرامبەر واقعێکی بووچەڵ .

● جوگرافیا

چارەسەری ئەو فلیمانە دەکا کە لە تەلەفزیونەوە نیشان دەدرێنو شتی وایان نیایە کە مرۆڤ دەخەنە ژێر باری چاودێریو تۆقینو داپلۆسین ، تەنانەت لە ماڵیشەوە لە جیاتی دڵنیایی بەخشینو مەسانەوە پەستیو دڵتەنگی دەبەخشن . دایۆلۆژەکە زۆر هێمنو لە سەرەخۆیەو لەقتەی زیرەکانەی تیایە ، واقیعی پۆلیس نیشان دەدا کە تەنیا فەرمانەکە جێبەجێ دەکا ، بەر لەوەی هەست بە واقیعەکە بکا کە رووتی دەکاتەوە :

له یەکیتی نووسەرانی کورد :

گەشبینی وڕەشبینی لەئەدەبی وفەلسەفەدا

سەرلەنێوارەی ڕۆژی دووشەممەی ڕابردوو . . مەلبەندی گشتی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە بەغدا .. کۆڕێکی بۆ شاعیری لاو کاك عەبدولکەریم دەشتی سازکردبەناونیشانی « گەشبینیو ڕەشبینی لە هەندێ مەسەلەی ئەدەبو فەلسەفەدا ».

لە سەرەتاوە باسی ڕەشبینیو گەشبینی کرد . . وەك دوو دیاردەی دژ بەیێك (دەبێ ئەدەب سەر واقیع بکەوێ - گۆرکی) ، (برادەر دروودە پەرێز بە - نیتشە).. بەوە دەستی پێکردو بەردەوام بوو وتی :

مرۆڤ بۆیێ تووشی ڕەشبینی دەبێ چونکە بەیوەندی نیوان منو منی باڵا - ئیگۆ وسوپەرئیگۆ - تەدیچری . . ئیتر هەرچی غەریزەو لایەنی ئازەڵیتی مرۆڤ هەیە لە خانەی - من - دا سەر دەردێنێ .. ئیتر پشکۆی کۆزاوەی ڕەش و داهاتووی هەڵقرچاو .. یا وێنەیێکی ڕنووش کراوی دۆشدامان لە ئەدەبدا سەرهەڵدەدا .

کۆڕگێروتەو بەرهەمی زۆر لە زاناو ئەیلەسووفو ئەدیبەکانی جیهانی بەنموونە هێنایەوە .. وەك ئەرەستۆ - سپینۆزا - نیتشە - گۆرکی - تۆلستۆی - لامارتین - بایرۆن - پۆشکین- کازانتزاکی - ڕۆسۆ - لێرمەنتۆف - کامۆ - سارتەر - کافکا - هتد .

دانتی چۆن وێنەی- دۆزەخی - کێشتا ؟! ئایا دەیتوانی وێنەی بەهەشت بکێشێ ؟ ! کێ ئومێدەوارو گەشبینە با سەرێ لە ئەندێخانەکانو ژوورەکانی عەمەلیاتی گەورەی ئازەلەکان بدات . . چەندی لە ئومێد پێدەمێنێ ؟!

دەڵێین .. کێ بێ ئومێدو هیوا بڕاوە .. با سەرنجێ لە باخچەی ساوایانی جیهانبداو تێر بڕوانێتە زەردەخەنەی سەر لێوی ساوایانو با گوێ بۆ ڕازی شۆڕشگێڕانی جیهان شل کات.. با سەیری ئەو ئاوەدان- کردنەوە مەزنانە بکات کە دوابەدوای وێرانکاریەکانی شەڕە جیهانیەکان دابنیات نرانو لە دڵیداو لەویژدانیدا چەکەرەی بڕواو ئومێدسەرهەڵنەدا !

دوای ئەوەی کاکە کەریم باسەکەی تەواوکرد لە لایەن ئامادەبوانەوە دەمەتەقێیێکی زۆری لەسەرکرا .. کاك عەبدوڵڵا قەرەداغی شاعیر وتی :

هەستمان بەوە نەکرد کە بەرنامەیێکی فیکریو بەرنامەیێکی دیراسی هەبێ .. چونکە نەتوانرا بوو جەمسەرەکانی یەیوەندی لە نیوان بزوتنەوەی مێژوویی و لە نیوان باسەکە- بەدۆزرێتەوەو پێکیانەوە گرێ بدرێ ..

هەروەها وەك خۆی وتی بۆلایەنانە باسەکەی نەنووسی بوو چونکە بەلای ڕەشبینیدازیاتر شکانیدەوە . . سارتەریش ڕەشبین نەبوو . . چونکە بڕوای بە بزوتنەوەی مێژوو هەبوو کە لە بەرەوپێشەوە چوونداید و لای ئەویش مرۆڤ هەڵویستە .. هەڵویستیش وەك ڕەشبینیو گەشبینی بەشێکەلە ڕەوشت .. کامۆ وەك سارتەر فەیلەسووف نەبوەو تەنیا رۆمانووسیکی ڕەشبین بوە ...

دەبی ناگاداربین کە ڕەشبینیو گەشبینی بە پێشکەوتنخوازیو کۆنەپارستیەوە نەبەستینەوەو بۆ ئەمەش نموونەی هێنایەوە .. دوای ئەو مامۆستا عەبدولسەتار تایەر شەریف وتی :

مەسەلەی - ئیگۆو سووپەرئیگۆ - منو منی باڵا هەر لە فرۆیدو یۆنگەوەتا ئەدلەر هیچیان پەیوەندی نیوانیانئە بچراندوەو تەنیامردن (من) لە (منی باڵا) دادەبڕێ ..

مەرجیش نیە (من) لایەنی ڕەشبینی مرۆڤ بێو (منی باڵا) لایەنی گەشبینیو ئەمەیان زیاتر نیسبیەو لە کۆمەڵگایێکی دینداردا (منی باڵا) زۆر ڕەفتاری بەرزو جوانت لێ قەدەغە دەکا .. چەند نووسەرو ئەدیبێکی تریش بەشداری یان لە گفتوگۆدا کردوڕایان وابوو کە دەبوایە ئەو مەسەلانە بە ئەدەبی کوردیێوە ببەسترانایەتەوە .

ئێمەش وایدەگەین کە دووجۆر ڕەشبینیو گەشبینی هەیە ڕەشبینی دەبەنگانە - کە بڕوا نەبوونە بە مرۆڤو بە یرەبەرەو خوار نەیو هەموو هێزێکی ڕەشبینی زیرەکانە - خێرخواز چاوەڕوانکردنی پاشە ڕۆژی دەرەبەگایێتیو کۆیلایەتی بۆ چینەکەی ئیستایان ..

گەشبینی دەبەنگانە - هەندی نوقلانەلێدان بۆ ئیسلاحات نە داهاتوودا داهێنەرو تنکۆشەر بە بەردەوامیو یێك وبێکی گوزەرانێکی یێکسانو دوارۆژێکی ڕووناکو ئاسوودە بۆ مرۆڤ مسۆگەر دەکات .

« هاوکاری »

Institut kurde de Paris

چالاکی رۆشنبیری زانکۆی سلێمانی

لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی کێش وناوەڕۆک لە شیعری کوردیدا

لە چوار چێوەی یەکەم وەرزی رۆشنبیری کۆلیجی ئادابدا لە زانکۆی سلێمانی بەڕێز دکتۆر ئیحسان فوئاد لێکۆڵینەوەیەکی بە ناونیشانی پەیوەندی نێوان کێش و ناوەڕۆک لە شیعری کوردیدا پێشکەش کرد .

ئەم لێکۆڵینەوەیە کە لە هۆڵی کۆلیجی پزیشکی خوێندرایەوەو لە لایەن دکتۆر کوردستانی موکریانییەوە پێشکەش کرا . سەرەتا لە لایەن ناو براوەوە چەند وتەیەک خوێندرایەوەو تیایدا وتی : بەشی زمانی کوردی ،کە ئامانجو ویستو خواستی بوژاندنەوەی زمانو وێژەو کەلەپووری نەتەوایەتیمانە هەوڵێکی باشی داوە بۆ ئەوەی شاعیرونوسەرو زمانەوانی کوردیش بەشداری وەرزە رۆشنبیریەکانی کۆلێژو زانکۆکەمان بکەن بە هێڵی پێش خستنی زمانو وێژەو هونەری کوردی .

هەروەها سەبارەت بە دکتۆر ئیحسان وتی هەرچەندە لای زۆربەمان ناسراوە بەڵام ئارەزو دەکەین کە بەرهەمەکانی بەو کەسانە بناسێنین کەمتر ئارەزای ئەدەبی کوردین . . وەک مەسەلەی وێژدانو گوڵی کێویو دوا چریکە کە لە ساڵەکانی ١٩٧٠ دا چاپ کراون لە گەل دەیان لێکۆڵینەوەی زانستیو وتاری جۆراوجۆری لە نێو گۆڤارو ڕۆژنامەکانی کوردیدا بڵاو کردۆتەوە ، هەروەها ئاوبراو لە جیهانی ڕۆژنامەگەری کوردیدا دەورێکی باڵای هەبوە لەوانە سەرپەرشتی گۆڤاری ڕۆژی نوێی کردوەو ئەندامی دەستەی توسەرانی گۆڤاری بڵیسەو نوسەری کورد بوە هەروەها سەرۆکی لیژەی بەڕێوەبەری گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ بوە لە یەکەم ژمارەیەوە هەتا ژمارە (٤٥)ی .

لە پاشاندا بەڕێز دکتۆر ئیحسان دەستی کرد بە پێشکەش کردنی باسەکەیی و سەرەتا وتی : لە لێکۆڵینەوەی کێشی هۆنراوەی کوردیدا چەند ڕاستیەکک هەیە کەمو زۆر لە لایەن هێندێ لە ئەدیبە ئارەزاکانی کوردەوە باس کراون . . ئەوەی جێی سەرنج ڕاکێشانە ئەوەیە کە بەشێک لە ڕەخنە گرو نوسەرانی مێژووی ئەدەبیاتمان مەیلو ئارەزویەکی تایبەتیان هەیە بۆ فەرامۆش کردنی ئەو کێشانەی کە ڕەتونەتە بەر شەپۆلی کار کردنی عەروزەوەو پشت گوێ خستنی لە پاش قۆناغی گۆنزانەوەی «١٩٣٠-١٩٤٥»، بۆ ئەم مەبەستەش هاتوون سنورێکی جیاکەرەوەی بنج بڕیان داناوە لە نێوان سەردەمی بەکار هێنانی کێشی عەروزو سیلاب(هجاء)دا لە گەل ئەوەشدا کە چەند کێشێکی عەروز داڕشتنە لە لایەن دەستەیەک شاعیری نوێ خوازەوە لە پاش کۆتایی جەنگی جیهانی دوەمەوە هەر بەکار هێنراون . دەتوانین ئەمە وەک ڕاستیەک بە گیروگرفتێکی نوێی ئەدەبەکەمانی دابنێین بە بۆ ئەوەی بازی بە سەردا بنێین و وەک شتێکی نەبوو لە بەر ئەوەی بەستراوە لە بەر ئەوەی بەستراوە بە ئەدەبی نوێمانەوەو بەشێکە لە ڕوخساری کە تا ئەمڕۆش هەر بەردەوامەو بەشێکە لە میراتی ئەدەبی کلاسیکیمان کە ناتوانین فەرامۆشی بکەین.

هەروەها دکتۆر ئیحسان لە باسەکەیدا وتی : مەبەستی ئەم ڕۆژەی لێکۆڵینەوەیە ژماردنو دەر خستنی کێشەکان نییە بەڵکو بۆ مەبەستی دۆزینەوەی ئەو پەیوەندییە نهێنییەیە کە لە نێوان کێشو ناوەڕۆکدا هەیە .. پاشان وتی : ئەم کێشەیە کێشەیەکی کۆنە بۆ نمونە شاعیرە گریکە کۆنەکان بۆ کێشی داستان کە بە سەرهاتی قارەمانێتی دەگێڕێتەوە کێشێکیان بەکار هێناوە پێی دەوترێ کێشی پاڵەوانێتی دیارە ئەم زاراوەیەش لە حێزبەوە نەهاتووە بەڵکو ئەوە دەردەخات کە ئەم کێشە چەند دەست دەدات بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتی قارەمانێتی، هەروەها فەردەوسی کە بە شانامە بە ناوبانگە دیسانەوە کێشێکی بەکار هێناوە کە لە زمانی عەرەبیدا بە کێشی (متقارب) ناسراوە .

دیسانەوە دکتۆر ئیحسان سەبارەت بە بەستنەوەی ناوەڕۆکو ڕوخسارەوە وتی دەست دەبەین بۆ میراتی شیعری کلاسیکیمان بۆ دۆزینەوەی ئەم معادەلەیەو لە ئەنجامدا دەگەینە چەند ڕاستیەیەک کە گرنگ بزانیان بریتین لەمانە :

١ـ بەحری هەزەجی سالم مستعمل کە لە چوار تەفعیلەی «مفاعیلن» پێکک دێتو لە هۆنراوەی کلاسیکیماندا زۆر بەکارهاتوە بە مەبەستی دەربڕینی هەستی ویژدانی وەک دڵداریو شانازی کردن وەک ئەم هەڵپژاردنەی خوارەوە!

خەناوی کردوە بەنجەی
بەخوێناوی دڵی زارم ئەمە
ڕەنگی شەهادەت بێ گە
گوشتەی دەستی دڵدارم

شایانی باسە لەم ڕووەوە پرۆفیسۆر (ماڕی) سۆفیەتی ڕایەکی سەرنج ڕاکێشی هەیە کە دەڵێ گەلێ لەو کێشانەی لە شیعری نوێدا هەیە بۆ ئەو تێکستانەی لە زمانە کۆنەکانی ئێراندا بەکار هاتوە ، بە تایبەتی کێشی یانزە-١١-بڕگەیی .

٢ـ کێشی ڕەمەل کە هاوشانی کێشی هەزەجەو تا ڕادەیەک وێنەی لە زمانە هیندۆ ئەوروپایەکاندا هەیەو پێدەوترێ -ئەنتی سپاساتیک و لە میراتی کلاسیکی کوردیماندا بە شێوەیەکی باو بۆ دەربڕینی هۆنراوەی دڵداریو مناسەباتو مێژووی بەکار هێنراو وەک ئەم دێڕە شیعرەی نالی :

تا نەگریا ئاسمان تەم
وڵاتەی دانەگرت گوڵ
چەمەن ئارا نەبو هەم لێوی
خونچە وانە بوو

لە نمونەی نوێشماندا هۆنراوەکەی مامە کوڕنوی دیلان هەر لە سەر ئەم کێشەیە کە دەڵێت :

مامە کوڕنو ڕاکشاوی
گردەکەی سەیوانەکەم سەر
ڕەحەت دل بێ گرێ گەوی
شل کە بۆ داستانەکەم .

پاشان بەڕێز دکتۆر ئیحسان بەنجەی بۆ ئەوە کێشا کە لە شیعری کلاسیکیماندا هەست بە هونەری گەشەداری کێشێک ئەکەین کە لە دربارە کردنەوەی یەکک ئاوازی زۆر تر خۆی ڕزگار کردوە ئەمەش پێ دەوترێ هەزەجی مکسوف ئەمەو باس کردنی کێشی بەبسیط بە نمونەوە کرا .

لە کۆتایی لێکۆڵینەوەکەدا وەڵامی ئەو پرسیارانە لە لایەن دکتۆر ئیحسانەوە وەدرایەوە کە میوانەکان سەبارەت بە باسی ئاوبراو ئاراستەیان کردبوو .

پ . هاوکاری لە سلێمانی

دەنگێکی دوور

ڕۆژی چوارشەمە ڕێکەوتی ٥-٩-١٩٧٩ نەقابەی هونەرمەندان ، لقی سلەیمانی گۆڕێکی بۆ هونەرمەندی دوورەوڵات کاك طاهر ابراهیم فتاح سازکرد کە بۆ سەردان ، هاتبووەوە بۆ سلەیمانی .

لەبەر گرنگی باسەکەو خاوەنەکەی ، هەروەها کەمی ئامادەبوونی گۆڕەکە ، بەبێویستم زانی کاکلەی باسەکەی پێشکەش خوێنەری کورد بکەم .

گۆڕەکە بۆ ئەوە سازکرابوو، هونەرمەند باسی تەجربەی خۆیمان بۆ بکات بەڵام فراوانی باسەکەی زۆربەی کێشەکانی ئەمڕۆی هونەری تەشکیلی گرتبووەوە .

لە سەرەتای باسەکەیدا باسی چۆنیەتی جووڵانی هەستو ئەو پاڵێوە نەرانەی کە هێزو تینیاندایە بۆ خۆیندنی هونەرو گەڕان بەدوای حەقیقەتدا .

تابلۆ تەنها ناوەرۆك نیەو بەس بەڵکە ناوەرۆك هەمو تەو شتانەشە کە دروستیان کردووە . گرنگی شتەکان لە وێوە دەست پێ دەکات .

ئەمجا فەرموون ئێوەو هونەرمەند طاهر ابراهیم(١) .

ـ کاتیك چوومە پەیمانگای هونەرە جوانەکان هەستم کرد، کە نە لە تەعبیری طبیعی کەیشتووم و نە لە هونەری کلاسیکی ، بۆیە دەستم دایە لێکۆڵینەوەی ، زانستی ڕەنگو کۆمپوزیشن (٢) ومەسەلە فەلسەفیەکان .

بیرم لە مانای هەموو ئەمانە دەکردەوە .. ڕەنگ بەمانای چی‌دێ .. ؟ بزوونن مانای هەیە .. ؟ ئایا مانا تەنها هەر لە ناوەڕۆکدا هەیە .. ؟.. وکومەڵێ شتی‌تر . بۆزم ددرکەوت کە سروشت ، سەرچاوەیەکی بەپێتو گرنگە بۆ هونەرمەند .

کە گەیشتمە ئەمریکا ، هەستم پچڕا ، چونکە لە سروشتی خۆمان دابڕام .. پرسیم دەبێ چی بکەم ..؟ خۆم لێ وون بوو ، بەدوای خۆمدا دەگەڕام ، دەمویست ئەو شتەی من دەیێنم ، ئەوان لێم تێ بگەن و بزانن لەکوێوە هاتووم .

هەموو هونەرێکی خاوەن فەلسەفە ، نرخو شوێنی تایبەتی خۆی دەبێ . بۆیە دەستم کرد بە گەڕان بە دوای ماناو حەقیقەتی بنەچەکانو فەلسەفەی ، ئەو گۆڕانانەی بەسەریاندا هاتووە .

بینین وتەماشاکردنی شت بە شێوەیەکی‌تر ، واتە بەچاوێکی تر ، نەك هەر بۆ هونەرمەند بەڵکە بۆ بینەرێکی ئاساییش ، وەك مەسەلەیەکی ڕۆشنبیری کارێکی پێویستە .

هەر هونەرمەندێك خاوەنی ئەم بینینە تایبەتە بوو ، دەبێتە خاوەنی زمانی تایبەتی خۆی ، هیچ گۆڕانایك بێ ئەم تێڕوانینە ڕوونادات ، پاستە هونەرمەندێك شتیك دروستدەکات لە شاخ یان لە ڕووبارێك بەڵام مەسەلەکە لای هونەرمەند تەنیا ئەم لێچواندنە نییە ، لەوە چۆتە دەرەوە . دەرەوە .

هەلبژاردنی ئەو شتانەو چۆنیەتی داڕشتنیانو نییە ، ولەوە چۆتە پەیوەندیو مامەڵە لەگەڵ کردنیان ، ڕێچکەی تایبەت دروست دەکات .

هەستو بیرکردنەوەی هەر کەسە ، جۆرێکە بەڵام حەقیقەتو شێوەی زانستیەکە یەك شتە ، ولەجێی خۆیەتی لای هەر میللەتیکو هەروولاتیك بێت .

ئێمە دەمانەوێت لە شتەکان تێبگەین تاکو زیاتر جێژیان لێ وەربگرین ، ئەگەر تەنها هەر شاردنەوەی ئەو شتانە مەبەستمان بێت ، ئەوە ڕاکردنە لە حەقیقەت .

زانینی ڕیشەشتە شاراوەکان پێویستیەکە بۆ نزیك کردنەوەی ئێشە

ئامادەکردنی قادر میرخان

بروانە ل : ٧

ژیانی خێزان

بەروەردەی نوێی منداڵ

● بەشی زۆری ئەرکی بەخێو کردنی منداڵ بە تایبەتی لە یەك ساڵیەوە تا نزیکی جونە قوتابخانە دەکەوێتە سەرشانی دایك ، دوای ئەوەهەندێکی دەکەوێتە سەرشانی مامۆستایان بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە ئیتر دایك دەستی خۆی لێ بشوات ، بەڵکو دەبێ ئەویش شانبەشانی مامۆستا لە هەوڵو ئەقەڵلای بەردەوامدا بێ .

● ئیستا دەپرسین ئایا ئەرکی سەرشانی دایكو باوك دوای چونی منداڵ بۆ قوتابخانە چیە ؟

١ ـ ئاگاداری پاكو تەمیزی لە کاتی چونیدا بۆ قوتابخانە.

٢ ـ چاو دێری و ڕاهێنانی بەوەی کە شتومەکی پێویستی لە بیر نەچێ و هەمووی لە گەڵ خویدا بیات بۆ قوتابخانە .

٣ ـ چاکتر وایە ، ناوبەناو بەدەفتەرەکانیا بچینەوە بۆ ئەوەی ڕادەی پێشکەوتن یان دواکەوتنی لە وایەکانیدا بزانرێ .

٤ ـ پرسیا لێکردنی وتاقی کردنەوەی توانای لە لەبەرکردنی ئەو دەرسانەداله قوتابخانە پێ دەسپێردرێ.

٥ ـ بەم پێیە ، چاکتروایە، دایكو باوك بەردەوام ئاگاداری قوناخەکانی پێشکەوتنی منالەکەیان بن و ڕێگاو شوێنی یارمەتی وای بۆ دابنێن کە متمانە کردنی بەتوانای خۆی لانەمرێ .

٦ ـ چاکتر وایە دایكو باوك ، ناوبەناو پەیوەندی بە بەڕێوەبەرتی ئەو قوتابخانەیەوە بکەن کە منالەکەیانی لێیە بۆ ئەوەی بزانن چ تێبینیەك دەربارەی منالەکەیان هەیە .

● بەڵام بۆ ئەم مەبەستە دەبێ ئاگاداری ئەوە بین کە زۆر جار مامۆستایان بە دڵیان نیە لەلایەن کەس وکارەوە خۆ لێ گەیاندیان بەم جۆرەی خوارەوە ڕوو بدات .

١ ـ خو تێگەیاندنی هەندێ دایكو باوك لە کاروباریان وەك دەربڕینی ناڕەزایی دەربارەی ئەو نمرانەی دەیدەن کە بۆ ئەمە نمرەی زۆری هاوەڵەکەی دەکەن بەبەڵگە یان بە کەمتەرخەمی سەیر کردنی توانای مامۆستا لە بەر چاوی منداڵ یان ماوە بدەن بە منداڵ بێ ئەوەی پرس بە مامۆستا بکاو نەچێ بۆ قوتابخانە .

٢ ـ دیسان نابێ بەوەناڕەحەت بین کاتێ مامۆستا پێوتن کە منداڵەکەیان زۆر بزیوەو کوێ ڕایەلێ مامۆستا ناکاتو ئەزیەتی منداڵەکانی تر دەدا .

بۆ خولقاندنی هاری کارێك لە نیوان کەسوکارو قوتابخانە دەبێت ئەم شتانە بەجێ بهێزێ : ـ

دەبێ جۆرە ناسیاوی و دۆستایەتی یەك لە نێوان کەسوکاری قوتابی و مامۆستاکەیا لە سەرەتای ساڵەوە ببەسترێو گوێ بە هەموو سەرنجیکی مامۆستاکە دەربارەی منداڵەکەیان بدرێ .

● دایكو باوکە بەڕێزەکان :

ئەگەر ئەمانەتان هەموو بەجێ هێنا ، بڕوا بەوە یکەن کە لە کۆتایی ساڵدا سوودەکانی بە چاکی بە خۆتان منداڵەکەتان دەگا ، ئەوەش بزانن کە مامۆستا ئەوەندەی دایكو باوك بۆ منداڵ دلسۆزە .

سەر گول تەیموور

لەیەکێتی نووسەرانی کوردلە هەولێر

کۆڕێك بۆ ئەدەبی منداڵان

عبدالوهاب تاڵەبانی

لە ئێوارەی ڕۆژی پێنج-شەممەی ڕێکەوتی١٣-١٢-١٩٧٩ داو بە بۆنەی ساڵی منداڵانی جیهانەوە ، یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر ، کۆڕێکی فراوانی بۆ ئەدەبی منداڵان ڕێکخست و مامۆستا سۆران عزالدین فیضی تیایدا لێکۆڵینەوەیەکی خەستو پڕی دەربارەی هەشت چیرۆکی وەرگێڕراوی منداڵان پێشکەش کرد ، کە لەلایەن بەڕێوەبەرێتی خوێندنی کوردی یەوە چاپکرابوون .

لە پێشەکی کۆڕەکەدا مامۆستا کەریم شارەزا، ، سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد - لقی هەولێر ، وتارێکی کورتی بەناوی لقی نووسەرانی هەولێرەوە خوێندەوە ، تیایدا باسی گرنگی ساڵی منداڵانی جیهانو بەسەرکردنەوەی پێویستیەکانی پەروەردەکردنیانی کردو ، دەربارەی ئەرکی سەرشانی دایکانو باوکانیش دواو ، دەربارەی بایەخدان بە ئەدەبی منداڵان ڕای کەیاند کە پێشکەوتنو خزمەت کردنی ئەم ئەدەبە هۆیەکی گەورەی پێگەیاندنیانە بە شێوەیەکی ڕاستوچاك و زانستیانەو ، لە دواییدا ئەو ئاواتە گەورەیەی ڕۆشنبیرانی کوردی هێنایەوە یاد کە چاپکراوانەدا ڕەچاوی لایەنێکی زۆر گرنگ نەکراوە کە ئەویش ڕستەی کورتو گوێ‌ڕایەڵ بوونی مەسەلەی نیشانەکانە .

دوایی مامۆستا سۆران وتی: کە قەوارەی کتێبەکان لەو قەوارەیەن کە بە (بەتاڵ) دەناسرێن بەڵام بە ڕای من مامۆستا سۆران ئەگەر باشتر دیقەتی قەوارەی کتێبەکانی بدایە بۆی دەردەکەوت کە لە قەوارەی بەتال بچوکتر بوون .

دەربارەی داڕشتنی چیرۆکەکانیش مامۆستا ڕای گەیاند کە ئەو چیرۆکانە لەو ئاستەدان کە لەم ڕووەوە بەسەر کەوتوو بژمێردرێن ، هەرچەندە هەندێکیان هیچ گرێیەکی ڕووداوی وایان تیا نەبوو کە پێویستە لە چیرۆکدا هەبێ ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چیرۆکەکان بەلای منداڵانەوە سەرنجڕاکێشن و حەز لەو جۆرە چیرۆکانە دەکەن .

دەربارەی بابەتی چیرۆکەکانیش مامۆستا سۆران ڕای وابوو ، کە لەو چیرۆکانەن لە توانایاندایە کار بکەنە سەر خوو ڕەوشتی منداڵو ، دواینی بابەتی یەکەبەیەکەی چیرۆکەکانی هەلسانگاندو وتی کە هەوڵ-

بروانە ل : ٧

Institut kurde de Paris

رووداوه گرنگه‌کانی ساڵی ۱۹۷۹ له چه‌ند دێرێکدا

● دانا ●
ئامادەی کردووه

وا هاوکاری پێی نایه سالی (۱۹۸۰)ەوه ، مۆمێکی تری داگیرساندو لاپەرەیەکی تری له مێژووی پڕ شکۆی دەرچوونی هەڵدایەوه .. ئێستر لەم یادە گرنگەدا ئاورێك له رووداوه گرنگەکانی ساڵی پاری ناوچەکەو جیهان ئەدەینەوه .

ئەو رووداوانەی کە یەك له دوای یەك خەباتو تێکۆشانی روو له بەرزیو سەرکەوتنی هەمیشەیی گەلانی جیهان تومار دەکەنو ئاواتی ڕەوای ئەو میللەتانە دەردەبڕن کە بەرەو پاشەڕۆژێکی روناکتر بەرەو ئاسۆی پرشنگدارتر له شەو دەخەنە سەر ڕۆژو نازانن مانای سردوتن چییە ..

● ریککەوتنە نارەواکانی کامپ دیفید کە له ۱۹۷۸دا لایەن سادات‌و زایونیزمەکانەوه مۆرکرا ، ساڵی ۱۹۷۹ چەندین فەسڵو بەردەی نوێی تری کەوتنە بەرچاوو ، ئەوه بوو قۆناخی دووەمی ئەم ریککەوتنانە له ۲۱-۲-۱۹۷۹دا دەستیان پێکرد کە له جوارچێوەکەیدا جارێکی تر سادات سەری له فەلەستین دا سەرکردەکانی زایونی دوژمن (بیگن ، دایان ، رابین) سەریان له میستر داو لەگەل کاربەدەستەکانی ساداتدا وتوویژیان کرد ..

بەپێی بڕیارەکانی کامپ دیفید کە ناوی (جوارچێوەی ئاشتی ڕۆژهەلاتی ناوەراستی) لێنراوو .. دوژمن سەرانسەری ئەو خاکەی فەلەستین قوت دەدا کە له ساڵی (۱۹٤۸)ەوه زەوتی کردوەو له هەندێ بەشی زەوتکراوی پاش شەڕی ۱۹٦۷ دەکشێتەوه وەك ناوچەی سیناو جۆرە (حوکمی محەلی) یەك بە فەلەستینیەکان دەدرێتو لەبەرامبەر ئەمەشدا سادات دۆخی جەنگی لەگەل دوژمن کۆتایی پێهێناو بڕیاریدا پەیوەندی ئاسایی لەگەلدا ببەستێو نەوتی سینای پێبفرۆشێو ئاوی نیلیشی بداتێو دەرگای میسری لەبەردەم مۆنۆپولەکانی زایونیزمو جیهانیدا کردەوه ...

رووداوەکانی ئێران ، یەکێکی تر بوون لەو رووداوانەی کە له جیهاندا دەنگیان دایەوەو بە لەبارو نالەبار (سلبا وایجابا) سیاسییەکانی ئەم سەردەمە ..

● دوای قوربانیدانو تێکۆشانو خەباتێکی بێوچان شای ئێران بەخۆی‌و خاوخێزانیەوه لە ۱٦-۱-۱۹۷۹ تارانی بەجێهێشتو بارو بارگەی تێك نا بۆ لای ساداتی دۆستو برابەشی کەوتەڕێ ، له ئەسوان بە گەرمی لەلایەن ساداتەوه پێشوازی کرا.

بەڵێ شای ئێران کە یەکێکە له خوێنڕێژترین وتاوانبارترین دیکتاتۆر لەسەر زەویو دەستی بە خوێنی ڕۆڵەکانی گەلانی ئێران بە کوردو تورکو بلوچو ئەرەبەنیەوه سوورە بەبێ ئارەقو وەك بەرزەکی بانان تۆڵێك ماڵو مجەوهەراتو ئالتونو پارەو شتی گرانبەهای لەگەل خۆیدا بردو بۆی دەرچوو هەروەك ئەوەی نەبای دیبێو **نەباران .**

دەوری دیارو سەرکردانەی عیراقی شۆڕش له کونگرەی هافانەو کونگرەی بەرزی عەرەبیدا .

رووخانی شا هەر چۆنێك بێ سەرکەوتنی ڕای‌گشتیو هێزەپێشکەوتنخوازو نوردوگای گەلان بوو بەسەر هێزی شەڕو دوژمن بە میللەتاندا .. گەلانی ئێرانو ڕای‌گشتی جیهان بە رووخانی رووخانی شا خۆی یەکسەر ڕێژیمەکەشی توایەوه) هیواوئاواتێکی زۆریان بە ڕێژیمی نوێ بوو بەتایبەتی دوای ئەوەی کە ئەم گەلانە بەرەپەری دلسۆزی‌یەوه بۆ رووخاندنی ڕێژیمی شا تێکۆشاونو قوربانی‌یان داوەو له تێکوشان سلیمان نەکردۆتەوه . کەچی بەداخەوه مەسەلەکە بەلایەکی تردا شکابەوەو شایەك ڕۆیشت شایەکی تر ، دیکتاتۆرێکی تر لە ژێر پەردەیەکی ترو له ژێر کەواو سەلتەدا دەستی کردەوه بە ڕاوو ڕووتو کوشتنو برینو خەڵك لە سێدارەدان هەر وەك له چارەی گەلانی ئێران نووسرا بێ کە له ژێر زەبرو زەنگو ستەمدا بژین .. بەڵێ له جیاتی ئەوەی مەسەلەکە بە سوودو قازانجی میللەتە زۆرلێکراوە چەوساوەکانی ئێران بشکێتەوه ۲۰-۳۰ ریکخراوی تر هاتنەکایەوەو هەر سیاسی‌یە ریکخراوێکی نوێی بۆخۆی درست کردو ئەمەش ئەندەی تر دۆخی ئەو وڵاتەی شپرزەتر کرد ئەگەر چی ئەم زۆری ریکخراوەسیاسی بانەو ریکنەکەوتنیان لە بەرەبەکی یەکگرتوودا - کە هەرگیز گەلانی ئێران شتی وایان بە خۆیانەوه نەدیوە - ئەوەندەی تر دەیێتە مایەی مانەوەی ڕێژیمی خومەینیو ئالقە لە گوێکانی . کوردستانو ئوجستانو ئازربایجان بە سەدان قەنارەبات تێدا هەڵواسراوەو ڕۆڵە بە شەرەفەکانی ئەم گەلانە لەسەر (تاوانی) داواکردنی مافی ڕەوای گەلەکانیان لە سێدارەدران ، تیرە باران کران .... دۆخی شڵەقاوی ئەمرۆی ئێرانو تێرۆرو زەبرو زەنگی خەمەینیو کاربەدەستانی وا لەسەر سەرکردە سیاسی‌یەکانی گەلانی ئێران نەرز دەکات کە له جیاتی ئەوەی ژمارەی پارتیو ریکخراوە سیاسی‌یەکانیان زیاتر بکەن له جیاتی ئەمە بکەن له جیاتی ئەمە بەکبگرن ، بەرەبەکی یەکگرتوو پێك‌بهێنن‌و پتر بەرەنگاری دەستەودایەرەکەی خومەینی ببن .. تێکۆشانی چەکدارانەی ئەم گەلە ئۆزلۆکراوانەش تاکە ریگای ڕەوای ڕزگار بوونیانە .

● دەیەمین کۆنگرەی بەرزی عەرەب کە لە ۲۰-۱۱-۱۹۷۹ له تونس ئیرا رووداوێکی تری ساڵی ۱۹۷٦ بوو کە ئەنجامی له باری دایە دەست ..

کۆنگرەکە بە وتارێکی سەدام حوسین دەستی پێکرد بەرپێی‌یەی کە کۆنگرەی پێشووتر له بەغدا گیرا .. له وتارەکەدا دووپاتی کردەوه کە عیراق بەتەنگ سەرکردنی ئەم کۆنگرەیەوەیەو پێوبستە کونگرەیەکی ئابروری عەرەبی بگیرێ بۆ تێکۆڵینەوەو ڕەنگڕشتنی باشتر وەبەر هێنانو سوود وەرگرتن له تواناکانی ئەتەوەی عەرەبو پارسەنگە نێو دەولەتی‌یەکەی ..

له ۲۳-۱۱-۱۹۷۹دا کۆنگرە بەیاننامەیەکی سیاسی دەرکرد کە رووداوەکانی ناوچەکەی هەڵسەنگاندوه بە تایبەتی مەسەلەی فەلەستین دوای ریککەوتنەکانی کامپ دیفیدو چونی سادات بۆ قودسو رووداوەکانی خواروی لوبنانو چەند مەسەلەیەکی تر .

کونگرەی وڵاتانی بێلایەن کە له هافانای پایتەختی کۆماری سوشیالیستی کوبا گیرا تای تەرازووی هێزەکانی دنیای بەلای میللەتە تێکۆشەرەکانی جیهانی سێ‌یەمدا لاسەنگ کردو بەتەوژم بزووتنەوەکەی بەرەوپێش تر پاڵ ناو وەفدی عیراق بەسەرۆکایەتی سەرکۆمار بەرێز صدام حسین دەورێکی بەرچاوی لەم کۆنگرەیەدا گێڕا . عیراق ڕاپۆرتێکی گرنگی پێشکەش بە کۆنگرەکە کرد کە دەر بارەی ئەم خاڵانەی خوارەوە بوو :

۱ - بزووتنەوەی بێلایەنی‌و هەڵوێستی بەرامبەر بە جەنگ‌و یەکێتی بزوتنەوەکەو هاوکاری‌کردنی ئەندامانی .

۲ - سەربەخۆیی نیشتمانی‌و ئاشتی .

۳ - سەربەخۆیی نابووریی .

٤ - پەیوەندی دۆستانەو بە ئاشتی پێکەوە ژیان .

٥ - هەڵوێست بەرامبەر بە شەڕونیزاع چۆن بێ ..

عیراق لەو ڕاپۆرتەیدا داوای کردبوو کە تا ئەکری‌و چەندە له توانادا هەیە هەوڵبدرێ بۆ نزیك کردنەوەی ناری سەرنجی ئەوو دەوڵەتانەی کە نیزاعیان لە نیواندا هەیەو کە لە بزوتنەوەکەدا ئەندامن بۆ ئەوەی بە جۆرێك ناخۆشی‌یەکەیان چارەسەربکرێ کە سوودو قازانجی هەمووو لایەکانی تیدا بێ . هەروەها داوای کردبوو کە لەبەر هۆی بیروباوەڕ جیاوازیی له نێوان وڵاتە ئەندامەکاندا نەکرێو مەسەمە بچووکەکانو ئاکی‌کی بچووکو پلەی دووەم لە بزووتنەوەکەو دوور بخرێنەوەو بەهەموو ریگایەکی ئاشتی‌یانە بەرلی چارەسەری کێشەو بەرەی نێوان دەوڵەتانی ئەندامی بزووتنەوەکە بدرێ .

● لە ئیسپانیا :

بار دوای تێکۆشانێکی زۆر هەردوو گەلی باسك و کاتالونیا بە مافی خۆیان گەیشتن . ئەوی راست بێ تێکۆشانی ئەم دووگەلە لە سەردەمی فرانکۆوه دەستی پێکردوه بەڵام رابەرانی خوبنرێژانی دنیا (فرانکۆ) بە له سێدارەدان‌و ئیعدام کردن‌و سەرکوت‌کردن‌و گرتن‌و بڕین شۆڕشی ئەم دووگەلەی خەفەکردەوه تا شا خوان کارلوسی‌و ئەدولۆفۆ سوارێزی سەرەك وەزیرانی هاتنە سەرکار ئەوەبوو لایەڕەیەکی نوێ له مێژووی ئیسپانیا دەستی‌پێکرد .. بەپێی ئەو مافە ئۆتۆنۆمی‌یە کە بە هەردوو گەلەکە دراوە . هەرێمی باسك‌و دەسەڵاتەمحەلی‌یەکەی لەم سێ هەرێمە (گیپوزکوا ، بیسکای . ئەلاوا) ئەم دەسەلاتانەی دەبێ : -

۱ - بە دەنگدانێکی گشتی ئەندامانی پەرلەمانەکەیان هەڵبژێردرێ .

۲ - پەرلەمانە هەڵبژێردراوەکە سەرۆکی حکومەتی محەلی دیاری‌دەکات .

۳ - حکومەتی محەلی بەبێ گوێ دانە سیستەمی پاچ‌گرتن له ناوچەی ئۆتۆنومیدا دەستنیشان دەکات .

٤ - زمانی گەلی باسك دەبێ بە زمانی رەسمی .

٥ - ئەرکی باراستنی ئاسایش (الامن) له ناوچەکە ئەنروێتە ئەستۆی هێزی ئاسایشی باسك .

● ساڵی پار سەبارەت بە کێشەوەری ئەفەریقەو ئەتایبەتی میللەتە پێشکەوتوەکان ساڵێکی بەپێت‌وپێزو سەرکەوتن بوو .. بەهۆی دوو راپەڕینەوه دوو دیکتاتور لەسەر کار لابران .

بەکەمیان قەڕاڵی ئەفەریقای ناوەڕاست بوو ، جان‌بیدل بوکاسا . ئەم دیکتاتۆرە خوێنڕێژە ساڵی ۱۹٦٦ بە کودەتایەکی سوپایی هاتە سەرحوکم .. له سەرەتای ژیانی سیاسی‌دا له سوپای فەرەنسادا باش چاوش بووه . له ساڵ ۱۹٦۰دا کە وڵاتەکەی له ژێر چنگی فەرەنسا رزگاری بووه ، بووە ئۆلۆنێلو ئەوسا کوڕە مامەکەی دیفید داکو بەسەر کۆمار دانراوه دوای کودەتاکەی کوڕە مامەکەی لابردوەو خۆی کردوه بە جەنەرال .. ئاگاداران لەو باوەڕەدان کە ئەم پیاوە چاوی له ناپلیون کردوەو وەك ئەو خۆی کردوه بە قەڕاڵ (ئیمپراتۆر) لە ۲۱-۹-۱۹۷۹ رادیۆی پایتەخت بانگی رایگەیاند کە بوکاسا لابرا ، وڵات بۆوە بە کۆماریی‌و داکی گەڕایەوەو کرا بە سەروك کۆمار ..

● رووداوی دووەم لابردنی عیدی ئەمین بوو کە پێش هەشت ساڵ بەکودەتا هاتەسەر کارو لەم ماوەیەدا پتر له دوانزە جار هەوڵی کوشتنی درا بەلام لە هەموویان دەربازی بوو تا له ۱۲-٤-۱۹۷۹ بەیارمەتی لەشکری تانزانیا پایتەختەکەی کە کەمپالایە له ژێر چنگ دەرهێنراو خۆ شی‌رایکرد ! .

هەر له کیشوەری پێست رەشاندا مەسەلەی زیمبابۆی رۆدیسیا پێی‌نایە قۆناخێکی ترەوه ..

● له ۱۱ی تشرینی دووەمی ساڵی ۱۹٦٥ ئەیان سمیث سەرۆکی کەمە سپی‌یەکان بەناوی ۲۷۰ هەزار کەسی پێست سپی بێگانەوه لەیەك لاوە سەربەخۆیی زیمبابۆی بەناوی رۆدیسیاوه راگەیاندو ئاواتو ئامانجی شەش ملیون ئەفەریقایی پێست رەشی زیمبابوی خستە ژێر پێوه . زیمبابۆی لەئەسلا ژێر دەستی کۆلونیالیزمی ئینگلیز بوو .

دوای شورشی چەکدارانەوه تێکۆشانێکی درێژخایەن دەست بەو وتوویژەکراو له ئەنجامدا حکومەتێکی نیشتیمانی پێك هات کە نوێنەری گشت هێزە شورشگێڕەکانی تیدا بەشداربێو نوخشە بێ له گەلانی تری ژێر دەستە ! .

● رووداوێکی گرنگ کە لە خوارووی رۆژهەلاتی ئاسیا دژی رووخانی ڕێژیمی پۆل‌پوت لەکەمبودیا سەریجی

بروانە ل : ۷

سەری ساڵی نوێ له رەوتی مێژوودا

ئامادەکردنو وەرگێڕانی :
مومتاز حەبدەری

خوێنەری خۆشەویست ..
جەژنتان پیرۆزبێ .. هەموو رۆژێکتان خۆشی‌و شادی بێ .

بەبۆنەی سەری ساڵی تازەوه ، ساڵی - ۱۹۸۰ - ، ئەم وتارەتان پێشکەش دەکەم ... کە بەخێرایی دەربارەی سەری ساڵی نوێ لە رەوتی مێژوودا باس دەکات .. وابزانم ئەم جۆرە وتارە لە کوردی‌دا شتێکی نوێیە .. چونکە راستی‌یەکەی بە تشتی‌ئاهەنگ ساز کردن بەبۆنەی سەری ساڵی نوێ لە ولاتی ئێمەدا زۆر بایەخی پێ نەدراوە ، وەك لە ولاتانی‌دیکەیێ‌ی دەدرێ ، بگرە نرخی تایبەتی نوێبوونەوەی ساڵی تازە لە ژیانی مرۆڤدا پڕ بەپێستی خۆی بیری‌لێ‌ناکرێتەوه ..! هەر چەند لەم ساڵانەی دوایی‌دا ، ئەنجومەنی‌سەرکردایەتی شۆڕش یەکەم رۆژی سەری ساڵی تازەی‌بەرۆژێکی پشووی گشتی دانا ... هەروەها ژمارەیێك دامو دەزگای میری‌و یانە رۆشنبیری‌یەکان ئاهەنگی‌تایبەتی شیاو بەم بۆنەیەوه ساز دەکەن .

لەگەل مرۆڤ پەیدا بوو ، وەك گیان لەبەرێکی سەربەخۆ ، بە سەرسوڕمانێکەوه سەیری‌دووبارەبوونەوەی رۆژو شەوی دەکردو باری سەرنجی‌رادەکێشاو لە دلی خۆی‌دا دەکەوتە پرسیار کردن ، « چۆن ئەمە روو دەدات ؟ » « کێ ئەم کارە دەکات .. ؟ » بۆیە پێسویستی بە مەسەلەی ژماردن هەبوو ، بۆ ئەوەی کاتی‌خۆی دەستنیشان بکات‌و بزانێ چەمکی ئەم دووبارەبوونەوەی شەوو رۆژە چی‌یە . هەروەها بەدوای یەك هاتنیان‌بەرێکی‌و بەردەوامی چۆن دەبێ .. ؟

دیاردەکانی ئاسمان ، بەتایبەتی « مانگ » باری سەرنجی مرۆڤی راکێشاو هەستێکی خستە دلی‌یەوه ، بەدوای ئەوه بگەڕێ کە چۆن ئەم گۆڕانە روو دەدات .. ؟ ! « مانگ » چۆن بەم شێوەریکو پێکە دەگۆڕێ !؟ بەڵکو بەشێوەیێکی بەردەوامیشە ، ناوی مانگ - ی ژماردنیان لێنا . پاشان باری سەرنجی‌راکێشاو بۆی دەرکەوت ، بەگشتی لە کاتێکی دەستنیشان کراودا پلەی گەرما لە ئاستێك‌دایە ، پاشان دەگۆڕێ سەرمای بەدوا دادێ .. ! ؟ دونیا بۆ ماوەیێك کەسك دەبێ .. پاش ماوەیێکش زەرد هەڵدەگەڕێ .. ! ئەم یەکێتی‌یەکاتی‌یەی (وحدة زمنیة) دابەشی چوار کەژ کرد .. کە بۆی ساغ بووەوه خول-دورە- خواردنەوەیێکی ریك‌و پێکی هەمیشەیی وەرگرتووە ، کاتێکی تایبەتی لەرۆژگاردروست دەکات ناوی بە ساڵ برد .

بەڵام مرۆڤ لە سنووری ئەم دابەشکردنەدا گیری نەخوارد ، بەڵکو بە وووردی لە دوای یەك هاتنی کەژەکان کۆڵیەوەو بەزیرێکی فیری - فطری - هەستی کرد رۆژمێری « مانگانە - تقویم قمری » هەر کەژێك بەگشتی وەك یەك وایە ، بەڵام چەند رۆژێك لە ماوەی ساڵێکدا بۆ دووواوە دەگەڕێتەوه ، جا بۆی‌ساغ بووەوه ، کە ساڵی خۆر « السنة الشمسية » چەسپاوترە ، چونکە لەو خاڵەی دەست پێ دەکا ، بۆ هەمان خاڵ دەگەڕێتەوه ... بەڵام ئەوانەی بشستیان بە سیستەمی - مانگ - انە بەستبوو ، لەگەل سستیمی ساڵی خۆر شتێکی مام ناوەندیان دروست کرد ..

عارەبەکان لە سەردەمی - الجاهلیە - دا ساڵە مانگی‌یەکانیان بە جۆرێکی ئەوتۆ دەستنیشان کردبوو ، کە مانگەکان « اشهر » لەگەل رۆژگاردا - زەمان - بە هیچ جۆرێك دووا نەدەکەوتن .. بەڵام کە موسڵمانەتی لە سەدەی حەوتەمدا سەری هەڵدا ، ئەم سیستەمەیان هەڵوەشاندەوه ، مێژووی کۆچیان لە جێگایدا پەیرەو کرد . سەرەتای مانگ - شهر - بە دەرکەوتنی « مانگ » دەست نیشان دەکرد ، ئەمەش شتێکی زانستانە نەبوو ..

● سەری ساڵ لە لای میسری‌یەکۆنەکاندا .

میسری‌یەکۆنەکان ، لە سەری ساڵدا لە قەراخ زێی « نیل » دا ئاهەنگیان ساز دەکردو خەمو پەژارەیان لە بیردەچووەوه .. کۆژی پیت‌و بەرەکەت دەستی پێ دەکرد .. ئەمە لە مانگی - توت - ڕووی دەدا ، واتە ئەو سەکەی هەستی بە مەترسێك دەکرد ، جا خاوەنەکەی هۆشیاردەکردەوه ، هەروەها ئەستێرەیێکی دیارکراو ناویان‌نابوو - الشعری - کە پێش ڕووداوی لافاو دەبربسکایەوه ، واتە - بەبروای ئەوان - ئەوە نیشانەی ڕووداوی مەترسیێکە !

بە بۆنەی یەکەم رۆژی مانگی - توت - کە - بە بروای ئەوان - سەرەتای ژیانێکی نوێ‌یەئاهەنگ و زەماوەند ساز دەکرا .. هەروەها ئاهەنگی گشتیان‌لە چەقی شەقامەکان ساز دەکرد . پادشاو دام ودەزگاکەی هاوبەشیان تێ دەکرد . « کاهن » ی یەکەم‌لەگەل گرنگی بەیانا « قوربانی‌یێکی پێشکەش - ئیزیس - دەکرد ، پاش دەرکەوتنی خۆریش - لەگەنی پیرۆز - لەسەر لەپی دەستی دادەنا و شازدە کاهینی دیکە بە کۆڕەوزەماوەندو هەڵپەرکێ و بە سرود گوتنەوه بە ناو شاردادەسووڕانەوه ، تا « مانگ » - توت - دا تەواو دەبوو .. هەروەها ئاهەنگی دیکە دووساز دەکرا ، هەنجیر و هەنگوینیان دەخوارد و هاوار دەکرد :

لە « راستی » جوان ترهەیە .. ؟

● سەری ساڵی نوێ لە لای فارسەکان .

- نەورۆز - یەکەم رۆژی‌ساڵی تازەیانە ، بە بروای ئەوان ، ئەو کەسەی بەیانی‌رۆژی نەورۆز شیرینی بخوات و خۆی بە رۆنی زەیتی چەوربکات ، ئەوه سەرتاپای ئەم ساڵە بە کامەرانی دەژی و بەخۆشی دەباتە سەر .. !

بە پێی نەریتی فارسەکان ، بەیانی یەکەم رۆژی سەری ساڵی نوێ ، پاشا له کۆشك وبالاخانەی خۆی دادەنیشێت ، لاوێکی تازە پێ گەیشتووی‌خوێن گەرم بە ئەسپێکی سەگلاوی رەسەن و بازلکیش‌بە دەستی راستی‌یەوه دەبوو ، لە بەردەم پاشا دەوەست ، پاشاش یەکسەر پێی دەوت :

« تۆ کێیت ..؟ لە کوێوەهاتووی ..؟ لاوەکەش یەکسەر وەڵامی دەدایەوه : « من‌مەنسورم ، ناویشم موبارەك »ە لە کن خواوە خێرو بەرەکەت وساڵی نوێم بۆ لای پاشای بەختەوەر هێناوە » .

پاشان مرۆڤێکی دیکە لەگەنەکی زیوی پێیە ، گوڵە گەنم و شیرینی و پارەی نوێی‌لە سەرە پێشکەشی پاشای دەکات .. ئینجا پاشا فەرمان بەوەزیرو کاربەدەستەکانی

بروانە ل : ۷

Institut Kurde de Paris

ساڵی ١٩٧٩

عیراقی شۆڕش

لەسەر ڕێگای پێشکەوتنی بەردەوامدا

- چەسپاندنی ڕێبازی دیموکراسی .
- بنەڕەتی ئابووری یەکی پتەو .
- ناوچەی کوردستان و ئاسۆی ڕووناک .
- سیاسەتی دەرەوەی سەربەخۆو بەباوەڕ .

کە ساڵی ١٩٧٩ بەرێ دەکەین و پێ دەنێینە ساڵی ١٩٨٠ وە ، تەمەنی شۆڕشی ١٧ ـ ٣٠ تەموزی پێشکەوتنخوازیش کە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بەرپای کرد و رابەریی کرد ، هەنگاوی تەمەنی پڕ لە دەستکەوتی مەزنی بەرەوساڵی دوانزەهەم دەچێ ، لە هەر هەرنجدانەوەیەکی ماوەی میژووی تەمەنی شۆڕشدا ، مرۆڤی ئەم وڵاتە ـ شانازی دەکا بەوەی کە ساڵانی تەمەنی ، ساڵانی دەستکەوتمو بەرەو پێشەوە چوونەو لە هەر یەکێ لەم دەستکەوتانەشدا مەبەستی سەرەتاو دوایی شۆڕش بەختەوەریی مرۆڤی ئەم گەلەیە لە عیراقێکی ئاوەدان و پێشکەوتوودا .

ئەوا ساڵی ١٩٧٩ بەرێ دەکەین ، بە پیاچونەوەیەکی خێرایی هەست بە شانازی دەکەین کە ئەمساڵەشمان وەك ساڵەکانی تری تەمەنی شۆڕش بە دەستکەوت و سەرکەوتنی زیادەوە بە سەر بردکە هەموو ئەو دەستکەوتانە دەرگایان لە بەردەم پاشەڕۆژی ڕووناکتری گەلی عیراقدا کردەوە .

● ١٩٧٩ ساڵی (صدام حسین) ی سەرکردەو رابەر

لە تەمەنی یانزە ساڵەی شۆڕشداو لە ١٧ـ٧ـ٩٧٩ دا شۆڕش و وڵاتەکەمان ، مەزنترین تاقی کردنەوەی تایبەت بە شۆڕشی وڵاتەکەمانەوەی بە خۆیەوە دی ، تاقی کردنەوەیەکی دیموکراتیانەی ڕەسەن لە چۆنیەتی گوڕینی سەرکردایەتیدا ، ئەوە بوو باوکی سەرکردە احمد حسن البکر ، سەرکردایەتی دایە دەست ڕۆڵەی لێهاتووی گەلەکەمان ، هاوڕێ صدام حسین ، هەر لە یەکەم ڕۆژی ئەرکەکەیە وە ، صدام حسین ، بە باوەڕو لێهاتووانەو دانایی توانی ئەوە بسەلێنێ کە سەرکردەیەکی بە توانای بەستراوە بەگەلەوەو لە گەل هەستو ئاوات و خواستی ڕۆژانەیاندا دەژی .

لەو ڕۆژەوە ، لە هەر شوێنێ گەل پێویستیەتی صدام حسین دەبینرێ ، لە سەر شەقامەکان و لە ناو بازارو لە ناو قوتابیان و کریکاران و موچە خۆران و دام و دەزگاکانی دەولەتداو لە ناوهێزەکانی سوپادا ، لە هەموو شوێنێکی وڵاتدا ، لە ئەهوارو لە خوارەوەی وڵاتدا . لە کۆڕو کۆمەڵە عەرەبی و دەولەتیەکاندا صدام حسین ، سەرکردەی ڕاستەقینەی عیراق و نمونەیەکی دیارو لێهاتووی شۆڕشگێڕیکی ملتزم بە باوەڕو خواستی گەلەوە .

● بنکەی ئابووریەکی پتەو

لە ماوەی ساڵی ڕابوردوودا شۆڕشی گەلی عیراق بەردەوام بوە لە تەقەللای مەوزوعی بۆ پتەو کردنی بنکەی ئابووریی وڵات لە بەر ڕووناکی بەخشەی شۆڕشداو بە پێی پێداویستەکانی پەرەپێدان و گەشە سەندن و زامن کردنی بەختیاری و ژیانێکی باش بۆ ڕۆڵەکانی گەل ، لەم ساڵەشداو بوو شۆڕش بریارە گرنگەکانی چاککردنی باری ژیان و گوزەرانی ڕۆژانەی گەلی دا کە بریتی بوو لە زیاد کردنی موچەسەساتی پێداویستەکانی ژیان بۆ موچە خۆرو کریکارو کارگێڕانی سەربازی .

نەوت :

لە ڕووی سیاسەتی نەوتەوە ، ئەمسالیش شۆڕش هەر لە سەر هەمان ڕێرەوی شورشگێڕانە چوەو بەرهەم ڕوو لە زیاد بوونی بوە وەك پالپشتێکی بەهێزی بەرەو پێدانی ئابوریمان .

خوێندنو پەروەردە :

ئەمساڵ ، ڕاپەراندنی یاسای هەڵمەتی نیشتمانی لە ناوبردنی نەخوێندەواری ، بەجۆرێ ڕێگای بڕی کە ناوات و خواستی سەرەکی هاتنە کایەی یاساکەی بەجێ هێنا . لە ڕووی بایەخدانی فراوانیش بە لایەنەکانی پەروەردەو فێر کردنەوە ، ئەم ئەگەرتە پەرەپێدانیکی دیاری بەخۆیەوە بینی و بە هەزاران قوتابخانەی نوی لە وڵاتدا کرانەوەو کەرتی مامۆستایان لە لایەن سەرکەدایەتی شۆڕشەوە جێگای بایەخ و بە تەگەوەهاتنی ڕەسۆزانە بوە .

ئەرتی کشتوکال :

کەرتی کشتوکال ئەمساڵ دیسان لە بەرەو پێدان و پێشکەوتندا بوەو هاندانی کۆمەڵە هەرەوەزەکانی جووتیاران و ڕاپەراندنی خواستەکانیان ڕێگای لە بەردەم زیاد کردنی بەرهەمدا کردەوە ، بە جۆرێ کە دەتوانین بڵێین ساڵی ١٩٧٩ ساڵێکی بە بەرەکەت بوو بە پێوانەی باری کشتوکالی و بەرهەم لە زوربەی زۆری وڵاتانی دەرەوەی دراوسێ و جیهانی سێ یەمدا .

● بەرەو لەدایك بوونی یەکەم ئەنجومەنی نیشتمانی

هەر لەم ساڵەدا بوو ، کە شۆڕش ، هەنگاوی نا بۆ ئەوەی مستلزماتی چەسپاندنی ژیانی دیموکراسی لە وڵاتەکەمان بڕەخسێنێ ، کە ئەمە تەك کردنەوەی دەرگای موماره‌ساتی دیموکراسیە لە وڵاتەکەماندا لە سایەی شۆڕشدا بەڵکو تەواو کەری ئەو ڕێرەوەیە شۆڕش لە ڕۆژی بەرپا بوونیەوە باوەڕی پێی هەبوە ، ئەوە بوو لە کۆتایی ئەمساڵدا هەردوو یاسای ئەنجومەنی نیشتمانی و پاسا دانانی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانی عیراق ئەو گرانەوەو هەموو کۆڕو کۆمەڵ و ڕێکخراوە جەماوەری و پێشەیەکان بانگ کران بۆ لیکولینەوەو باس کردنی و بەم جۆرە ساڵی ئەمساڵ ساڵی (١٩٨٠) بە ڕێگای هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی سەربەست گەلی عیراق توێنەری خۆی هەڵدەبژێری بۆ ئەوەی لایەنەیەکی نوێی دەستکەوتی شۆڕش بۆ گەل بکرێتەوە .

● ناوچەی کوردستان و ئاوەدانی و ئاشتی .

لە ماوەی ساڵی ١٩٧٩ دا نەخشەی پتەوی شۆڕشگێڕانەی توانی ئەباوەڕە زیاتر بچەسپێنێ کە دەستکەوتی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستانی عیراق دەستکەوتەی شۆڕشە بۆ گەلی کوردەمان کە بەردەوام لە گەڵ کاروانی شۆڕشدا بەو لایەنەدا پتەوو بە هیز دەبێ یەکێتی نیشتمانی عیراق زیاتر بە هیز دەکا ، لە ماوەی ئەمساڵدا لە هەموو لایەنەکانی ئابوری و ڕۆشنبیری و تەندروستی و کۆمەڵایەتیەوە ، سەرکردایەتی شۆڕش بەردەوام بووە لە کارکردنی دلسۆزانەو قووڵ کردنەوەی ئەم تاقی کردنەوە شۆڕشگێڕیەو دام و دەزگاکانی ئۆتۆنومی لە ماوەی ئەنجومەنی یاسا دانان و ڕاپەراندنەوە بابەخی زیاتریان پێ دراوەو ئەوە بوو بە پێی بریاری سەرکردایەتی شۆڕش ئەمساڵ هەردوو سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەراندن و ئەنجومەنی یاسا دانان بە ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران دانران . ناوچەی کوردستان ساڵی ١٩٧٩ ئاوەدانی و پەرەپێدانێکی بەرفراوانی بە خۆیەوەدی ، سەرە ڕای ئەوەی هەر ئەمساڵ بوو ئەو بریارە گرنگە شۆشگێڕانانە دەر چوون کە گیراوەکانی کارەساتی ناوچەی کوردستانی بەخشی و هەروەها دەرچوونی یاسای لێبوردنی گشتی کە ماوەی لە بەردەم هاوڵاتیانی کوردا ئەڕاوان کەردبۆ بەشدار بوون لە ئاوەدانی وڵاتەکەماندا و ئەو گۆڕانکاریەی بە شۆڕشگێڕانەیەی لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا بە خۆیەوە دەبینێ .

● سیاسەتی دەرەوەی سەربەخۆو تایبەتی شۆڕش .

شۆڕشی ١٧ ـ ٣٠ تەموزی پێشکەوتنخواز هەر لە یەکەم ڕۆژی بەرپا بوونیەوە ، سیاسەتی تایبەتی پێشکەوتنخوازانەی خۆی لە ڕادەی عەرەبی و جیهانیدا ئاشکراو ڕوونە ، هەر لەو سایشەوە بە سایەی شۆڕشەوە عیراق ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شوێنی لە کۆڕو کۆمەڵانی دەولەتاندا بەرز دەبێتەوەو بە ڕێزەوە سەیر دەکری . خۆ دەوری وڵاتەکەمان لە بزوتنەوەی سەرۆکی فەرمانده صدام حسین لە کونگرەی هاڤانادا گێڕای جێگای ڕێزی هەموو ئەو وڵاتانە بوو لە کونگرەکەدا بەشداریان کرد . سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەمان لە سایەی ڕێبازی ڕاستەقینەو سەر بە خۆی شۆڕشدا لە ماوەی ساڵی ١٩٧٩ دا پلەی عیراقی ئەوەند گەیاندە بەرزی کە شایانی ڕێزی ڕۆڵەکانیەتی ، بشتگیری مەبدەئی شۆڕش بۆ بزووتنەوەی گەلانی بێلایەنو بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان لای هەموان ئاشکرایە ، بە تایبەتی ئەو دەورەی لە بە هێز کردنی پەیوەندی لە گەڵ گەلانی ئەفەریقادا گێڕاومانە .

خۆ بەرامبەر بە مەسەلەی مەرکەزی بزوتنەوەی شۆڕشی عەرەب ـ مەسەلەی فەلەستین ـ ئەوا لە ساڵی ١٩٧٩ دا شۆڕش عیراق لە زۆر لایەنەوە زەخمی بەتینی دا بە بزووتنەوەی بەرگری فەلەستینو پتەو کردنی لایەنی خۆ ڕاگرتن و متمانە کردنی بە خەباتی چەکداری دریژ خایان .

● **لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٩ داو پێشوازی کردنی ساڵی ٩٨٠ دا ، باوەڕمان بەوە هەیە کە عیراقی شۆڕشەکەی زیاتر بەرەو پێشەوە دەچێو دەستکەوتی زیاتری شۆڕشگێڕانە بۆ ختەوەری گەل بەدی دێ .**



Institut Kurde de Paris